٥٠ چیرۆکی پەروەردەیی بۆ منداڵەکەت بخوێنەرەوە

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

ئامادەکردنو وەرگێڕانی

بەرزان ئەبوبەکر

٢٠١٧

پرۆگرامی خوێندنەوە بۆ هەمووان
زنجیرە کتێبەکانی بڕیار «١٩٠»

بە سپۆنسەری
بڕیار
RASAN
Group

٥٠

چیرۆکی پەروەردەیی بۆ منداڵەکەت بخوێنەرەوە

ئامادەکردن و وەرگێڕانی
بەرزان ئەبوبەکر

چاپی یەکەم
٢٠١٧ زاینی

ناوی کتێب: ٥٠ چیرۆکی پەروەردەیی بۆ منداڵەکەت بخوێنەرەوە

ئامادەکردنی: بەرزان ئەبوبەکر

دیزاین: گۆڤاری بڕیار

نۆبەی چاپ: یەکەم

ساڵی چاپ: ٢٠١٧ز - ١٤٣٨ك

تیــراژ: ١٠٠٠ دانە

چاپخانە: پیرەمێرد

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی «١٢٧٦»ی ساڵی «٢٠١٧»ی پێدراوە.

مافی چاپو پەخشکردنی پارێزراوە

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

پێشەکی

دایکانو باوکانی بەڕێز.. مامۆستایانو پەروەشیارانی خۆشەویست.. خەمخۆرانی پەروەردەو دڵسۆزانی منداڵەچاوگەشەکان، ئەم پەرتووکەی بەردەستت لە ٥٠ چیرۆکی پەروەردەیی زۆر بەسوود پێکهاتووە بۆ منداڵەچاوگەشەکان.

- چیرۆکەکانی ئەم پەرتووکە تۆوی ڕەوشتە جوانەکانو بەها بەرزەکان لە ناخی منداڵدا دەچێنن.

- کەسایەتیو ژیریو ڕۆحی منداڵەکەت بەهێز دەکەن، بیرو خەیاڵو هزری فراوان دەکەن.

- زانستو زانیارییان زیاد دەکەن، پەرتووکو خوێندنەوەیان لەلا خۆشەویست دەکەن.. توانای قسەکردنیان بەهێزتر دەکات، دەبنە شارەزای ئێستاو ڕابردوو..

دەکرێت تۆی پەروەرشیار بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکەت، سوودی لێببینیت، شەوانەو بەر لە نووستن بە یەکێك لە چیرۆکەکانی ئەم پەرتووکە، دڵی منداڵەکانت خۆش بکەیتو بەهای بەرزو مانای جوانی ژیانیان لە ناخدا بڕوێنیت، چونکە چیرۆکەکان هەم چێژبەخشن، هەم باشترین ڕێگەن بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانتان، وەك دەزانن منداڵان هەمیشە حەز بە گوێگرتن لە چیرۆك دەکەن، تۆش دەتوانیت لەو ڕێگەیەوە منداڵەکەت ئاسودەو خۆشحاڵ بکەیتو هاوکات پەروەردەیەکی دروستی بکەیت.. دڵنیابن ساتێکی خۆش لەگەڵ ئەم چیرۆکانەدا بەسەردەبەن، لە هەمووی گرنگتر خۆتانو منداڵو خێزانە بەڕێزەکانتان، لە دەوری ئاگردانی خۆشەویستی کۆدەکاتەوە. هیوادارم توانیبێتمان سودێکمان گەیاندبێت بە ئێوەی ئازیز.

بەرزان ئەبوبەکر

٢٠١٧-٣-١١

ناوەرۆك

بەرهەمی ڕاستگۆیی.......... ٧
دانایی گەورەکان! ١٢
وەفاداریی پاشای دارستان.......... ١٧
هەرگیز بۆ سەروو خۆت مەڕوانە!.......... ٢١
حوشترێکی شەل.......... ٢٦
کەس مرۆڤی دووزمانی خۆش ناوێت.......... ٣٠
یەکگرتن هێزە! ٣٣
پرسیارێکی سەرسوڕهێنەر.......... ٣٧
درۆ هەر درۆیە، با یەك وشەش بێت!.......... ٤٢
فێربوونی زمانێکی دیکە.......... ٤٦
هەستەوەرەکان.......... ٥٠
سەرەنجامی دووڕوویی.......... ٥٤
کامتان پادشان؟.......... ٥٨
باشترین هاوڕێ.......... ٦٣
ئیدی هەرگیز سەرپێچی فەرمانەکانت ناکەم!.......... ٦٨
ئەوەی بۆ خۆت پێت خۆشە بۆ براکەشت پێت خۆش بێت؟.......... ٧٢
ئازایەتیت لە کوێیە؟.......... ٧٦
حەزئەکەم بە سەربەستی بژیم!.......... ٨٠
دوو برا.......... ٨٤
گرنگی کارەبا!.......... ٨٩
گوڵی بەختەوەری ٩٣
جوجەڵەیەکی خەمبار.......... ٩٧
کچە نموونەییەکە ١٠١
مشتومڕی نێوان سەوزەکان ١٠٦

پاداشتی چاکە هەر چاکەیە ١١١
وەڵامی خراپە بە چاکە بدەرەوە ١١٦
دوو لاوی زیرەك ١٢٠
کەروێشکێکی ئازا ١٢٥
یارمەتیدانی هەژاران ١٢٩
دەستپاکی........................ ١٣٣
بەرخێکی زیرەك ١٣٨
زیرەکی دوو منداڵ........................ ١٤٣
نهێنی بەختەوەری ١٤٧
سایە شیر ناخواتەوە ١٥٢
پزیشکێکی ئەمین........................ ١٥٧
وەرزش ١٦٢
بۆ منداڵەکەت چیرۆك بخوێنەوە! ١٦٧
ئاڵتونی سپی ١٧٢
پادشایەکی زیرەك ١٧٦
ڕزگاربوون لە ڕاستگۆییدایە ١٨٠
شۆردنەوەی میوە ١٨٣
دەمەوێت ببم بە پزیشك ١٨٦
خواردنی تەواو ١٩١
گوڵەکان لێ مەکەرەوە ١٩٥
شاری کرداره بیرکارییەکان ١٩٩
لێبوردن ٢٠٣
وریابە لە ڕێگەدا ٢٠٧
سێ هاوڕێ ٢١١
لەیەك تێگەیشتن باشترە ٢١٥
هەرگیز جێت ناهێڵم ٢١٩

بەرهەمی ڕاستگۆیی

لە دێر زەماندا شازادەیەك ویستی هاوسەرگیری بکات، بۆ ئەم مەبەستە پرسو ڕاوێژی بە چەندین حەکیمو خاوەن ئەزموون کرد، بۆئەوەی هاوکاری بکەن لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانیدا.. دواجار باشترین بۆچوونی هەڵبژارد کە ئامۆژگاریان کرد لەگەڵ ڕاستگۆترین کچی شاردا هاوسەرگیری بکات، چونکە کەسی ڕاستگۆ هەرگیز ناپاکیت لەگەڵ ناکات، دزی لە سەروەتو سامانت ناکات، هیچ کات درۆت لەگەڵ ناکات، هەموو شتێکت ڕاشکاوانە بۆ باس دەکات.. بۆ ئەم مەبەستە بڕیاری دا ئاهەنگێك بۆ کچانی شارەکەی ساز بکاتو ڕاستگۆترینیان بکاتە هاوسەری ئایندەی، کاتو ساتی ئاهەنگەکە بە تەواوی شاردا ڕاگەیەنرا، ڕۆژو کاتو وادەی ئاهەنگەکە هاتە پێش، کچانی شار هەموو بەپەلەو پەرۆشەوە بەرەو مەیدانو گۆڕەپانی ئاهەنگەکە دەستە دەستە کەوتنە ڕێ،لەو نێوەندەدا کچی خزمەتکارێکی هەژار، زۆر حەزی دەکرد بەشداری ئاهەنگەکە بکاتو ببێتە هاوسەری ئایندەی شازادەو ببێتە خانمی یەکەمی وڵات، بۆ ئەم مەبەستە بڕیاری دا بڕوات بەشداری بکات لەو ئاهەنگەدا، بەڵام دایکی دەترسا لەوەی بڕواتو بەشداری بکاتو دڵی بشکێتو کاریگەری خراپی لەسەر دروست بکات، چونکە بێگومان شازادە لەگەڵ کچانی خاوەن پلەوپایە هاوسەرگیری دەکات، لەبەرئەوە ویستی ڕێگری بکات لە کچەکەیو ڕێگەی نەدات بەشداری ئاهەنگەکە بکات.. بەڵام کچەکەی کەسێکی ژیرو بە ئەزموون بوو، وتی: دایەگیان نیگەران مەبە، خۆ ئەگەر من بەشداری بکەم، هیچ

زیانێك ناكەم، تەنها بەشـــداری ئاهەنگەكـــە دەكەم، دواجار كێ دەڵێت من لە تاقیكردنەوەكەی شـــازادەدا ســـەركەوتن بەدەست ناهێنم، بەوجۆرە قەناعەتی بەدایكـــی كردو ئەویش وەك كچانی شـــار بەرەو ئاهەنگەكە بەڕێكەوت.. لە ڕێگەدا كۆمەڵێك كچی لـــە خۆبایی بینی، هەمووان بە دیتنی كچـــی خزمەتكار كەوتنە توانج لێدانو گاڵتـــە پێكردنی، یەك دەیگوت: تۆ بۆ خۆت ماندوو دەكەیـــت؟ یەكەی دەیگوت: تۆ بڵێی شـــازادە لەنـــاو ئەم هەموو كچـــە خانەدانو جوانو باڵا بـــەرزەدا، كچی خزمەتكارێك بكاتە هاوســـەری خۆی.. ئیدی هەر یەكەو بە جۆرێك توانجی لێ دەدا، بەڵام هیچ كام لەو قســـانە كچی خزمەتكاریان ســـارد نەكردەوە، بەڵكو بەوپەڕی متمانەبەخۆبوونـــەوە وەڵامی دانەوەو وتی: بە بەشـــداری كردنم نە زیانم پێ دەگات، نە زیان بە ئێوەی خانەدان دەگەیەنم، خاتوونەكان..

كاتێك هەمووان گەیشـــتنە شـــوێنی ئاهەنگەكە، شازادە دوای بەخێرهاتـــنو ڕوونكردنەوەی مەبەســـتی ئاهەنگەكە، فەرمانی كرد كە هەر یەك لە بەشداربووان لە كاتی چوونەدەرەوەدا تۆوی گوڵ وەربگرێت، شازادە وتی: دەمەوێت ئەو تۆوانە بڕوێنن، دوای شـــەش مانگی تر بگەڕێنەوە بۆ هەمان شـــوێن، تـــا بزانم كام لە ئێوە توانیویەتی جوانترین گوڵ پەروەردە بكات، بێگومان خاوەنی جوانترین گوڵ هەڵدەبژێردرێتو دەبێتە خانمی یەكەمی وڵات!

هەر یەك لە بەشـــداربووان تۆوەكانیـــان وەرگرتو گەڕانەوە ماڵو دەســـتیان كرد بە ڕواندنی تۆوەكان، كچە خزمەتكارەكەش

که یەکێك بوو لە بەشـــداربووان، تۆوەکەی وەرگرتو گەڕایەوە مـــاڵ، زۆر هەوڵی دا، بـــەڵام هەرچی دەکردو دەکۆشـــا، تۆوەکە نەدەڕوا، هەرچەندە گڵەکەی بۆ دەگۆڕی، ئینجانەکەی بۆ دەگۆڕی، شـــوێنەکەی بۆ دەگۆڕی، هیچ ســـوودی نەبوو، تۆوەکان ســـەوز نەدەبوون، ڕۆژان هاتو چوو، کات تەواو بوو، شەش مانگ تەواو بوو، بەڵام تۆوەکان چۆن وەریگرتبوون، هەر بەو شێوەیە بوون، لەگەڵ ئەوەشـــدا بڕیاری دا بگەڕێتەوە، بۆ ئاهەنگەکەو لە کاتی دیاریکراودا ئامادە بێتو لەبری چەپکە گوڵ، تۆوەکان وەکو خۆی بباتـــەوە، هەرچەندە دایکی هەوڵـــی دا ڕێگەی نەدات بگەڕێتەوە ئاهەنگەکـــە، بەڵام کچەکـــە توانی قەناعەت بـــە دایکی بکاتو وتی: دایەگیان خۆ من هیچ زیانێك ناکەم تەنها بەشداری دەکەمو ئامـــادەی ڕێوڕەســـمەکە دەبم.. لە ڕێگەدا دووبـــارە چاوی کەوت بە دەستەکچانی شـــار، کە هەر یەکەیان گوڵێکی زۆر جوانی بە دەســـتەوە بوو، دووبارە گاڵتەیان بە کچـــی خزمەتکار کردەوەو بە توانجەوە پێیان دەگوت: ســـڵاو لەو گوڵە جوانەی بە دەســـتی خاتوونەوەیە، زۆر جوانە، ئەوە چۆنو لە کام خاكو ئاو گەورەت کردووە؟! بەڵام کچە لە بەشداریکردن پەشیمان نەبووەوە!

هەمووان گەیشتنە مەیدانی ئاهەنگەکە، شازادە سەیری یەك یەك لە گوڵەکانی دەکردو دەستخۆشی لێ دەکردن، کاتێك گەیشتە لای کچی خزمەتکار بە سەرسامییەوە پرسی: ئەوە کوا گوڵەکەی تۆ، بۆچی تۆوەکانت وەك خۆی هێناوەتەوە؟

کچی خزمەکار لە وەڵامی شازادەدا وتی: قوربان زۆر هەوڵم دا

بەڵام تۆوەکان نەڕوان! دەزانن چی ڕووی دا؟

شازادە وتی: پیرۆزت بێت من لەگەڵ تۆ هاوسەرگیری دەکەم!

ئەم قسەیە تەواوی کچانی ئامادەبووی ئاهەنگەکەی سەرسام کرد، هەمووان وتیان ئێمە جوانترین گوڵمان هێناوەتەوە، شازادە کەسێك هەڵدەبژێرێت کە تەنانەت گوڵەکەی چەکەرەشی نەکردووە!

شـــازادە لە وەڵامیاندا وتی: تەواوی ئەو تۆوانەی دران بە ئێوە تۆوی نـــەزۆك بوونو نەدەڕوان، ئێوە ڕاســـتگۆ نەبوون لەگەڵ مندا، هەمووتان تۆوەکانتان گۆڕیوە، تەنها ئەم کچە ڕاستگۆ بووە، منیش دەمەوێت شاژنێکی ڕاستگۆ هەڵبژێرم. ئیدی شازادە لەگەڵ کچی خزمەتکار هاوسەرگیری کردو بووە خانمی یەکەمی وڵات!

پوختە:

- ڕزگاربـــوون، ســـەرفرازی، بەختـــەوەری، ســـەرکەوتن، لـــە ڕاستگۆییدایە، لەبەرئەوە هەمیشە ڕاستگۆ بنو هیچ کات درۆ مەکەن.
- ئەوەی کە کچی خزمەتکارەکەی گەیاندە کۆشـــکی پادشاو بووە خانمی یەکەمی وڵات، ڕاســـتگۆیی بوو، کەواتە ڕاســـتگۆبە دەگەیت بە ئاواتەکانت.
- بڕوابەخۆبـــوونو ورەبەرزی، خاڵێکی گەورەیە کە دەبێت هەرگیـــز لە یـــادی نەکەین، چەنـــد کەس ویســـتیان ئەم کچە پەشـــیمان بکەنەوەو توانجیـــان تێگرت، تا پەشـــیمان بێتەوەو نەهێڵن بەشداری ئاهەنگەکە بکات، بەڵام کەس لەوان نەیانتوانی پەشیمانی بکەنەوە. چونکە متمانەی بە خۆی هەبوو!

دانایی گەورەکان!

لە دێر زەماندا شارێك هەبوو، یاسایەکی یەکجار سەیرو نامۆیان هەبوو، بەپێی نەریتو یاسای شارەکە هەر هاولاتییەکی شارەکە تەمەنی بگەیشتایەتە شەســـت ساڵ، لە شار دوور دەخرایەوەو ڕێگە نەدەدرا لە ناوشارداو لە ماڵەکەی خۆیداو لەگەڵ نەوەکانی خۆیدا بمێنێتەوە.

خەڵکـــی زۆر نیگـــەران بـــوون بـــەو نەریتو یاســـایەو بە دوورکەوتنەوەی دایكو باوکیان یەکجار پەرێشـــان بوون، بەلام پادشای شار کەسێکی ستەمکارو دڵڕەق بوو، کەس لە دانیشتووانی شار نەیدەتوانی سەرپێچی فەرمانەکەی بکات..

ڕۆژێـــك لاوێکی خەڵکـــی ئەو شـــارە کە نـــاوی فەرید بوو، سەرچاوەو بژێوی ژیانی لە ڕێگەی کیشاوەرزییەوە دەستدەکەوت، ئەو جوتیارێکی لێهاتوو بوو، فەرید زۆر بەدڵخۆشی لەگەڵ دایکی ژیانـــی دەگوزەراند، ڕۆژێکیان فەرید بـــە دایکی گوت: دایە گیان هەفتەی ئایندە بەرهەمی کشـــتوکاڵەکەمان پێـــدەگات، دەتوانین بیفرۆشـــینو کەمێك باروگوزەرانی ژیانمانـــی پێ خۆش بکەینو کەلوپەلی پێویست بکڕین.

دایکی وتی: کوڕی شیرینم، بەلام من ناتوانم چیدی لەگەڵ تۆدا ژیان بگوزەرێنم.

کوڕەکەی بەسەرسامییەوە گوتی: بۆچی دایەگیان؟!

دایکی گوتی: من بەساڵاچووم‌و هەفتەی ئاینده تەمەنم دەگاتە (٦٠) ســـاڵ، دەبێت بە دەســـتی خـــۆت لێرەو لەم شـــارە دوورم بخەیتەوە..

فەرید گوتی: نەخێر دایەگیان من هەرگیز شتی واناکەم..

دایکی وتـــی: تۆ ناچاری ئـــەو کارە بکەیت، خۆئەگـــەر ئەو کارە نەکەیت، پادشا بە خراپترین شێوە تۆڵەت لێدەسەنێت‌و سزات دەدات..

ڕۆژەکان تێپەڕیـــن، کاتێك فەرید زانـــی ڕێگە چارەیەك نییە، دەســـتی دایکی گرت‌و لە شار دووری خســـتەوە، کاتێك لە شار دوورکەوتنـــەوەو کاتی ئەوە هات کە فەرید بۆ دواجار ماڵئاوایی لە دایکی بکات‌و بە تەنها جێی بهێڵێت، هەرچەندی کرد نەیتوانی لە دایکی دووربکەوێتەوە، لەبەرئەوە بە چاوی پڕ لە ئەسرینەوە بـــە دایکی گـــوت: دایەگیان من هەرگیز ناتوانـــم تۆ جێبهێڵم، لە درەنگانی شـــەودا پێکەوە دەگەڕێینەوە بـــۆ ماڵەوە، هەوڵدەدەین کەس ئێمە نەبینێت، تۆش لە ماڵ مەیەرە دەرەوە نەبادا هەواڵەکە بگاتەوە بە پادشا.. هەرچۆنێك بێت ئەمە باشترە وەك لەوەی تۆ لێرەدا تەنها جێبهێڵم.

دایك‌و کوڕ بە نهێنی گەڕانەوە بۆ ماڵەوەو نەیانهێشـــت کەس ئاگاداری پلانەکەیان بێت..

کات بە خێرایی گوزەری دەکرد، ڕۆژێکیان پادشـــا ســـەرجەم

جوتیارانی شـــاری بانگهێشت کرد بۆ کۆشـــك، پێی گوتن: چەند شتێکم لە ئێوە دەوێت، هەر کەس نەتوانێت ئەنجامی بدات ئەوە بەشێك لە داهاتەکەی لێدەسەنین.. پادشاش کەسێکی بێ بەزەیی و دڵڕەق بوو، نەیدەزانی ســۆزو بەزەیی چییە.. لەبەرئەوە کەس نەیدەتوانی لە فەرمانی دەربچێت.

داوای کرد هەر یەك لەوان گوریسێکی لە خۆڵەمێش بۆ بهۆننەوە، پەیامەکەی پێڕاگەیاندن و وتی: ئێســـتا هەر کەس بڕواتەوە سەر کارەکەی خۆی و هەوڵی دروستکردنی گوریسەکە بدات، جوتیارەکان گەڕانەوە ماڵەکانیان، ئەگەرچی هەمووان دەیانزانی جێبەجێکردنی ئەو داوایە ئەستەمە، بەڵام چارەیەکی دیکەیان نەبوو!

فەریدیـــش گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، کاتێـــك دایکی کوڕەکەی بینی خەم لە ڕووخساری دەبارێت، پرسی: شتێك بووە؟

فەرید داواکاری پادشای بۆ گێڕایەوە.. دایکی گوتی: ئاسانە من چارەســـەری گونجاوم لایە، تۆ بڕۆ گوریسێك بهێنە، بیئاڵێنە لە بەردێکی لوســـەوە، پاشان گەرمی بکە، تا گوریسەکە دەسوتێت، ئەو کات گوریســـەکە بە بەردەکەوە دەبێت بە خۆڵەمێش، تۆش بەو شێوەیە گوریسەکە ببە بۆ جەنابی پاشا..

فەرید فەرمانەکـــەی دایکی جێبەجێکردو گوریســـەکەی بە بەردەکەوە برد بۆ جەنابی پادشـــا، پادشا بەبینینی زۆر سەرسام

بوو، پرسی: چۆن توانیت ئەو کارە سەختە ئەنجام بدەیت؟

فەریدیش ڕاستگۆیانە گوتی: جەنابی پادشا ئەوە حیکمەتو لێهاتوویی‌و دانایی دایکم بوو، هاوکاری کردم بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکەی تۆ. ئەو کات پادشا زانی کە ئەو بڕیارە نامۆیەی شارەکەی بە دەرکردنی ئەو مرۆڤانەی تەمەنیان دەگاتە شەست ساڵ، بڕیارێکی نالۆژیکی‌و هەڵەیە. هەر لەو ساتەدا بڕیاریدا کە بە هەموو خەڵکی شار ڕابگەیەنن، کە کۆتایی بەو بڕیارە هاتووە، لێرە بە دواوە مرۆڤە بە ئەزموونەکان لە خۆمان دوورناخەینەوە، ئەوان گەنجینەیەکی بە نرخن، پێویستە ڕێزیان لێبگرین‌و سوودیان لێ ببینین، نەك دووریان بخەینەوەو ئازاریان بدەین.

پوختە:

✍ بەساڵاچووان کەسانی بە ئەزموون‌و شارەزان، پێویستە هەمووان ڕێزیان لێبگرین‌و سوودیان لێببینین، هەروەها منداڵی ژیر لە ژێر هیچ پاساوێکدا دایك‌و باوکی جێناهێڵێت.

وەفاداریی پاشای دارستان

لــه دێر زەماندا، گیانــداران پێکەوە لە دارســتانێکدا دەژیان، تەبایــیو هاوڕێیەتی لە نێوانیاندا لە لوتکەدا بوو، جگە لە ڕێوی، کــەس لەوان فێڵو تەڵەکەی نەدەزانــی، ئەوان یەکدییان خۆش دەویســت، پێکەوە بەئاسوودەیی هاوشــێوەی خێزانێك دەژیان.. لــەم چیرۆکەدا، باس لە بەرخێکی بچکۆلانە دەکەین، کە لەگەڵ بەرخێکی دیکــەدا، زۆر هاوڕێیەتییان خۆش بوو، ئەگەر ڕۆژێك یەکدییان نەدیبــا، زۆر بۆ یەکدی بێتاقــەت دەبوون، ڕۆژێکیان هاوڕێی بەرخە بچکۆلانەکە، زۆر نەخۆش بوو، بەرخە بچکۆلەکە بۆ چوونە لای هاوڕێکەی، داوای مۆڵەتی لەدایکی کرد، دایکی وتی: ئێســتا ئێوارەیەو خۆر خەریکە تیشکە زێڕینەکەی ئاوا دەبێت، تاریکایی شــەو باڵ بەسەر ئاسماندا دەکێشێت.. چاوەڕێ بکە، تا سبەی خۆر، بە تیشــکە زێڕینەکەی، ئاسمان ڕووناك دەکاتەوە، ئەو کات پێکەوە دەڕۆین بۆ لای هاوڕێکەتو سەردانی دەکەینو لە تەندرووســتیی دڵنیا دەبین. بەڵام بەرخــە بچکۆلە گوێی بۆ ئامۆژگارییەکەی دایکی نەگرت، بێ پرسی دایکی ڕۆیشتە دەرەوەو بەرەو ماڵــی هاوڕێکەی بــەڕێ کەوت، کاتێك خــۆی بینییەوە، لەنێوەڕاستی دارستان لەنێو کۆمەڵێك درەختی زەبەلاحو چڕوپڕ، هیــچ ماڵێکی بەدی نەکرد، دنیا خەریك بوو تاریك دەبوو، بەرخە بچوکەکە زۆر ترسا، هەر دەگەڕا لێرەو لەوێ، بەڵام هیچی بەدی نەکرد، دەستی کرد بە گریان، لەو کاتەدا مام ڕێوی چاوی کەوت

به بەرخە بچکۆلانە.. وتی: بچکۆلە ئەوە چییە؟ بۆچی دەگریت؟

بەرخـــە بچکۆلە وتی: لـــە نێو ئەم دارســـتانەدا، ڕێگەم ون کردووەو نـــە دەزانم بگەڕێمەوە ماڵی خۆمـــان، نە دەتوانم ماڵی هاوڕێکەم بدۆزمەوە، تکایە هاوکاریم بکە..

مام ڕێوی وەکو پیشـــەی هەمیشـــەیی خۆی، بیـــری لە فێڵێك کردەوە، بڕیاری دا بەرخە بچکۆلە بکات بە دیاری دەستی بۆ شێری پاشای دارستان، وتی: بچکۆلانە وەرە لەگەڵ من، تا بتگەیەنمەوە نێو ماڵی خۆتان. بێگومان ئێستا دایکت چاوەڕێتەو دڵی لە لاتەو خەمبارە بە نەگەڕانەوەت!

مام ڕێوی بەرخە بچکۆلەی گەیاندە ناو ماڵی شێرو وتی: جەنابی پاشا، هیوادارم ئەم دیارییە بچکۆلانەیەم لێ قەبووڵ بکەیت!

بەڵام ئەوەی ڕێوی سەرســـام کـــرد، ئەوەبوو کە دیتی بەرخە بچکۆلانە زۆر خۆشحاڵ بوو، پێی گوت: ئەوە ناترسی؟

بەرخە بچکۆلە لەبری ئەوەی وەڵامی مام ڕێوی بداتەوە، ڕووی لە شای دارستان کردو وتی: من دەناسیتەوە، بەرخە بچکۆلانەم، باوکم حەکیمی دارستان بوو، باوکم بوو هاوکاری کردیت، ئەو کاتەی ڕاوچییەکان ویســـتیان تۆ ڕاو بکـــەن، برینەکەی تیمار کردیت، تا ئەو کاتەی چاك بوویتەوە، ئایا ئەو ڕووداوەت لەیادە؟

شـــێری پاشـــاو بەوەفا: بەڵێ بیرمە، باوکت پیاوێکی بەخشندەو حەکیم بوو، پزیشکێکی لێهاتوو بوو، هەرگیز

ئەو هاوکارییەی باوکت لەیاد ناکەم!

بەرخە بچکۆلانە وتی: پاشا، چۆن یارمەتیم دەدەیت، من ڕێگەم ون کردووەو دەمەوێت یارمەتیم بدەیت؟

شـــێری پاشا وتی: بێگومان من دەتگەیەنمەوە ماڵی خۆتانو بە خانەوادەکەت شادت دەکەمەوە!

مام ڕێوی گوتی: بەڵام جەنابی پاشا.. پاشا ڕێگەی نەدا قسەکەی تـــەواو بکات، وتی: من ناتوانم وەڵامـــی چاکە بە فێڵو تەڵەکەو ناپاکی بدەمەوە.. شێری پاشا لە بێشەکەی هاتە دەرەوەو لەگەڵ بەرخە بچکۆلەکەدا، بەڕێ کەوت بەرەو ماڵی بەرخە بچکۆلانە!

کاتێك گەیشـــتنەوە ماڵەوە، دایکی پێی وت: ڕۆڵەکەم، بۆچی گوێت بۆ ئامۆژگارییەکەم نەگرت؟

بەرخـــە بچکۆلەکە وتی: بمبوورە دایەگیـــان، جارێکی دیکە، هەڵەی وا دووبارە ناکەمەوەو لە ئامۆژگارییەکانی تۆ دەرناچم!

دایکی وتی: ئەگەر چاکەو پیاوەتی باوکت نەبووایە، ئێستا تۆ لەنێو گەدەی شێری پاشادا بوویت!

پوختە:

مندالەچاوگەشـــەکان، لێرەوە بۆمـــان ڕوون دەبێتەوە، کە فەرامۆشکردنی ئامۆژگاریی دایەو بابە، دوچاری ڕووداوی ترسناكو ناخۆشمان دەکات، هیوادارم هەرگیز ئامۆژگارییەکانی دایكو باوکتان فەرامۆش نەکەن، هەمیشەفەرمانەکانیان جێبەجێ بکەن!

هەرگیز بۆ سەروو خۆت مەڕوانە!

هێمــن «لــه پۆلــی پێنجه‌مــی ســـه‌ره‌تایی بـــوو، ڕۆژێکیان به‌سه‌رسوڕمانه‌وه بۆ ئاسۆی هاوڕێی ڕوانی، که له ته‌نیشتی خۆی داده‌نیشت، به پێنووسێکی نوێو جوانو سه‌رنجڕاکێش وانه‌کانی ده‌نووســـییه‌وه، پاشان ســـه‌یرێکی پێنووســـه‌که‌ی ده‌ستی خۆی کردو ئاهێکی هه‌ڵکێشـــاو سه‌رێکی ڕاوه‌شـــاندو به‌حه‌سره‌ته‌وه له‌به‌رخۆیـــه‌وه گوتی: هه‌موو ڕۆژێك ئاســـۆ بـــه جلوبه‌رگێکی نوێو پێنووســـێکی نوێوه ده‌رده‌که‌وێت، خۆزگه منیش وه‌کو ئه‌و ده‌وڵه‌مه‌ند بوومایه‌و بمتوانیایه هه‌ر ڕۆژه‌ی به پێنووســـێکی نوێ بنووســـم.. پاشان گوتی: خودایه بۆچی من له خێزانێکی هه‌ژارو نه‌دارو که‌مده‌رامـــه‌ت له‌دایك بووم؟؟!! بۆچـــی ژیانو گوزه‌رانی زۆرینه‌ی هاوڕێکانم ژیانێکی لێوان لێوه له ســـه‌روه‌تو ســـامان! به‌ڵام من منداڵی ماڵێکی هه‌ژارمو بێبه‌شـــم له‌و هه‌موو خۆشیو ڕه‌فاهیه‌تو خۆشگوزه‌رانییه»!!

چه‌نده حه‌زم ده‌کرد جلوبه‌رگی منیش وه‌کو جلوبه‌رگی ئه‌وانو پێنووسی منیش هاوشێوه‌ی پێنووسه‌کانی ئه‌وان بێتو هه‌روه‌کو هاوڕێکانم پاسکیلو یاریو پله‌یسته‌یشنو تۆپی باشم هه‌بووایه!

له‌ناکاو خه‌یاڵاته‌کانی پچڕاو هاته‌وه نێو پۆل، بیری له قســـه‌و ئامۆژگاریی مامۆستاکه‌ی کرده‌وه که هه‌میشه ده‌یگوت: (ڕۆڵه‌کانم، هه‌رگیز مه‌ڕوانن بۆ ســـه‌روو خۆتان، به‌ڵکو بڕوانن بۆ ئه‌وانه‌ی

له خوار ئێوەن‌و باروگوزەرانیان له ئێوه خراپتره)!

هێمن کاتێك ئەم ئامۆژگارییەی بەبیر هاتەوە، به خۆی گوت: بەسه بۆ من که فێرخوازێکی سەرکەوتووم، ڕاسته من له ڕووی ئابوورییەوە، له ماڵێکی هەژاردا ژیان دەگوزەرێنم، بەڵام له ماڵێکدام که لێوانلێوه له سۆزو میهرەبانی، که بنەمای ماڵەکەمان لەسەر خۆشەویستی‌و ڕێزگرتن‌و ئاسوودەیی بنیاتنراوە! پاشان زەردەخەنەیەکی کردو بەئاگا هاتەوە، ترسا لەوەی کەسێك چاوی لێبوو‌بێت که خەیاڵی ڕۆیشتووە، دوای تەواوبوونی دەوام، هێمن بەخێرایی بەرەو ماڵ ڕۆیشتەوە، بەڵام جیاواز له ڕۆژان، ئەمڕۆ نیگەران‌و خەمبار بوو، کاتێك گەیشتە ماڵەوە، جانتاکەی فڕێ داو سەری خستە سەر ئەژنۆکانی‌و دەستی کرد به گریان!

دایکی زۆر هەوڵی دا هێوری بکاتەوە، لێی پرسی کوڕی شیرینم، چی ڕووی داوه بۆچی دەگریت؟

هێمن گوتی: هیچ شتێك نەبووە، تەنها کەمێك سەرم ئازاری هەیە!

دایکی ڕۆیشت، چایەکی گەرمی بۆ هێنا، بەڵام ئەسرینەکانی هێمن وەکو دڵۆپەباران هۆنهۆن دەهاتنە خوارەوە، پاشان هێور بووەوەو کەمێك بیری کردەوەو دووباره له خۆی پرسی: بۆچی ئەم کارەم کرد، له کاتێکدا خودا فەرمانی کردووە، که دەستپاك‌و ئەمیندار بین‌و یەکدیمان خۆشبوێت! دواتر بەهێواشی جانتاکەی

کردەوەو سەیرێکی کرد، پێنووسە سوورە لەعنەتییەکەیە!

هەوڵی دا بیگرێت بە دەستییەوە، بەڵام هەستی دەکرد پارچەیەك ئاگری بە دەستەوەیە! جانتاکەی داخستەوەو چەندجارێك سەری ڕاوەشاندەوە!

بە خۆی دەگوت: باشە ئەگەر سبەی ئاسۆ پرسی: ئایا تۆ پێنووسە تازەکەی منت نەبینیوە، چی پێبڵێم؟ بەدەم ئەو قسانەوە چاوەکانی چووە خەوو بەتەواوی خەوی لێکەوت!

بۆ سبەی کاتێك بە ئاسۆ گەیشت لە قوتابخانە، نەك هەر پرسیاری پێنووسەکەی لێ نەکرد، بەڵکو بە ڕوویەکی خۆشەوە، پێشوازی لێکردو بانگهێشتی کرد بۆ خوانی ئێوارە! پاشان هێمن سەیرێکی ئاسۆی کردو لەبەرخۆیەوە گوتی: ئەگەر دەزانیت ئەو کەسەی بانگهێشتی دەکەیت، دوێنی چی لەگەڵدا کردوویت؟

خۆ ئەگەر بتزانیایە چ تاوانێکی بەرامبەر کردوویت، هەرگیز بانگهێشتت نەدەکرد؛ چونکە هێمنی هاوڕێت دزە، جەردەیە! دزی لێکردوویت!

دوای تەواوبوونی دەوام، هێمن گەڕایەوە ماڵەوە، بەڵام ئەمڕۆ حاڵی کەمێك باشتر بوو لە دوێنێ، داوای مۆڵەتی لە دایكو باوکی کرد؛ تا ڕێگەی بدەن؛ بۆ ئێوارە بڕوات بۆ دەعوەتەکەی ماڵی ئاسۆی هاوڕێی!

دایكو باوکی ڕێگرییان لێ نەکرد، بەپێچەوانەوە بڕێك

پارەشـــیان پێ دا؛ بۆئەوەی دیارییەکی خنجیلانە بۆ ئاسۆی هاوڕێی بکڕێت، هێمن بەم هەڵوێســـتەی دایكو باوکی، زۆر دڵخۆشـــبوو، پاشـــان دیارییەکی بۆ ئاسۆ کڕی، دواتر پێنووسەکەی بە دەستەوە گرتو نووسی هاوڕێی ئەزیزم ئاسۆ: هیوادارم خۆتو خانەوادەت هەموو ساڵێك پێکەوە بە خۆشی ژیان بگوزەرێنن.. هیوای ژیانێکی ئاســـوودەو لێوانلێو لە ســـەرکەوتنو بەختەوەریت بۆ دەخوازم، هاوڕێکەم دەزانم کاتێك ئەم دیارییە ســـادەیە هەڵدەپچڕی سەرت ســـوڕدەمێنێت؛ چونکە لەگەڵ دیارییەکەمدا، پێنووسێکی سوری جوان دەبینیت، لە ڕاستیدا نازانم چی بڵێم؛ چونکە لە شەرمەزاریدا دەتوێمەوە! تکات لێدەکەم بمبوورە لەو هەڵەیەی کردم!

بۆ ڕۆژی دواتر هێمنو ئاسۆ سەرقاڵی شیکاری ڕاهێنان بوون، هەر یەکێکیان بە پێنووسێکی سوری تازەو جوان! زەردەخەنە لە چاوەکانیان دەباری!

پوختە:

✍ مرۆڤ شـــایەنی هەڵەکردنە، بەڵام مرۆڤی ژیر هەر زوو لە هەڵەکەی پەشـــیمان دەبێتەوەو دان بە ڕاستییەکاندا دەنێتو هەرگیـــز هەڵەکان دووبـــارە ناکاتەوە! هیـــوادارم تۆش هەرگیز هەڵەکان دووبارە نەکەیتەوەو دان بەڕاستییەکاندا بنێیت!

حوشترێکی شەل



جارێکیان حوشترێکی شەل بیستی کە حوشترەکانی ناوچەکە بە نیازن پێشبڕکێیەك ئەنجام بدەن، بۆ ئەم مەبەستە بڕیاری دا بەشداری پێشبڕکێکە بکات، سەرەڕای ئەوەش کە قاچێکی تەواو نییەو شەلە.

بۆ ڕۆژی دواتر داوایەکی پێشکەشی لیژنەی ناونووسین کرد تا ناوی تۆمار بکەن لە لیستی پێشبڕکێکاراندا، لیژنەی ناونووسین داوای ئەم حوشترە شەلەیان زۆر لا سەیرو نامۆ بوو!

حوشترەکەش پێی وتن: بۆچی سەرتان سوڕماوەو داواکەم بە نامۆ دەزانن؟ من خێرام لە ڕۆیشتن‌و جەستەشم بەهێزو پتەوە!

لیژنەکە ترسان لەوەی کە دووچاری زیانێك ببێت لە کاتی پێشبڕکێکەدا، بەڵام لەسەر داواو بەرپرسیاری خۆی ناویان تۆمارکرد.

ڕۆژی پێشبڕکێ هاتە پێش، حوشترەکان هەموو لە گۆڕەپانی پێشبڕکێ ئامادەبوون، کاتێك ئەم حوشترە شەلەیان بینی کە دەیەوێت بەشداری بکات لە پێشبڕکێکەدا، هەمووان گاڵتەیان پێکرد..

حوشترە شەلەکەش لە وەڵامیاندا وتی: لە کۆتایی پێشبڕکێکەدا دەبینین کە کێ بەهێزو خێرایەو دەتوانێت پێشبڕکێکە بباتەوە!

پێشبڕکێ دەستی پێکرد، حوشترەکان وەکو تیر دەرچوون،

حوشترە شـەلەكەش لە دواى هەموويانەوە بوو!

بەڵام ورەى دانەبەزىو زۆر بە ئارامىو لەســـەرخۆيى ڕێگەى دەبڕى، چونكە ئەگەر خێرا بڕۆيشـــتايە قاچەكانى تووشى ئازار دەهاتن..

حوشترەكانى ديكەش بە چياكەدا هەڵگەڕان، چياكە زۆر بەرز بوو، ڕێگايەكى هەورازو دوورووودرێژ بوو..

حوشـــترە لاوەكان هەوڵيانـــدا بە خێرايى بە ســـەر چياكەدا هەڵگەڕێن، بەڵام زۆر ماندووبوون.

هەندێكيان لە ئەنجامى ئەو ماندوێتييەيان كەوتنە خوارەوە، هەندێكى تريان نەيانتوانى چيدى بەردەوام بن لەسەر ڕۆيشتن، هەربۆيە بڕيارى گەڕانەوەيان داو پاشەكشـــەيان لە پێشبڕكێكە كرد.

حوشترە شـەلەكەش بە هێواشـــىو بێ خۆ ماندووكردنو بە متمانە بە خۆبوونەوە بەردەوام ڕێگەى دەبڕى!

زۆربەى حوشـــترەكان پێش ئـــەوەى بگەنـــە لوتكەى چياكە پاشەكشـــەيان كرد، ئەو حوشترانەى كە توانيان بگەنە لوتكەى چياكە ژمارەيان زۆر كەم بوو، ئەوانيش زۆر ماندووبوون، لەسەر لوتكەى چيا كەوتنە سەر گازى پشت، تا كەمێك پشوو بدەن..

حوشترە شەلەکەش کە بەوپەڕی بڕوا بە خۆبوونو ئارامییەوە ڕێگەی دەبڕی، تا گەیشـــتە لوتکەی چیاکە. چونکە لەسەرخۆو بەردەوام ڕۆیشـــتبوو هەستی بە ماندوویەتییەکی ئەوتۆ نەکرد، هەربۆیە بێ پشوودان بەرەو خوار بوویەوەو گەڕایەوە بۆ شوێنی دیاریکراو..

ئەو حوشـــترانەش کە لە پشوودابوون ئاگایان لە گەڕانەوەی حوشترە شەلەکە نەبوو تا گەیشتە خوارەوەی چیاکە..

ئیدی زۆر هەوڵیاندا تا پێی بگەنەوە، بەڵام نەیانتوانی...

بوو بە یەکەم حوشتر کە گەیشتە کۆتایی پێشبڕکێکە...

کاسەی پاڵەوانێتییەکەی بردەوەو زۆر شانازی بە خۆیەوە دەکرد...

پوختە:

✍ منداڵانی ئازیز، هۆکاری ســـەرکەوتنی حوشـــترە شەلەکە سێ خاڵی سەرەکی بوو، کە وای لە حوشترەکە کرد پێشبڕکێکە بباتەوەو سەرکەوتن بە دەست بهێنێت:

✍ بڕوا بە خۆبوون.

✍ بەردەوام بوون.

✍ پەلە نەکردنو ئارامگرتن.

کەس مرۆڤی دووزمانی خۆشناوێت

ڕۆژێکیان داپیرە وەك هەمیشە لە ژوورەکەی خۆی دانیشتبوو، نەوەکانی لێی کۆبوونەوەو داوایان لێکرد کە چیرۆکێکی خۆشیان بۆ بگێڕێتـــەوە، داپیـــرەش زەردەخەنەیەکی کـــردو وتی: لە دێر زەمانـــدا کوڕێك هەبوو ناوی نەژاد بوو، نەژاد لە نێو هاوڕێکانیدا بە کەسێکی دووزمانو ســـیخوڕ ناوبانگی دەرکردبوو، هەمووان ڕقیان لە نەژاد بوو، کەس خۆشـــی نەدەویست، بەردەوام خۆیان دوورەپەرێز دەگرت لە نەژادو هاونشینیو هاوڕێیەتیان نەدەکرد..

نـــەژاد لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیـــدا زۆر خراپ مامەڵەی دەکـــرد، هەر کات باوکی لـــە کار دەگەڕایەوە، بـــە هەڵەداوان دەڕۆیشت بۆ لایو دەیگوت: بابە فلان ڕۆنەکەی ڕشت، خوشکە گەورەکەم گوڵەکەی شـــکاندەوە، بـــرا بچووکەکەم پەردەکەی دڕانـــد.. لە قوتابخانـــەش نەژاد هەواڵی تـــەواوی هاوڕێکانی بۆ مامۆســـتاکای باس دەکرد، هەر مامۆســـتایەك دەهاتە ژوور، نەژاد هەڵدەستاو دەیگوت: فلان قوتابی ئەرکی ماڵەوەی نەنوسیوەتەوە، فلان کەس خوشـــکەکەی بابەتەکەی بۆ نووســـیوەتەوە، فیسارە قوتابی زۆر هاروهاجە، ئەوەشـــیان کتێبەکەی دڕاندووە، ئەوی دیکەیان دەرگاکە بە قایمی داخستووە... هتد.

نەژاد لەسەر ئەم نەریتە خراپەی بەردەوام بوو، دەزانن چی ڕوویدا ڕۆڵەکانم؟ لە کۆتاییدا ڕاجح بە تەنها مایەوە، خۆشەویستی مامۆستاو هاوڕێکانی لە دەســـت دا، خۆشەویســـتیو ڕێزی خوشكو براکانی لە دەستچوو، هیچ کام لە دراوسێو کوڕانی گەڕەك خۆشیان نەدەویست..

ئایا کەستان بینیوە کەسی دووزمانو سیخوڕی خۆشبووێت؟ کەســـتان بینیوە ڕێز لە کەســـێك بگرێت کە هەمـــوو نهێنیو هەواڵێکی هاوڕێکانی بۆ مامۆستاکانی بگێڕێتەوە؟

ڕۆژێکیان لە وانەی زانســـت دا، نەژاد زۆر خەمبارو بێتاقەت بوو، مامۆســـتای زانست لێی پرســـی: نەژاد بۆچی وا بێتاقەتو خەمباریی، شتێك ڕووی داوە؟

نەژاد لە وەڵامدا وتی: مامۆستاگیان، یەك هاوڕێم نەماوە، یەك کەس منی خۆشناوێت، هیچ کەس ئامادە نییە یاریم لەگەڵدا بکات، تەنانەت کەس لەگەڵیشـــمدا دانانیشێت.. هەمووان لە من دوور دەکەونەوە، بە خێسەوە سەیرم دەکەنو گاڵتەم پێدەکەن.

مامۆستای زانست وتی: نەژاد من چەندجار ئاگادارم کردیتەوە، کە واز لـــەم نەریتە خراپە بهێنیت، چەندجـــارم وت: ئەوەندە سکاڵا مەکەن ئەوەندە قسە مەگێڕەوە، بەڵام تۆ هەر سوربوویت لەســـەر ئەم نەریتە خراپەت، تا دواجار ئەوەت دوورییەوە کە چاندوتە، تاڵاوی ڕەفتارە خراپەکانت دەنۆشیت.

مامۆســـتا وتی: نەژاد دەتوانیت لە ئێستاوە سەرەتایەکی تازە بۆ خۆت دروست بکەیتو واز لە نەریتە خراپەکان بهێنیتو دەست بکەیت بە هەڵسو کەوتی جوانو ڕەفتاری شیرین، بە دڵێکی پاكو جوانەوە دەست پێ بکە، دڵنیام دوای ماوەیەك دەتوانیت خۆشەویستی هەموو هاوڕێو کەسو کارەکەت بەدەست بهێنیتەوە.

پوختە:

- کەسانی دووزمانو سیخوڕ، هیچ کەس خۆشی ناوێن.
- دواجـــار ئەو کەســـانە خەڵکی لێیـــان دووردەکەونەوەو بەرهەمی ئەوەی چاندوویانە دەیدوورنەوە.
- لە کۆتاییدا مرۆڤ دەتوانێت خووە خراپەکانی بگۆڕێت بە نەریتو خووی باشو بەسوودو متمانە بۆ خۆی دروست بکاتەوە.

یەکگرتن هێزە!

مێروولەیەکی بچکۆلانە لەگەڵ خێزانەکەیدا بە بەختەوەری ژیانـــی دەگوزەراند، ڕۆژان هاتو چـــوو، مێروولەبچکۆلەکە بە بیری دا هات کە ئیدی گەورە بووەو پێویستە بڕوات بۆ دارستانو لە شوێنێکی ئارام بە تەنها ژیان بگوزەرێنێت، چونکە قەرەباڵغیو ژاوەژاوی ئەندامانی خێزانەکەی ئەویان بێزار کردبوو.

لەبەرئـــەوە حەزی دەکرد دوور لـــە ژاوەژاوو قەرەباڵغی، بە تەنهاو لە شـــوێنێکی ئارام ژیان بگوزەرێنێت، بۆ ئەم مەبەستە بڕیاری دا لە ماڵ بڕواتە دەرو بەرەو دارستان ڕێگە بگرێتە بەرو بە دوای ماڵێکی ئارامدا بگەڕێت، ئەو پێی وابوو ئەگەر بە تەنها ژیان بگوزەرێنێت زۆر باشـــترو ئاسوودەترە، وەك لەوەی لە نێو قەرەباڵغی ئەندامانی خێزانەکەیدا بێت.

شـــەوێکیان کاتێك بینی دایکیو خوشكو براکانی نووستوون، بە ئەســـپایی هەڵساو ماڵەکەی جێهێشـــت، لە کاتێکدا نەریتی مێروولەکان وەها بوو کە بۆ هەر کوێ بڕۆیشـــتنایە پێکەوە بە کۆمەڵ دەڕۆیشتن!

لەبەر خۆیەوە دەیگوت: ئەگەر من بە تەنیا لە ماڵ دەربچمو بە تەنیا بژیم، ئەوا باشتر چێژ لە ژیان دەبینمو ئاسوودەتر ژیان دەگوزەرێنم، دواجار لە ماڵ چووە دەر، بەلای ڕاستو چەپی خۆیدا دەیڕوانی، هیچ

کەس و شـــتێکی بەدی نەکرد، کەش و هەوا ئارام و هێمن بوو. کاتێك لە دارســـتان نزیك بووەوە گوێی لە دەنگێك بوو، تا دەهات دەنگەکە نزیکتر دەبووەوە، لە ناکاو قاچەکانی ئاڵا لە داوی جاڵجاڵۆکەیەکەوە، هەرچەنــد هەوڵــی دا نەیتوانی خۆی ڕزگار بــکات. بە خۆی گوت: ئەمە چی بوو، تۆ بڵێی کەوتبمە نێو داوی جاڵجاڵۆکەوە، لەو ساتەدا جاڵجاڵۆکەکە وەدەرکــەوت و بە پێکەنینەوە، وتــی: خواردنی ئەم شەوم دەستکەوت، ئەمشەو بە برسێتی نامێنمەوە.

مێرووولەکەش قیژاندی گوتی: نەخێر، نەخێر دوورکەوەرەوە لێم، دایە.. دایە... خوشکەکانم، براکانم فریام کەون!!

دایکی مێرووولەکە هەســـتی کرد دەنگێك لـــە دوورەوە دێت، کاتێك ســـەیری بێچووەکانی کـــرد، زانی یەك لـــە بێچووەکانی ڕۆیشـــتۆتە دەرەوە، لەبەر ئەوە هەمووانی هەڵســـاندو پێکەوە بەرەو دەنگەکە ڕۆیشتن..

کاتێك بینیان وا خوشـــکەکەیان بە دەســـت جاڵجاڵۆکەیەکەوەیە، هەمووان هێرشیان کردە سەر جاڵجاڵۆکەکەو خوشکەکەیان لە دەست دەرهێناو ڕزگاریان کرد، دواتر پێکەوە گەڕانەوە بۆماڵەکەی خۆیان.

مێرووولەکە ڕووی کـــردە دایکی و خوشـــك و براکانی و داوای لێبوردنی لێکـــردن و پێی وتن: ئیدی هەرگیز بـــە تەنها ناڕۆمە

دەرەوە، ئێستا مانای پێکەوە ڕۆیشتنە دەرەوە دەزانم! ئێستا دەزانم پێکەوە بوونمان واتە پاراســـتنی ژیانمان، ئیــدی دەزانم ئێوە بۆ مــن چەندە گرنگن! دەزانم گەر هەمــووان پێکەوە بین، دوژمن ناتوانێت زیانمان پێ بگەیەنێت! چونکە ئێمە گەر بە تەنها بین، توانای ڕووبەڕووبوونەوەی دوژنمان نییە!

پوختە:

✍ منداڵە خۆشەویستەکان.. ژیانی مرۆڤەکانیش هاوشێوەی ژیانــی مێروولەکانە، ئێمە ناتوانین بە تەنهــا ژیان بگوزەرێنین، پێکەوە بونمان مانای جوانتر بە ژیان دەبەخشێو لە زیانو ترسی ناحەزان بەدوور دەبین.

✍ بزانن شەقامو کۆڵانەکان کەسانی ناحەزو ناتەندروستی لێیە، باشـــترە بێ پرسی باوکو دایکمان لەماڵ دوور نەکەوینەوە، چونکە تۆی منداڵ هێشتا ناتوانیت ڕووبەڕووی گرفتو نارەحەتیو ئەو بەربەستانە ببیتەوە کە دێنە ڕێت.

✍ پێویســـتە تۆی منداڵ بەرپرسیارانە مامەڵە بکەیتو نرخی پێکـــەوە بوونو ژیانی خێزانیتان بزانیـــت.. دڵنیابە هیچ کەس بە وێنەی دایکو باوکت دڵســـۆزو دۆســـتی تۆ نین! تۆش ڕێزیان لێ بگرەو هەرگیز لەوان دوور نەکەویتەوە.

پرسیارێکی سەرسوڕهێنەر

له دێرزەماندا پادشـــایەك هەبوو، کەســـانی زیرەكو بیرتیژو لێهاتـــووی زۆر خۆش دەویســـت، بـــۆ ئەم مەبەســـتە بەردەوام پرســـیاری لە وەزیرو کەسانی چواردەوری دەکرد، پرسیارگەلێك کە زیرەکی، لە کەسانی نازیرەك جیا دەکردەوە.

ڕۆژێکیان جەنابی پادشـــا، وەزیرە بەتەمەنەکەی بانگهێشت کرد بۆ کۆشـــكو پێی وت: پرســـیارێکت لێ دەکەم، پێنج ڕۆژیش مۆڵەتت پێ دەدەم، ئەگەر لەو ماوەیەدا وەڵامەکەت زانی، ئەوا تۆ لە هەمان پلەوپایەی خۆتدا دەمێنیتەوە، خۆ ئەگەر لەو ماوەیەدا وەڵامەکەت نەزانی، ئەوا تۆ لە پۆســـتەکەت دوور دەخرێیتەوە، واتە: چیدی وەزیر نامێنیت.

پاشان پادشـــا پرسیارەکەی بەم شـــێوەیە ئاڕاستە کرد: ئەوە چییە دەڕواتو قاچی نییە، کاتێکیش ڕۆیشـــت کەس نازانێت بۆ کوێ دەڕوات؟

وەزیرە بەســـاڵاچووەکەی بە بیســـتنی ئەم پرسیارە سەختە نیگـــەران بوو؛ چونکە وەڵامەکەی نەدەزانـــی، بەخەمباری ملی ڕێگەی گرتو گەڕایەوە بۆ ماڵ.

هاوکات جەنابی وەزیر سێ کوڕەزای هەبوو، ڕۆژانە سەردانیان دەکردو هەواڵیان دەپرسی، لەو کاتەدا کوڕەزا گەورەکەی کە بۆ

دیدەنی باپیری هاتبوو، بەپەرۆشـــەوە هەواڵی پرسی، بەڵام بینی باپیری زۆر سەرقاڵو خەمبارە، وتی: باپیرە شتێك ڕووی داوە؟

باپیری وتی: پادشـــا پرســـیارێكی قورســـی لێ كـــردووم، كە وەڵامەكەی نازانم، ئەگەر نەشـــتوانم لە ماوەی دیاریكراودا، وەڵام بدەمەوە؛ ئەوا لە پۆستەكەم دوورم دەخاتەوە.

كوڕەزاكەی وتی: پرســـیارەكە چییە، كـــە تۆ ناتوانیت وەڵامی بدەیتەوە؟

باپیری وتـــی: دەڕواتو قاچی نییە، كاتێكیش ڕۆیشـــت كەس نازانێت بۆ كوێ دەڕوات؟

كوڕەزاكەی وتی: خەمبـــار مەبە، خۆت نیگەران مەكە باپیرە گیان، هەر لە بنەڕەتدا ئەو پرســـیارە وەڵامی نییە؛ چونكە هیچ شتێك بەبێ قاچ ناتوانێت بڕوات، تۆ ئەمڕۆ لە كار ماندوو بوویت، ئێستا كاتی پشووە، كەمێك بە ئارامی چاوەكانت لێك بنێو پشوو بدە.

پاش ئەم وتووێژە، كوڕەزای دووەمی هات بۆ لای بە مەبەســـتی دیدەنیو هەواڵپرســـین، دووبارە ئەویـــش كاتێك چاوی بە باپیری كەوت، كە خەمبارو بێتاقەتە، لە هۆكارەكەی پرســـی، باپیریشی چیرۆكەكەی بۆ گێڕایەوە.

کوڕەزای دووەمیشی بە هەمان شێوە وتی، هیچ شتێك بەبێ قاچ ناڕوات، ئەم پرسیارە بەهانەیە، پادشا دەیەوێت لە پۆستەکەت دوورت بخاتەوە، ئەمەی کردووە بە بیانوو.

بۆ ڕۆژی دواتر کوڕەزای سێیەمی سەردانی باپیری کرد، بە هەمان شێوەی ڕۆژی پێشوو چیرۆکەکەی بۆ کوڕەزای سێیەمی گێڕایەوە.

ئەم کوڕەزایەی جیاواز لەوانی دیکە، بە باپیری وت: باپیرە سێ ڕۆژ مۆڵەتم پێ بدە بۆ دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارەکە، دواتر کوڕەزاکەی باپیری جێهێشت و بە شوێن وەڵامی پرسیارەکەدا ڕۆیشت بۆ کتێبخانەی شارو بە نێو پەڕاوەکانی کتێبەکاندا عەودالی دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارەکە بوو.

سێ ڕۆژ تەواو بوو، کوڕەزاکەی بە دڵخۆشییەوە گەڕایەوە بۆ لای باپیری، پێی وت: باپیرە گیان نیگەران مەبە، وەڵامەکەم دۆزییەوە، باپیری لە خۆشیدا شاگەشکە بوو، وتی: کوڕم پێم بڵێ، وەڵامەکە چییە؟

کوڕەزاکەی وتی: باپیرە (خۆر ڕووناکی دەبەخشێت، ڕووناکییەکەیشی دەڕوات بۆ هەر جێگەیەك بیەوێت، قاچیشی نییە، کاتێك ڕووناکییەکەی دەڕوات، کەس نازانێت بۆ کوێ دەڕوات).

هەمووان لە خۆشـــیدا بە یەك دەنـــگ هاواریان کردو وتیان: قاچی نییەو دەڕواتو کەس نازانێت بۆ کوێ دەڕوات.

دواتـــر باپیری بـــە کوڕەزاکەی وت: کوڕم چـــۆن توانیت ئەم وەڵامە دەست بخەیت؟

کوڕەزاکەی وتی: لەو ســـێ ڕۆژەدا سێ کتێبم خوێندەوە، لەو کتێبانەدا وەڵامی پرسیارەکەم دەست کەوت.

جەنابی وەزیر وتی: زانســـت ڕووناکییە، پەرتووکیش نهێنی بەختەوەرییە.

جەنابی وەزیر زۆر بە دڵخۆشـــییەوە ملی ڕێگەی بەرەو کۆشکی پاشا گرتەبەر، چووە لای پادشاو وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە، بەمەش لە پۆســـتەکەی خۆیدا مایەوە، بەڵام لـــەو ڕۆژە بەدواوە هەرگیز لـــە کتێـــبو خوێندنەوە دانەبـــڕا، کتێب بووە هـــاوڕێو هاودەمی هەمیشەیی؛ چونکە کتێب بووە هۆکاری مانەوەی لە پۆستەکەیدا.

پوختە:

✍ وەڵامی هەموو پرسیارە ئاستەمەکان لە نێو کتێبەکاندا دەست دەکەوێت، کەواتە تۆش ببە بە هاوڕێی کتێبو هەرگیز لێی دامەبڕێ..

✍مرۆڤ لە هەر پلەو پایەیەکدا بێت، پێویســـتی بە زانســـتو زانیاری نێو کتێبەکان هەیە! زانست خوازبە، لە بێشکەوە تامردن!

درۆ هەر درۆیە،

با یەك وشەش بێت!

له دێر زەماندا، شازادەیەك هەبوو، پادشای باوكی كۆچی دوایی دەكاتو ماڵاوایی لە ژیان دەكات، شا تەنها شازادەیەكی مێردمنداڵی لە دوای خۆی جێهێشـــت، بەڵام لە پێش مردنیدا مامۆســـتایەكی تایبەتـــی بۆ دابین كردبوو؛ بۆئەوەی فێری وانەكانی ژیانی بكاتو بـــەردەوام چاودێری بكات، بەمەبەســـتی پاراســـتنی لە ناحەزو دوژمنەكانی، تا ئەو كاتەی بەتەواوی گەورە دەبێت.

كاتێكیش شـــازادە بە تەواوی گەورە بـــوو، داوای لە جەنابی مامۆســـتا كردو پێی گوت: تكایە جێم مەهێڵە، باوكم وەســـیەتی بـــۆ كردووم، كە هەرگیز واز لـــە ئامۆژگاریو حیكمەتەكانی تۆ نەهێنـــم؛ چونكە تـــۆ پەروەردەكارێكی لێهاتوویـــت، زیاتر فێری وانەكانی ژیانم بكە، جەنابی مامۆستاش داواكارییەكەی شازادەی پەســـەند كردو لە كۆشكدا لەگەڵ شازادەدا مایەوە؛ تا بەردەوام وانەی داناییو حیكمەتی فێر بكات.

ڕۆژێكیان شـــازادە لەگـــەڵ پیاوماقووڵانی شـــار كۆبوویەوە، لە دانیشـــتنەكەدا مامۆســـتاكەی ئامادەبوو، بەڵام جگـــە لە چاودێریی شازادە هیچ قسەیەكی نەكرد، دوای ئەوەی كۆبوونەوەكە تەواو بوو، پیاوماقووڵانی شار كۆشكیان جێ هێشتو لە دیوەخانی كۆشكدا، تەنها مامۆستاو شازادە مانەوە، شـــازادە بە مامۆستاكەی گوت: بۆچوونت چی بوو لەسەر دانیشتنی ئەمڕۆمان لەگەڵ پیاوماقووڵانی شار؟

مامۆســـتاكەی گوتی: زۆر بەداخەوە، قســـەكانت جوان بوون،

بەڵام ببوورە قســـەیەکت کرد کە ڕاست نەبوو! شازادە دەستی بە پێکەنین کردو گوتی: تەنها قســـەیەك هیچ نییـــە، واتە: درۆیەك بە تەنها کێشـــە نییە، شـــازادە ئەو ڕۆژەی بەڕێ کردو شـــەوگار داهات، ڕۆیشـــتە ژووری نووســـتنەکەیو بەئارامی خەوت، بەڵام مامۆستا ئەو شەوە خەو نەچووە چاوەکانی؛ چونکە هەستی دەکرد بەشێکی تاوانی ئەو درۆیە، دەکەوێتە سەرشانی ئەو؛ لەبەرئەوەی شازادە لەسەردەستی مامۆســـتا پەروەردە بووە، بەردەوام بیری لە ڕێچارەیەك دەکردەوە، تا شـــازادە فێر بـــکات، درۆ ئەگەرچی کەم بێت، یان بچووك بێت، هەر پێی دەگوترێت درۆ. چونکە مرۆڤ لە درۆیەکەوە فێری درۆی زۆرترو گەورەتر دەبێت. کاتێك بۆ سبەی خۆرهەڵات، مامۆســـتا لە ژوورەکەی چووە دەرەوەو ڕۆیشـــت بۆ گەنجینە ئاڵتوونییەکەی پادشا، سکەیەکی ئاڵتوونی لە گەنجینەکە هەڵگرت، دەرگای خەزێنەکەی داخســـتەوەو بـــەرەو ژوورەکەی خۆی گەڕایەوە، لە کاتی گەڕانەوەیدا پاســـەوانێکی پاشا چاوی پێ کەوتو بینی سکەیەکی ئاڵتوونی پێیە، بە پەلە خۆی گەیاندە لای پادشاو پێی گوت: کە مامۆستاکەی سکەیەکی ئاڵتوونی هەڵگرتووە!

پادشا گوتی: مامۆســـتام بۆ بانگهێشت بکەن، مامۆستا هات بۆ لای پادشا، جەنابی پادشـــا بەتووڕەییەوە گوتی: تەواوی سامانو ســـەروەتو سامانم خســـتۆتە بەردەســـتت، هیچ پاساوێك نییە؛ بۆئەوەی ناچاربیت دزی لە ماڵی من بکەیت! هەر لە منداڵیمەوە،

تۆ منت لەسەر ئەمانەتو دەستپاکی، پەروەردە کردووە. کەواتە: چۆن بوو، تۆ سکەیەکت لە گەنجینەی من دزیوە؟

مامۆســـتاکەی زۆر بەئارامی وەڵامی دایـــەوەو گوتی: جەنابی پادشـــا، ئەوە بە دزی لە قەڵەم نادرێـــت؛ چونکە من لە هەموو گەنجینەکەی تۆ، تەنها یەك سکەم هەڵگرتووە!

پادشـــا گوتـــی: دزی هـــەر دزییە! ئەو کەســـەی یەك ســـکە هەڵدەگرێت، پێی دەگوترێت دز، ئەو کەسەشـــی هەموو ســـکەو گەنجینەکە دەدزێت، هەر پێی دەڵێن دز! لێرەدا مامۆســـتا هەستی کرد پلانەکەی سەری گرتووە، لەبەرئەوە زەردەخەنەیەکی کردو ســـکە ئاڵتوونییەکەی لە گیرفانی دەرهێناو فڕێـــی دایە بەردەمی پادشاو پێی گوت: جەنابی پادشا، درۆش هەر درۆیە، گەرچی یەك وشەش بێت، ئەو کەسەی یەك وشە بە درۆ دەردەبڕێت، وەکو ئەوە وایە لە هەموو قسەکانیدا درۆی کردووە! تۆش دوێنێ یەك درۆت کرد، دواتر گوتت: تەنها درۆیەك زیانی نییە. . منیش بەم ڕێگەیە ویستم وانەیەکت فێربکەم! پادشا وێڕای ئەوەی داوای لێبوردنی لە مامۆســـتاکەی کرد، هاوکات زۆر سوپاسی پەندو ئامۆژگارییەکەی کردو لەو ڕۆژە بەدواوە، تەنها پیتێکیشی بە درۆ دەرنەدەبڕی!

پوختە:

✍ منداڵە ئەزیزەکان.. پێویســـتە هەمیشە خۆمان لە درۆکردن بپارێزین، چونکە مرۆڤ لە درۆیەکەوە فێری درۆکردن دەبێت!

فێربوونی زمانێکی
دیکه

هەموو ڕۆژانێکی هەینی، نەوەکانیان دەهاتنەوە بۆ لایانو ئەو ڕۆژەیان بە کۆمەڵ لە ماڵی باپیرەو داپیرە زۆر بەخۆشی بەسەر دەبرد.. هێژا زۆر حەزی بە ڕۆژانی هەینی دەکرد، لەبەرئەوەی چاوی بە کچە مامەکەی نێرگزو کچەپوورەکەی سەناریا دەکەوتو ئەو ڕۆژەیان پێکەوە بەسەر دەبردو لە ماڵی داپیرەو باپیرەیان، بە یاریو گاڵتەکردنو قسەی خۆش، تا خۆراوابوون بە خۆشی بەسەر دەبرد..

هەینییەکیان هەموان ئامادەبوون، بەڵام باوکی نێرگز هاتو نێرگزی لەگەڵدا نەبوو، هێژاو سەناریا بەپەرۆشەوە ڕۆیشتن بۆ لای مامەیانو پێیان گوت: مامەگیان نێرگز لە کوێیە؟ بۆچی لەگەڵ خۆتدا نەتهێناوە؟

مامەیان گوتی: گوڵەکانم، نێرگز چووەتە خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزی، ڕەنگە کەمێکی دیکە لەگەڵ دایکیدا بێت بۆ لاتان.

سەناریا گوتی: بۆچی ئینگلیزی دەخوێنێت، زمانی ئینگلیزی زمانێکی قورسو نامۆیە؟

مامی گوتی: نا، سەناریا.. هیچ شتێك بۆ فێربوون قورس نییە، مرۆڤ گەر بیەوێت شتێك بە دەست بهێنێت، گەر وورەی بەرز بێتو متمانەی بە خۆی هەبێت، بە دڵنیاییەوە دەتوانێت فێربێت، لەگەڵ ئەوەشدا فێربوونی زمان بەسوودەو مرۆڤ چێژی لێ دەبینێت.

هێژا گوتی: مامە بۆچی؟ ئایا زمانی دایك بەس نییە، قسەی پێ

بکەین‌و تێیدا شارەزا بین؟ بۆچی زمانی بێگانە فێر ببین؟

مامی گوتــی: نەخێر، بەڵکو فێربوونی زمانــی دیکە، وات لێ دەکات، بتوانیت ئەو کتێبانە بخوێنیتەوە، کە بە زمانی ئینگلیزی نوسراون، دەتوانیت سوود لە زانست‌و ئەزموونی گەلانی جیهان وەربگریت، مرۆڤ چەند زمان بزانێت؛ ئەوەندە کەسە!

لەو کاتەدا نێرگز لەگەڵ دایکیدا هاتن بۆ ماڵی باپیرەو سڵاوی لێکردن.

هەموان بەخێرهاتنیان کردن‌و بەگەرمی وەڵامی سڵاوەکەیان دایەوەو هەواڵی خولەکەیان لێ پرسی‌و پێیان گوت: ئایا وانەکانت قورسە؟

نێرگز گوتی: بە پێچەوانەوە، وانەکانمان زۆر بەسوودن، من زۆر سوودم لەو خولە بینیوە..

ئیدی ســـەناریا گوتی: منیش بە باوکم دەڵێم: کە مۆڵەتم بدات لەگەڵ تۆ بێم بۆ خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزی..

بەڵام هێژا حەزی نەکرد، بەشـــداری خولەکە بکات، وتی: من هەست دەکەم، کە زمانی ئینگلیزی بۆ من سوودی نییە.

ئیدی لەو ڕۆژە بەدواوە، سەناریاو نێرگز، پێکەوە دەڕۆیشتن بۆ خوێندنی زمانی ئینگلیزی‌و گرنگیی زۆریان پێ دەداو زۆر سوودیان لێ دەبینی‌و دواجار دەیانتوانی پێکەوە بە زمانی ئینگلیزی بدوێن..

ڕۆژێکی هەینــی، هەروەکو نەریتی خۆیان، لـــە ماڵی باپیرەو

ناپیره کۆبوونەوە، کچان پێکەوە لەگەڵ پشیلەکەیان لە باخچەی ماڵەکەیان یارییان دەکرد، هێژا قوتوویەکی دۆزییەوە لەسەری نووسرابوو (This Eating For Cats)، هێژا نەیزانی ئەوە چ مانایەکی هەیە، کەلەسەر قووتوەکە نووسراوە، سەیری کرد ناو قوتوەکە خواردنی تێدایە، دەستی کرد بە خواردنی بە لایەوە خواردنێکی بەتامو خۆش بوو، بانگی سەناریاو نێرگزی کردو گوتی: سەیرکەن چیم دۆزییەوە، خواردنێکی زۆر خۆشو بەتامە لێی بخۆن، بزانن چەند خۆشە!

بەڵام کاتێك سەناریاو نێرگز سەیری قوتووەکەیان کردو نووسینەکەیان خوێندەوە، گوتیان: هێژا، ئەمە خواردنی ئێمە نییە، خواردنی پشیلەیە، ئایا لێت خواردووە؟

پێش ئەوەی وەڵام بداتەوەو بڵێت: بەڵێ، هاواری کرد ئای سکم، ئای سکم، ئاه.. ئاه.. دایکی بەدەمییەوە هاتو بەپەلە بردی بۆ نەخۆشخانە.. ئەو کاتە بیری کردەوەو گوتی: ئەگەر منیش لەگەڵ نێرگزو سەناریادا بڕۆیشتمایە بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی؛ ئەوا خواردنی پشیلەکەم نەدەخوارد!!

پوختە:

✍ مرۆڤ چەند زمان بزانێت، ئەوەندە کەسە، بە تایبەت زمانی ئینگلیزیو عەرەبی، زۆر پێویستە هەمووان هەوڵ بدەین، خۆمان فێری ئەو دوو زمانە بکەین!

هەستەوەرەکان

جارێکیان کێشـــەیەکی گەورە کەوتـــە نێوان ئەندامانی هەر پێنج هەســـتەوەرەکانەوە، کە پێکهاتوون لە چاوو گوێو زمانو لووتو پێست!! هەر یەك لەوان دەیانەویست، خۆیان بە چاکتر لەوانی دیکە نیشان بدەن، پرسیارەکەی کە لایان درووست بوو ئەمە بوو: کێ لە هەموان گرنگترە؟

* ســـەرەتا چاو قســـەی کردو گوتی: من گرنگترین ئەندامم لە جەســـتەی مرۆڤدا، مرۆڤ بە هۆی منەوە، هەموو شتەکانی دەوروبەری دەبینێت، ئەگەر شتێکی ترسناکی بینی، هەر بەهۆی منەوە دەیبینێتو لێی دوور دەکەوێتەوە..

* دواتر زمان هاتە گۆو گوتی: نەخێر، من گرنگترین ئەندامی جەســـتەم؛ چونکە ئەگەر من نەبم، مرۆڤ ناتوانێت بە ڕوونی ئەو شتە بڵێت، کە دەیەوێت!

* پاشـــان گوێچکە هاتە قســـەو گوتی: نەخێر من هاوڕا نیم لەگەڵتاندا؛ چونکە من پێم وایە، کە گرنگترین ئەندامی جەستەی مرۆڤ منم، نەك ئێوە، بەڵگەشـــم بۆ ئەم قسەیە ئەوەیە، ئەگەر مـــن نەبم مرۆڤ ناتوانێت لە کەســـانی دەوروبـــەری تێ بگاتو بەئاســـانی وەڵامی قسەکانیان بداتەوە ، بەبێ بوونی من، مرۆڤ ناتوانێت تێبگاتو وەڵامی قسەی دەوروبەری بداتەوە.

* لەولاوە لووت نەیتوانی لەوە زیاتر بێدەنگ بێت، لەبەرئەوە دەســـتی بە قســـەکردن کردو گوتی: ئایا ســـوودەکانی منتان، بۆ

ژیانی مـــرۆڤ لە یاد کردووە؟! ئەوە منم بۆنی خۆش هەڵدەمژمو دەروونی مرۆڤ ئاســـوودەو خۆشـــحاڵ دەکـــەم، هەروەها بۆنی ناخۆشـــیش هەڵدەمژم؛ تا مرۆڤ خۆی لـــێ دوور بخاتەوە! ئەوە منم هەســـت بە بۆنە ترســـناکەکان دەکەم؛ تا مـــرۆڤ بەپەلە بەدەمییەوە بڕواتو چارەسەری بکات.

* لـــە دوای هەمووان پێســـت هاتە قســـەکردنو گوتی: من گرنگترین ئەندامی جەســـتەم، ئەوە منم چواردەوری جەستەی مرۆڤم داوە، منم مرۆڤ لە هەموو شتێکی زیانبەخش، لە سەرماو گەرما، لە میکرۆبە زیانبەخشەکان، دەپارێزم، ئەوە منم خوێنو ئێسقانی مرۆڤم داپۆشیوە.

دوای ئەم مشـــتومڕە، چـــاو گوتی: هاوڕێیان بـــا کەمێك بیر بکەینەوە، هەر یەك لە ئێمە، پێویتســـیمان بە یەکتر هەیە، بۆ نموونە: ئەگەر من شتێك ببینم، ناتوانم باسی لێوە بکەم، بێگومان دەبێت زمانی هاوڕێم ئەو دیمەنەی من دیتومە لەبارەیەوە بدوێ!

کاتێکیش زمان دەیەوێت قســـە بکات، ناتوانێت قســـە بکاتو وەڵامـــی کەســـی بەرامبەر بداتـــەوە، ئەگەر گوێی لە قســـەی بەرامبەر نەبێت، بێگومان گوێچکە کرداری بیستنو تێگەیشتن لە بەرامبەر ئەنجام دەدات، پاشـــان زمان دەتوانێت قسە بکاتو وەڵام بداتەوە.. پاشان لووت، با خۆشترین بۆنی دونیا هەڵبمژێت، با ئەو بۆنانە هەڵبمژێت کە مرۆڤ حەیرانو سەرســـام دەکەن،

باشـــه دواتر چۆن دەتوانێت، باس لەو ساتە خۆشو بۆنە خۆشە بکات، ئەگەر زمان ئەو خۆشـحاڵییە دەرنەبڕێتو باسـی لێوە نەکات؟؟!! خۆئەگەر پێسـت جەستەی مرۆڤ لەسەرماو گەرما نەپارێزێت؛ ئەوا هەموو جەسـتە بەجارێك نەخۆش دەکەوێت، ئەو کات هیچمان ناتوانین بە باشـی کارەکانمان بەڕێوە ببەین، کەواتە: هەموومان پێویستمان بە یەکترەو هەموان تەواوکەری یەکترین..

ئیدی هەموان پێکەوە سوپاسـی (چاو)یان کردو دەستخۆشیو ئافەرینیـان لێکرد، دواتر پێیان گوت: بەڕاسـتی تۆ داهێنانت لە ژیـریو بیرکردنەوەمانـدا کردو هەمووانت بەئـاگا هێنایەوەو وانەیەکی بەسوودت فێرکردین.

پاشـان هەسـتەوەرەکان ڕێك کەوتن، کە پێکەوە هاوکاری یەکتر بنو پشـتی یەکتر بگرن بـۆ خزمەتی مرۆڤ، هەمووان بەڵێنیـان دا، کە هەرگیز جارێکی دیکە، ڕێگە نەدەن کێشـەو دووبەرەکـی بکەوێتە نێوانیانەوە؛ بۆئەوەی هەسـتەوەرەکانی مرۆڤ بەهۆی جیاوازیی نێوانیانەوە لەکار نەکەون!

پوختە:

✍ هەموومـان پێکەوە جوانیـن، هەرگیز ناتوانین یەکتری فەرامـۆش بکەیـن، هەموومان لـەم ژیانەدا گرنگیـن، پێکەوە دەتوانین کاروبارەکان بەڕێوەبەرین.

سەرەنجامی دووڕوویی

لە دێرزەمانــدا، تووتییەك لە نێو دارســتانێکی پڕ لە باڵندەی جوانو نەخشــینو دەنگخــۆش، ژیانی دەگوزەرانــد، تووتییەکە لەســەر درەختێکی گەورەی دارســتانەکە، هێلانەی درووســت کردبوو، لەســەر هەمان درەخت، هێلانــەی مام کۆترو چۆلەکە پاساریشی لێ بوو.

ڕۆژێکیان تووتییەکە، ســەردانی ماڵی چۆلەکە پاساری کردو لەبارەی مام کۆترەوە قسەی بۆ کرد، بە چۆلەکەی گوت: مام کۆتر، باڵندەیەکی لە خۆبایە، لەبەرئەوە نامەوێت لەگەڵ کۆتردا ژیان بگوزەرێنم، دەنگێکی ناخۆشــی هەیەو ناهێڵێت بەشــەو پشوو بدەمو بە ئارامی بخەوم.

چۆلەکەپاسارییەکە گوتی: بەڵام کۆتر باڵندەیەکی خۆشەویستە لای هەمووان، هیچ کات نەبووەتە مایەی بێزاری بۆ دراوسێکانی!

تووتــی گوتی: بەڵام من ڕۆژێکیــان گوێم لێ بوو، کۆتر دەیگوت: چۆلەکەپاســاری باڵندەیەکــی بچکۆلانەیەو هیچ ســوودێکی نییە! دەنگێکی بێزارکەری هەیەو پێویســتە پلانێك دابنێین؛ تا لەســەر درەختەکە دەریان بکەین! بەبیســتنی ئەم قســانە، چۆلەکەپاساری زۆر تووڕەبــوو، کەوتە بیرکردنــەوە؛ بۆئەوەی پلانێــك دابنێ، تا کۆترەکە دەربکات!

پاش ئەم وتوێژە، تووتی دای لە شــەقەی باڵو ڕۆیشــت بۆ ماڵی کۆترەکە، پێی گوت: چۆلەکە پاســارییەکان هێلانەی زۆریان لەسەر

درەختەکە کردووە، خەریکە تەواوی درەختەکەمان لێ داگیر بکەن!

کۆترەکـــە گوتی: بـــەڵام چۆلەکە پاســـارییەکان، باڵندەیەکی جوانو بەسوودنو هیچ زیانێکیان نییە.

تووتییەکـــە گوتی: بەڵام من گوێم لە چۆلەکە پاســـاری بوو، کـــە دەیگوت: کۆترەکان باڵندەیەکـــی بێزارکەرنو هێلانەکانیان گەورەنو پێویســـتە ئەوان دەربکەین.. کۆترەکە بە بیســـتنی ئەم قســـانە، زۆر تووڕەبوو، بڕیاری دا کە چۆلەکە پاســـاری لە هێلانەکەی خۆی دەربکات.

ڕۆژێـــك هەمـــوو باڵنـــدەکان کۆبوونـــەوە، کۆتـــرەکان بـــە چۆلەکەپاســـارییەکانیان گـــوت: ئێوە زۆر خراپـــن، نامانەوێت لەمـــەودوا ئێوە لەگەڵ ئێمـــەدا بژین، چۆلەکە پاســـارییەکان وەڵامیان دانەوەو گوتیـــان: ئێوە خراپترین باڵندەی دارســـتانن؛ چونکـــە ئێوە دەتانەوێت، ئێمە لـــەماڵەکانی خۆمان دەربکەنو هێلانەکانمان تێك بدەن!

لەو لاوە تووتییە دووڕووەکە، زۆر بە خۆشحاڵییەوە سەیری دیمەنەکەی دەکرد!

لەو کاتەدا چۆلەکە پاســـاری گوتی: تووتی بـــە ئێمەی گوت: کە ئێوە ئێمەتان خۆشـــناوێت! کۆترەکە بەبیستنی ئەم قسەیە سەرسام بـــوو، وەڵامـــی دایـــەوەو گوتـــی: خۆ تووتـــی بە ئێمەی گـــوت: کە چۆلەکەپاسارییەکان دەیانەوێت دەرتان بکەنو ماڵەکانتان داگیربکەن!

کۆترو چۆلەکەپاسارییەکان ئاوڕیان دایەوە بۆلای تووتییەکەو کەمێك تێڕامان، بیریان لە قسەکانی توتی کردەوە!

تووتییەکـــە بە گڵدۆ گڵدۆ گوتی: من.. مـــن.. نانا من هیچم نەگوتووە! ئـــەو کات کۆترەکانو چۆلەکەپاســـارییەکان، بۆیان دەرکەوت کە تووتییەکە دەیەوێت بەشـــەڕیان بداتو نێوانیان تێك بـــدات! چونکە تووتییەکە باڵندەیەکی دووڕوو بوو، حەزی بە کێشەو ئاژاوەی نێوان دراوسێکانی دەکرد!

هەردووکیـــان پێکـــەوە پەلامـــاری تووتیـــی دووڕوویـــان داو لـــە درەختەکـــە وەدەریـــان نـــاو، هێلانەکەیـــان تێـــك دا! ئیدی لەو ڕۆژە بەدواوە، کۆترو چۆلەکە پێکەوە بەئاسوودەیی‌و دوور لە ناخۆشی، بە ئارامی ژیانیان پێکەوە بەسەر دەبرد!

کۆترو چۆلەکە، ژیرانە بیریان کردەوە، پێش ئەوەی بە قسەی تووتی دووڕوو بکەونـــە گیانی یەکتری، توانییـــان حەکیمانە، دەستە خراپو ئاژاوەگێڕەکەی نێوانیان دوور بخەنەوە!

پوختە: منداڵە چاوگەشەکان، هیوادارم ئێوەش لەم چیرۆکە پەند وەرگـــرن، هـــەر کات هاوڕێیەکتان ویســـتی نێوان تۆو هاوڕێکـــەت تێك بدات، ســـەرەتا بڕۆ بـــۆ لای هاوڕێکەتو لە ڕاســـتو درووستی قســـەکان بکۆڵەرەوە، نەکەی هەرگیز بە قسەی ناحەز فریو بخۆیتو خۆت دوچاری دەردەسەریو ئاژاوەو نارەحەتی بکەیت!

کامتان پادشان؟

لــه دێــر زەمانــدا، ڕاوچییەك هەبــوو، هەمــوو ڕۆژێك بۆ پەیداکردنــی بژێوی ژیانی خــۆیو خانەوادەکــەی، دەچووە نێو دەریاو چەند ماسییەکی ڕاو دەکردو دەیبرد بۆ بازاڕو دەیفرۆشت، بە پارەکەی پێداویســتییەکانی ژیانو خۆراکــی دەکڕی، ڕۆژێك لە کاتــی ڕاوکردندا، لەو کاتەی کە لە نێوەڕاســتی دەریادا بوو، بایەکی بەهێز هەڵی کردو نزیك بوو بەلەمەکەی تێك بشکێنێت، ڕاوچییەکە لێزانانــە هەوڵی خۆکۆنترۆڵکردنی داو ئاڕاســتەی بەلەمەکەی بە هاوشــێوەی ئاڕاســتەی باکە جووڵاند، ئەو ڕۆژە بۆ ڕاوچییەکە زۆر سەخت بوو، هەرچەندە هاواری دەکرد، هیچ کــەس نەبوو، بە هاوارییەوە بێت، ڕاوچی لەو بڕوایەدا بوو، کە ئەوە دواڕۆژی ژیانییەتیو لە دواساتەکانی تەمەنیدایە، هاوکات بەدەم شــەپۆلەکانی ئاوەکەوە، ململانێی لەگەڵ ئاوەکەدا دەکرد، وەکوو ئەوەی نیشــانی بدات، تا ئەو کاتەی دەتوانێت، بەئاســانی تەسلیمی مەرگ نابێت، لەو ساتەدا چاوی کەوت بە دوورگەیەك کە چەند سەد مەترێکی مابوو، پێی بگات، هەرچۆنێك بێت خۆی گەیانــدە دوورگەکە، لە بەلەمەکەی دابــەزیو بەلەمەکەی بە درەختێکی نزیك کەناراوەکەوە بەســتەوە، پاشان دەستی کرد بە گەڕان، بەو هیوایەی شتێك بدۆزێتەوە، بیخوات.

لەنــاكاو كەوتە نێو ئاپــۆڕای جەمــاوەرەوە، هەموو خەڵكی دوورگەكە لەو كاتەدا كۆببوونەوەو چاوەڕوانی هاتنی پادشـــای جەنگاوەریان دەكرد؛ تا بێتو هاوكارییان بكاتو ببێتە پادشایان، لەو كاتەدا كە چاویان بەڕاوچی لێقەوماو كەوت، هەموو پێكەوە هاواریان كرد: پادشای جەنگاوەر هات، یارمەتیمان پێگەیشت!

هەر چەندە ڕاوچییەكە، نەیدەزانی چی ڕوودەدات، بەڵام ئەوان بە پێشوازییەكی گەرمەوە، بەرەو مەیدانی ئاهەنگەكەیان بردو ئاهەنگی پێشـــوازییان بۆ ســـازكردو جۆرەها خواردنی بەتامییان پێشكەش كردا!

كاكـــی ڕاوچی لـــە خۆشـــیدا نەیدەزانی ئەمـــە خەونە، یان خەیاڵە، یاخود ڕاســـتی.. لـــە ناكاو لە ڕاوچێتییـــەوە، بووە بە پادشای دوورگەیەكو ژیانێكی شاهانە دەگوزەرێنێت، لەبەرئەوە ڕاســـتییەكەی بۆ باس نەكردن، پێـــی نەگوتن كە ئەو ڕاوچییە، نەك پادشا!

ئیدی لـــەو ڕۆژە بەدواوە، وەكو پادشـــا حوكمی دەكرد، بەڵام نەیدەزانـــی مەبەســـتی خەڵكی دوورگەكە چییـــە.. لەوەی كە دەیان گوت: پادشای فریادڕەسە!

ژیانی ڕاوچـــی، بەمجۆرە بەردەوام بـــوو، ڕۆژەكان تێپەڕین،

ڕۆژێکیان که جەنابی ڕاوچی، لەگەڵ خەڵکی دوورگەکەدا دانیشتبوون، نانیان دەخواردو بەخۆشی کاتیان بەسەر دەبرد، لەو کاتەدا پیاوێك هاتو پێی گوتن: من پادشای جەنگاومرم، خەڵکەکە بەبیستنی ئەم قسەیە سەرسام بوون، هەمووان بە سەرسامییەوە بۆ کاکی ڕاوچییان ڕوانی‌و چاوەکانیان ئەبڵەق ببوون، ڕوویان لە ڕاوچییەکە کردو پێیان گوت: کەواتە: تۆ کێیت؟ ئەگەر ئەو کەسە پادشای جەنگاومرە؟! ڕاوچییەکە گوتی: نەخێر منم پادشا، ئەو پیاوە درۆ دەکات!

ئیدی خەڵکی سەیری ئەو دووانەیان دەکرد، ئەویان دەیگوت: من پادشام، ئەمیان دەیگوت: نەخێر من پادشام، ئەویان دەیگوت: تۆ درۆ دەکەیت، ئەمیان دەیگوت: نەخێر، تۆ درۆ دەکەیت!

خەڵکی دوورگەکە پیاوێکی دانایان هەبوو، کاتێك بەم مشتومڕەی زانی، گوتی: تاکە چارەسەر بۆ ئەوەی بزانین کامیان ڕاست دەکەن، ئەوەیە کە سبەینێ دڕندەکە هێرش دەکاتە سەر دوورگەکەمان، کام لەم دوو کەسە توانی سەر بکەوێت بەسەریداو بتوانێت دڕندەکە بکوژێت، ئەوەیان پادشایە!

کاتێك ڕاوچییەکە گوێی لە قسەی حەکیمەکە بوو، هاواری کرد: ئەو ڕاست دەکات ئەو پادشای جەنگاومرە، لە ڕاستیدا من

ڕاوچیم لە ڕۆژێکی سەختدا لە دەریا بایەکی بەهێز هەڵی کردو ڕێم کەوتە ئەم دوورگەیە، من پادشـــا نیم! ئێســـتاش دەمەوێت بگەڕێمەوە مەملەکەتەکەی خۆم، من پادشا نیم، بەڵکو ڕاوچیم!

حەکیمەکە گوتی: کەواتە تۆ درۆت کردو ئەو پیاوە ڕاستی کرد!

پادشـــای جەنگاوەریش گوتـــی: لەبەرئـــەوەی درۆی کردووە لەگەڵتاندا، بیگرن بیخەنە بەندیخانە! ڕاوچییەکە زۆر پەشیمان بـــوو لـــەوەی درۆی کردبوو، لەگـــەڵ خەڵکـــی دوورگەکەداو ڕاستییەکەی لێ شاردبوونەوە..

پوختە:

✍ ئازیزانم لێرەدا ئەم پەندە کوردییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە دەڵێت: پەتی درۆ کورتە! تکایە هەرگیز درۆ مەکەن، چونکە ئەمڕۆ، یان سبەی درۆکەت ئاشکرا دەبێتو دووجاری دەردەسەری دەبیت.. ئەمە جگە لەوەی بە درۆزن دەناسرێیت.

✍ دڵنیابن، سەرفرازیو ڕزگاربوون لە ڕاستگۆییدایە!

باشترین هاوڕێ

لەنێو دارســـتانێکدا، گیانلەبەرەکان پێکەوە ژیانیان بەســـەر دەبرد، هەر یەك لەوان، هاوڕێیەکی هەبوو، کە پێکەوە دەڕۆیشتن بۆ دەشتودەرو هەردو کەژوکێو، لەنێو ئەو دارستانەدا، سەگێك هەبوو، نـــاوی بۆبی بوو، لەگەڵ ڕێویی دارســـتانەکەدا، بووبوو بە هـــاوڕێ، بۆبی ســـەگێکی بەوەفاو ژیر بـــوو، ڕێویش فێڵبازو تەڵەکەچی، زۆرێك لە گیاندارانی دارســـتان، ئامۆژگاریی بۆبیی بەوەفایان دەکـــردو پێیان دەگوت: ڕێوی گیاندارێکی فێڵبازە، ئەو لەسەر سرووشـــتی فێڵبازیو تەڵەکەبازی ڕاهاتووە، بە جۆرێك کە ناتوانێت دەســـتبەرداری بێت، تکایە هاوڕێیەتی مەکە، بەڵام بۆبی نەیدەویست، لە ڕێویی هاوڕێی دوور بکەویتەوە.

ڕێوییەکـــە زۆرجار، بەخراپە کەڵکی لـــە هاوڕێیەتیی نێوان خـــۆیو بۆبی وەردەگرت، هەر جارێك بۆبی بۆ ســـەردانی ڕێویی هاوڕێی بڕۆیشـــتایە، ڕێوی دەیگوت: بۆبیـــی هاوڕێم، من کەمێك ناساغم، تکایە تۆ ماڵەکەم بۆ خاوێن بکەرەوە؛ چونکە من ناتوانم ئـــەو کارە بکەم، بۆبی دەیگوت: کێشـــە نییە، مـــن ماڵەکە پاك دەکەمەوە!

زۆر جاریش ڕێوی فێڵباز دەچوو بۆ ســـەردانی بۆبی، دەیگوت: هیچ خواردنێك لە ماڵمان نەماوە، هاتووم؛ تا شـــتێکم پێ بدەیت،

بخۆم. بۆبی بەوپەڕی ڕووخۆشـــییەوە، پێشـــوازی لێ دەکردو خواردنی پێ دەدا!

ئیـــدی ڕێویی تەڵەکەباز، بەم شـــێوەیە فێڵی لە بۆبیی بەوەفا دەکرد، ڕۆکی کە ســـەگێکی نزیك لـــە بۆبی بوو، هەروەها بۆبی زۆر خۆش دەویســـت، ویســـتی بۆ بۆبی هاوڕێی ڕوون بکاتەوە، کە ڕێوی فێڵبازو تەڵەکەبازو بەرژەوەندیی پەرســـتە، شـــایانی هاوڕێیەتی بۆبیو ئەو هەموو چاکەو وەفادارییە نییە، کە بۆبی بۆی ئەنجام دەدات.

لەبەرئەوە ڕۆکی بیری لە پلانێك کردەوە؛ تا بۆبی تێ بگەیەنێت، کە ڕێوی، هاوڕێیەکی باش نییە، بۆئەم مەبەستە ڕۆیشت بۆ لای بۆبیو پێی گوت: کارێکی باشم بۆ پەیدا کردوویت!

بۆبی گوتی: چ کارێك؟ ڕۆکی گوتی: پاسەوانی کۆمەڵێك بەرخ، وەکو شوان ئاگاداریان بیتو بیانپارێزیت؟ ئایا دەتەوێت ببیت بە شوانیان؟

بۆبی گوتی: بەڵێ، زۆرباشە، ئەوە کارێکی ئاسانە!

بۆ بەیانی بۆبی ڕۆیشت بۆ سەر کارە نوێیەکەو بوو بە شوانی بەرخەکان، دوای ماوەیەك کاتێـــك ڕێوی زانی کە بۆبی بووە بە شوانی بەرخەکان، بڕیاری دا، فێڵێکی لێ بکات؛ بۆئەوەی بەرخێك

لەو بەرخانەی کە هاوڕێکەی بۆبی شـــوانییەتی، بخواتو بیکات بە ژەمی ئەو ڕۆژەی!

بۆ ئەم مەبەســـتە ڕۆیشـــت بۆلای بۆبیو پێی گوت: ئایا یاری لەگەڵ مندا دەکەیت؟

بۆبی گوتی: بەڵێ، بەڵام ئەی بەرخەکان کێ شوانیان بێت؟

ڕێوی هاوڕێی گوتی: ئێمە زۆر دوور ناکەوینەوە، لەم نزیکانە یاری دەکەین.. بۆبی گوتی: زۆرباشە.

ڕێـــوی بە بۆبی هاوڕێـــی گوت: با یاریی چاوشـــارکێ بکەین، کەواتە: تۆ چاوەکانت بنووقێنە، تا من خۆم دەشـــارمەوە.. بۆبی گوتی: زۆرباشە!

لەو کاتەدا ڕۆکی لـــە دوورەوە چاودێریی دەکرد، کاتێك بینی کەوا ڕێوی خۆی گەیاندە ناو بەرخەکان؛ بۆئەوەی بەرخێك ببات لەگـــەڵ خۆیدا، بەپەلە ڕۆکی خۆی گەیانـــدە بۆبیو پێی گوت: چاوەکانت بکەرەوەو سەیری ڕێوی هاوڕێت بکە.. هەردووکیان خۆیان گەیاندە لای بەرخەکان پێش ئەوەی ڕێوی بە مەرامەکەی بگات.. بۆبی ڕووی تێ کردو گوتی: ئەوە چی دەکەیت، دەتەوێت دزی لەو مەڕانە بکەیت، کە من شوانیانم؟!

ڕێوی ســـەیرێکی بۆبی کرد، بەڵام لە شەرمەزاریدا نەیتوانی

یەك وشەش بڵێت.. پاشان بەپەلە ڕۆیشتو خۆی ون کرد.

ئەو کات بۆبــی زانی، کە چاکەکــردنو بەوەفابوون لەگەڵ ڕێویدا سرووشتی ئەو گیاندارە ناگۆڕێت، ئیدی لەو ڕۆژە بەدواوە هەرگیز هاوڕێیەتیی ڕێوی نەکردەوە.

پاشــان ڕۆکی پێیَ گوت: هاوڕێَ گیان، پێویســته هاوڕێی باش هەڵبژێریت؛ چونکە هاوڕێَ هاودەمی ڕێگاتە، دەبێت وەکو تۆ بە وەفا بێت، دواتر بۆبی ڕووی کردە ڕۆکیو پێی گوت: زۆر سوپاس بۆ تۆ هاوڕێی ئازیزم، تۆ باشترینو بە وەفادارترین هاوڕێی منیت!

پوختە:

✍ منداڵە چاوگەشــەکان، هیوادارم لــەم چیرۆکەوە فێر ببن، کە هەرگیز هاوڕێییەتی کەسانێك نەکەن، کە سرووشتی، هاوشــێوەی سرووشــتی ڕێوییە! بزانن کێ دەکــەن بە هاوڕێی خۆتان!

✍ لــە مێژە گوتویانە: پێم بڵــێ هاوڕێکەت کێیە، پێت دەڵێم تــۆ کێیت! چونکە هاوڕێکەت هەڵبژاردەی خۆتە، کەســانی باش هەمیشە هاوڕێی باش هەڵدەبژێرن، کەسانی خراپیش هاوشێوەی خۆیان هەڵدەبژێرن!

ئیدی هەرگیز سەرپێچی
فەرمانەکانت ناکەم!

سـایە منداڵێکــی ژیرو هۆشــمەندو گوێڕایەڵ بــوو، دایكو باوكو کەسوکاری زۆر خۆشــیان دەویست؛ چونکە زۆر عاقڵو ڕۆحســووكو زیرەك بوو، هەرگیز ســەرپێچی قســەی دایكو باوکی نەدەکرد، ئەوان هەرچیان بگوتایە؛ دەســتبەجێ دەیگوت بە چــاوان بابەگیان، دایەگیان، هــاوکات برایەکی هەبوو ناوی دانا بوو، منداڵێکی ســەرکەشو بێگوێو هاروهاج بوو، هەمیشە دراوســێکانیان سکاڵایان لە دەســتی دەکرد، هەر ڕۆژەو شەڕی لەگــەڵ یەکێکیان دەکردو ئــازاری دەدان، هیچ کات گوێڕایەڵی فەرمانــی دایكو باوکی نەدەبوو، هەرچەند ئامۆژگارییان دەکرد؛ وەری نەدەگرتو عاقڵ نەدەبوو، دایكو باوکی هەراسان کردبوو، گوێی بە فەرمانو قسەکانیان نەدەدا.

ڕۆژێکیان دایکی داناو ســایە، بە نیاز بوو بڕوات بۆ بازاڕ؛ بۆ کڕینی پێداویستییەکانی ناوماڵ ڕووی کردە کوڕو کچەکەیو پێی گوتن: ڕۆڵەکانم من دەڕۆم بۆ بازاڕ، زۆرم پێ ناچێت، دەگەڕێمەوە.. تکایە کەستان لە ماڵ نەچنە دەرەوە؛ تا دەگەڕێمەوە!

سایە گوتی: بەچاوان دایەگیان.. دانا گوتی: بەڵام من دەمەوێت بڕۆم بۆ یاریگا، تا لەگەڵ هاوڕێکانم یاری بکەم!

دایکی گوتی: کوڕی شــیرینم، چاوەڕێ بکــە، تا دەگەڕێمەوە؛

چونکه تۆ بە تەنها نازانیت بڕۆیت بۆ یاریگا!

پاشان دایکی بەڕێ کەوت بۆ بازاڕ، پاش کەمێك سایە گوێی لە دەنگی کردنەوەی دەرگاکە بوو، بەخێرایی ڕۆیشت بۆ لای دەرگاکە، بینی وا دانای برای تۆپەکەی هەڵگرتووەو لە ماڵ چووەتە دەرەوە.

سایە گوتی: تکایە بگەڕێرەوە، تۆ بە تەنها ڕێگە نازانیت!

دانا وەڵامی دایەوەو گوتی: نەخێر، من شـــارەزای ڕێگە هەم، پێش ئەوەی دایکم لە بازاڕ بگەڕێتەوە، من دەگەڕێمەوە بۆ ماڵ!

ئیدی دانا بەرەو یاریگا بەڕێ کەوت، بەڵام لەبەرئەوەی یاریگا دوور بـــوو لەماڵیانـــەوە، دوای ئەوەی دوورکەوتـــەوە لە ماڵ، ڕێگاکەی لێ تێکچوو، بەشـــێوەیەك نەدەیزانی بگەڕێتەوە بۆ ماڵ، نە دەیتوانی بڕوات بۆ یاریگا، لەو کاتەدا کوڕێکی قەڵەوی گەورە، لەوسەری گەڕەك دەرکەوت، لێی نزیك بوویەوەو گوتی: بچکۆل ئـــەو تۆپەم پێ بدە.. دانا گوتی: تۆپی خۆمە، خۆ هی تۆ نییە بۆ بیدەم بە تۆ!

کوڕەکەش زللەیەکی لێداو بە زۆر تۆپەکەی لێســـەندو گوتی: بەڵام ئێستا ئەم تۆپە هی منە، نەك تۆ!

دانا دەســـتی کـــرد بە گریانو نەیدەزانی چـــی بکاتو ڕوو لە کوێ بکات، لەبـــەر خۆیەوە دەیگوت: خۆزگە بـــە گوێی دایکم

بکردبــاو نەهاتمایەتە دەرەوە! ئێســـتا من چــۆن بگەڕێمەوە بۆ ماڵ، لەو کاتانەدا دایکی گەڕابوویەوە ماڵو ســـایە پێی گوتبوو، کە دانا ڕۆیشـــتووە بۆ یاریگاو بە قســـەی نەکردووم، دایکیشی بەهەڵەداوانو بەپەرۆشەوە بەڕێ کەوتبوو؛ تا هەواڵی بزانێت، دوای ماندووبوونێکی زۆر، لە کۆڵانێکدا بە دانا دەگاتو دەبینێت دانیشـــتووەو بەکوڵ دەگری، کاتێك چاوی بـــە دایکی دەکەوێت بەڕاکــردن بەرەو ڕوی دەڕواتو باوەشـــی پێـــدا دەکاتو داوای لێبوردنـــی لێ دەکات! دایکی دەڵێـــت: کوڕم دانا بۆچی لێرەیت، تۆ لێرە چی دەکەیت؟

ئیدی داناش ڕووداوەکەی بۆ دەگێڕێتەوەو زۆر داوای لێبوردنی لـــێ دەکاتو دەڵێـــت: بەڵێـــن بێت ئیـــدی هەرگیز ســـەرپێچی فەرمانەکانت نەکەم دایەگیان!

پوختە:

ئازیزانم هیـــوادارم چیرۆکی دانا، پەندو ئامۆژگاری بێت بۆ هەموو منداڵە چاوگەشـــەکانو هەرگیز سەرپێچی فەرمانی دایكو باوکیان نەکەن! چونکە ســـەرپێچی فەرمانی دایكو باوك جگە لە زیان، هیچ سوودێکت پێناگەیەنێت!

ئەوەی بۆ خۆت پێتخۆشە،
بۆ براکەشت پێتخۆش بێت؟

ئـــارام قوتابییەکی ژیرو زیرەكو لێهاتوو بوو، خۆشەویســـتی مامۆســـتا هاوپۆلەکانی بوو، قوتابییەکی چـــالاكو وریابوو، زۆر حەزی بە نووسینو خوێندنەوە دەکرد..

لەگەڵ ئەوەشدا ئارام کەسێکی خۆپەرستو چاوچنۆك نەبوو، حەزی دەکرد سەرجەم هاورێکانی هاوشێوەی خۆی زیرەكو لێهاتوو بن، ڕۆژێك ســـەرنجی یەکێك لە هاوپۆلەکانی دا، کە ناوی ئەمیر بوو، هەستی کرد کە بەردەوام سەیری دەکاتو چاودێری دەکات!

لەبەرئەوە لێی نزیك بووەوەو سلاوی لێکردو لە تەنیشتییەوە دانیشت، ئەمیریش وەلامی سلاوەکەی دایەوەو بە خۆشحاڵییەوە بەخێرهاتنی کرد.

ئارام وتـــی: کاکە ئەمیـــر ماوەیەکە هەســـتەکەم بەردەوام سەرنجت لەسەر منە! ئایا شتێك ڕوویداوە؟ من شتێکم کردووە تۆی نیگەران کردبێت، یاخود ڕقت لێمە؟

ئەمیـــر وەلامی دایەوەو وتی: نـــا کاکە ئارام، من هەرگیز ڕقم لە تۆ نەبووە، بەڵکو زۆریش خۆشـــم ئەوێیت، ڕاستییەکەی من دەبینم کە تۆ قوتابییەکی چالاكو گورجوگۆڵو زیرەكو لێهاتوویت، هەمووان خۆشیان دەوێیت ڕێزت دەگرن.. منیش دەمەوێت هەوڵ بدەم وەکو تۆ زیرەكو لێهاتوو بم، بەلام لە ڕاســـتیدا نازانم چۆن دەست پێ بکەمو دەبێت سەرەتا چی بکەم؟

ئارام بەوپەڕی میهرەبانییەوە دەستی خستە سەرشانی ئەمیرو

پێی گوت: کاکە ئەمیر، هەموو جارێك باوکم ئامۆژگاریم دەکاتو دەڵێــت: بۆئەوەی بگەین بـــە ئاواتو خەونەکانمـــان، بۆئەوەی بتوانین ببینە کەســێکی بە ئەزموونو لێهاتوو، دەبێت ســـەرەتا ئامانجەکەمان دیاری بکەین! ئێستا تۆ دەتوانیت پێم بڵێی ئامانجت چییەو دەتەوێت ببیت بەچی؟

ئەمیر وتی: کاکە ئارام لە ڕاستیدا نازانم دەمەوێت ببم بەچی! ڕەنگە ئەندازیار، یان مامۆستا!

ئـــارام وتـــی: کاکە ئەمیـــر ســـەرەتا دەبێت فێربیـــت، چۆن ئامانجەکانت دیاری دەکەیت، پاشـــان ئـــەو ڕێگایانە کامانەن کە دەتگەیەنن بە ئامانجەکانت؟

بـــۆ نمونە، وێنـــەی ئامانجەکەت بکێشـــە، پلانی بـــۆ دابنێ، بینووسەرەوە، قسەی لەبارەوە بکە..

ئیدی لێرەوە دەزانیت کاتێـــك ئامانجەکەت دیاری کرد، ئەو کات پلانی گەیشـــتن بە ئامانجەکـــەت دادەنێی! ئـــارامو ئەمیر پێکەوە دانیشـــتن، پلانیـــان دانا، ئارام بە ئەمیـــری وت: لەمڕۆ بەدواوە تۆ دەبێت بەیانیان زوو لە خەو هەڵســـیت، دەســـتنوێژ بگرەو نوێژی بەیانی ئەنجـــام بدە، هەرگیز لەبیری نەکەیـــت هەموو بەیانییەك ددانەکانت بە جوانی بشۆرە، نانی بەیانیان فەرامۆش مەکە، چونکە ئەوە زۆر گرنگە تا ڕۆژێکی چالاك ببەیتەسەر، پێویستە نانی بەیانی بخۆیت، ڕۆژانە زوو بڕۆ بۆ قوتابخانەو دوامەکەوە، بە جوانی گوێ

بۆ مامۆستا بگرە، ئەگەر لە شتێك تێنەگەیشتی پرسیار بکە!

ئەمیرو ئارام لەسەر ئەم پلانە ڕێککەوتن، ڕۆژانە ئەمیر گوێی بۆ ئامۆژگارییەکانی هاوڕێکەی ئارام دەگرتو گوێڕایەڵی دەکرد، ئەوان بوونە دوو هاوڕێی زۆر نزیکی یەکتری! هاوکات خێزانی ئەمیر زۆر دڵخۆش بوون بەو گۆڕانکارییە گەورەی لە کوڕەکەیاندا بەدی هاتبوو!

ڕۆژێکیان ئەمیر بە ئارامی هاوڕێی گوت: هەموو ئەو شتانەی تۆ پێت وتوم، جێبەجیم کردووە، هاوکات یارمەتی هاوڕێکانیشم ئەدەم، هەروەکو چۆن تۆ یارمەتی منت یاوە..

بەڵام من ئەکرێت پرسیارێك بکەم؟

ئارام فەرموو براکەم.. ئەمیر: بۆچی لەبەرخاتری من ئەوەندە خۆت ماندوو کردووە، بۆ ئەوەندە هاوکاری من دەکەیت؟

ئارام وتی: چونکە باپیرم پێی وتم: کە پێشەوامان درودی خوای لەسەربێت، فەرموویەتی: ئەوەی بۆ خۆت پێت خۆشە، بۆ براکەشت پێت خۆش بێت!

پوختە:

✍ منداڵە چاوگەشەکان ئێوەش دوای خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە، ئامانجەکانی خۆتان دیاری بکەنو بینوسنەوەو پلانی گەیشتن بە خەونەکانتان دابڕێژن، هەروەها بەردەوام هاوکارو یارمەتیدەری ئەو کەسانەش بن کە پێویستیان پێتانە!

ئازایەتیت لە کوێیە؟

سـومەیيە کچێکی ئازاو بوێرو بە هەڵوێسـت بوو، هەمیشە حـەزی بـە یارمەتیدانو سەرخسـتنی سـتەملێکراو دەکردو دژایەتی کەسـانی سـتەمکاری دەکرد، هەموو کات بەرگری لە کەسانی بچووک، لاوازو بێ دەسـەڵات دەکرد، ستەمکاری خۆش نەدەویسـتو دژی ستەمو چەوسـانەوە بوو، تەنانەت ئەگەر ببینیایە منداڵێك ئازاری سەگێك، یان پشیلەیەك، یان باڵندەیەك دەدات، ڕێگەی لێدەگرتو پێی دەگوت: ئەوە ئاژەڵێکی بەسەزمانە تۆ مافت نییە ئازاری بدەیت!

ڕۆژێك سـومەییە دەڕۆیشـت بۆ قوتابخانە، لە ڕێگەدا دوو کچە خوێندکاری بینی کە لە خۆی زۆر گەورەتربوون، کچەکان هەوڵیان دا ئەو مەدالیایەی لێ بسـەنن کە براکەی پێشکەشی کردبوو، بە هۆی دەرچوونی بە پلەی یەکەم لە قوتابخانە!

هەرچەنـدە هەوڵیدا قسـەیان لەگەڵدا بکات، بەڵام بێ سـود بوو، سـومەییە کەمێك لێیان ترسا، سـومەییە یەکەم جاری بوو، ڕووبەڕووی ترس ببێتەوە، کچەکان پێیان وت: بەخۆشی خۆت ئەو مەدالیایەمان بدەری، ئەگینا لێت ئەدەینو بە زۆر لێت ئەسەنین، سومەیە بە ناچاری مەدالیاکەی پێدان، پاشان ملی ڕێگەی گرتەبەر تا گەیشـتە قوتابخانە، هاوڕێکەی کە هەسـتی کرد، سـومەییە بێتاقەتە، پرسی: شتێك ڕوویداوە سومەییە خانم؟ سومەییە وەڵامی دایەوە: نەخێر هیچ شتێکی ئەو تۆ نەبووە شایەنی باس بێت!

بۆ ڕۆژی دواتر سومەییە ڕۆیشت بۆ قوتابخانە، دووبارە تووشی چەنـــد خوێندکارێك بـــووەوە، پێیان وت: ئەو ئەنگوســـتیلەیە دەستت زۆر جوانە، دەمانەوێت بیدەیت بە ئێمە!

سومەییە وتی: چۆن بیدەمە ئێوە لە کاتێکدا هی خۆمە؟

کچەکان بەگاڵتەجاڕییەوە دەســـتیان کـــردە قاقای پێکەنین و وتیان: ئێستا هی تۆیە، بەڵام پاش کەمێکی تر دەبێت بە هی ئێمە! سومەییە بەوپەڕی خێراییو بە گریانەوە ڕای کرد لە دەستیان و بەرەو قوتابخانە هەڵهات!

کاتێك نیوەڕۆ گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، بێتاقەتو خەمبار بوو، هۆن هۆن ئەســـرینی هەڵدەوەراند، خوشـــکە گەورەکەی لێی پرسی: سومەییە چی ڕوویداوە، بۆچی دەگریت؟

ســـومەییەش تەواوی ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە، خوشکەکەی وتی: ســـومەییە ئەی ئازایەتییەکەت لە کوێیە؟ خۆ تۆ بەردەوام باسی ئازایەتیت دەکردو کچێکی ئازا بوویت..

ســـومەییە وتی: ئـــەوان زۆر لە من گەورەتـــرو بەهێزترن، لەبەرئەوە من لێیان دەترسمو ناتوانم ڕووبەڕوویان ببمەوە!

خوشـــکەکەی وتی: هیچ مەترسە، پێویســـت بە ترس ناکات، پێویســـتە تۆ ئازا بیت! ســـومەییە وتی: من چۆن دەتوانم ئازابم لەگەڵ ئەواندا، کە ئەوان لە من گەورەترو بەهێزترن!

خوشـــکەکەی پێی وت: ئازایەتی زۆر جار باسكو بازوو نییە،

بەڵکو چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵوێستەکانە، ئێستا پێویستە تۆ بەڕێوەبەرو مامۆستاکانت ئاگادار بکەیتەوە!

بۆ ڕۆژی دواتر سومەییە ڕۆیشت بۆ قوتابخانە، لەگەڵ هاوڕێکەی پلانێکی بەهێزیان دانا، سەرەتا ڕۆیشتن بۆ لای بەڕێوەبەرەو مامۆستاکەیان، بابەتەکەیان بۆ ڕوونکردنەوە، پاشان بەپێی پلانێك ڕۆیشتن بۆ شوێنی ئاوخواردنەوەکە، لەوێ تووشی کچەکان بوونەوە،کچەکان چوونە بەردەمیو پێیان وت: دوێنێ لە دەستمان ڕاتکرد، ئەی ئەمڕۆ چی دەکەیتو بۆ کوێ دەڕۆیت؟

سومەییە ئازایانە پێی گوتن: چیتان دەوێت؟

کچەکان وتیان: ئەو ئەنگوستیلە جوانەمان دەوێت! لەو کاتەدا جەنابی بەڕێوەبەر لە پشتیانەوە دەرکەوتو پێی گوتن: تەشریف بهێنن بۆ ژووری بەڕێوەبەر، تا سزای ئەم کارەتان وەرگرن! سومەییە زۆر دڵخۆش بوو، بەوەی پلانەکەی سەری گرت، دووبارە هەستی ئازایەتی لە ناخیدا زیندوو بووەوە!

پوختە: منداڵە چاوگەشەکان، مەرج نییە، تۆ بە باسکو بازوو ئازابیت، چونکە ئەگەر پەنات بۆ باسکو بازو برد، دڵنیابە هەمیشە کەسانێك هەن لە تۆ باسکو بازوویان بەهێزترە، کەواتە هەمیشە عەقڵت بەهێز بکەو پلانی عەقڵ لە پلانی باسکو بازوو بەهێزترە!

حەزئەکەم بە سەربەستی بژیم!

نـــور كچێكی ژیرو عاقــڵو زیرەك بوو، هەر لـــە منداڵییەوە دایكی فێری یاســـاو پاكوخاوێنیو ڕێكخســـتنی كەلوپەلەكانی كردبوو، بەردەوام هاوكاری دایكی بوو، لە ڕێكخســـتنی ناوماڵو خاوێنكردنەوەی ماڵەكەیاندا، حەزی بە پاكو خاوێنیو ڕێكوپێكی ماڵو ڕازاندنەوەی كەلوپەلەكان دەكرد.

ڕۆژێكیـــان نور مۆڵەتی لـــە دایكی وەرگرت بۆئەوەی ســـەردانی هاوپۆلێكی بكات، كە ماڵیان لە هەمان كۆڵانی ماڵی خۆیان بوو، كاتێك چـــووە ژووری كچە هاوڕێكەی، بینی ژوورەكـــەی زۆر ناڕێكە، هیچ شتێك لە شوێنی خۆی نییە، كەلوپەلو جلوبەرگەكانی بە تەواوی ژوورەكەیـــدا پەرشوبڵاوە، كاتێك پرســـیاری لێكـــرد لە هۆكاری ئەم ناڕێكییـــە، هاوڕێكەی وتی: من حەزم لە یاســـاو كـــۆتو بەند نییە، تاقەتی ڕێكخستنو پاككردنەوەی ژوورم نییە، حەزم لە سەربەستییە لە هەر كوێ گەیشتم جلوبەرگو كەلوپەلەكانم دادەنێم..

نوریش وتـــی: منیش حەزم دەكرد وەكو تۆ سەربەســـتانە ژیانم بگوزەراندایە! كاتێك نور گەڕایەوە ماڵەوە، جلوبەرگەكانی گۆڕیو فڕێی دایە سەر جێگەی نووستنەكەی، كاتی نانخواردنی نیوەڕۆبوو، دایكی چووە ژوورەكەی تا بانگهێشتی بكات بۆ چێشتخانەو پێكەوە نانی نیوەڕۆ بخۆن، بەڵام كاتێك ژوورەكەی چاوپێكەوت سەرســـام بـــوو، بینی وا نـــور جلوبەرگەكـــەی فڕێ داوەتە ســـەر جێگەی

نووستنەکەی‌و کەلوپەلەکانی بەم لاولادا پەرش‌و بلاوکردووە، بە سەرسوڕمانەوە پرسی: نور لێرە چی ڕوودەدات؟

نـــور وتی: دایە حـــەز دەکەم بە سەربەســـتی بژیم، لە هەر شوێنێك پێم خۆشبێت کەلوپەلەکانم دابنێم، تاقەتی یاساو ڕێساو کۆت‌و بەندم نییە!

دایکی کە ئافرەتێکی ڕۆشـــنبیرو تێگەیشتوو بوو، وتی: باشە کچی شیرینم هەرچۆنێك پێتخۆشە ئاوا بکە.

بەڵام دڵنیابە ئەوە سەربەستی نییە!

نور بە قســـەکانی دایکی زۆر دڵخۆشبوو، کە ڕێگەی دا چۆنی پێخۆش بێت ئاوا بـــژی، ئیدی پێڵاوەکانی لەســـەر پلیکانەکان‌و کتێبەکانی لەم لاو جلوبەرگەکانی بەسوچ‌و قوژبنی ژوورەکەدا بلاودەکردەوە، ئەو شەوە نور زۆر بە دڵخۆشی خەوت، وایدەزانی گەیشتووە بە سەربەستی ژیان، بۆ ڕۆژی دواتر کاتێك هەستا لە خەو تا خۆی ئامادە بکات‌و بڕوات بۆ قوتابخانە، لە جلوبەرگەکانی دەگەڕا تا بزانێت لە کوێ دایناوە، لە لایەك بە دوای کتێبەکانیدا دەگەڕا تابزانێت کەوتۆتە کام ســـوچی ژوورەکەی، کە جلەکانی دۆزییەوە ســـەیری کرد چرچ‌و لۆچ بوون پێویســـتیان بە ئوتوە ئەی ئوتووەکە لە کوێیە، کاتێك ئوتوەکەی دۆزییەوە بینی شکاوە چونکە ڕۆژی پێشـــتر فڕێی یابووە ســـەر مێزەکـــەو کەوتبووە

خوارەوەو شـــكابوو، هەرچی دەكرد ئامـــادە نەدەبوو تا بڕوات بۆ قوتابخانە، كاتیش بەرەو درەنگی دەچوو، كەمێك دانیشتو بیری كردەوە دەبێت چی بكات؟

خەیاڵی قســـەكانی دایكی كردەوە كە پێـــی گوت: كچی خۆم ئەمە سەربەســـتی نییە!ناچار ڕۆیشـــت بۆ لای دایكی میهرەبانیو پێی گوت: دایەگیان بمبورە من هەڵە بووم، دایكی باوەشی پێداكردو وتـــی: من دەمزانی تۆ كچێكی ژیرییو ناتوانیت ئەو ژیانە فەوزاویو جنجاڵییە قبوڵ بكەیت.. كچە شـــیرینەكەم، سەربەستی ئەوەیە كە تـــۆ گرنگی بە یاســـاو ڕێســـاو پاكوخاوێنیو ڕێكخســـتنی كەلوپەلەكانت بدەیتو بە ئاسوودەیی ژیان بگوزەرێنیت..

نـــور: زۆر سوپاســـی دایكی كـــرد بەڵێنی پێدا، كـــە هەرگیز فەرامۆشی نەكاتو وەكو جاران گرنگی بە ڕێكخستنی كەلوپەلو پاكوخاوێنیو ئیدارەی ماڵو ژوورەكەی بدات..

پوختە:

✍ منداڵـــە چاوگەشـــەكان ئەگەر ســـەردانی هاوڕێكەت كرد، چاو لە شـــتە خراپەكانی مەكە، چاو لە ســـیفەتە جوانو باشەكانی بكە..

✍ دڵنیابە دایكو باوكت دڵســـۆزترین كەســـی تۆن، تكایە هەرگیز ئامۆژگارییەكانیان فەرامۆش مەكە!

دوو برا

لە دێر زەماندا لە گوندێکی بچکۆلانەدا، خەڵکێکی سادەو هەژارو کەم دەرامەت دەژیـــان، لەو گوندەدا دوو برا هەبوون، یەکەمیان نـــاوی (هێمن) بوو، هەژارو کەم دەســـەڵات بوو، بەڵام چاکەکارو ڕەوشـــتبەرز بوو، لەگـــەڵ دەوروبەرو دراوســـێکانیدا مامەڵەی جوانو ڕەفتار شـــیرین بـــوو، حەزی بە هـــاوکاریو یارمەتیدانی خەڵکی دەکردو هەرچی لە دەست بهاتایە درێغی نەدەکرد، هاوکات لەگەڵ خێزانو منداڵەکانیدا ژیانیان زۆر خۆشو ئاسوودە بوو.

دووەمیـــان ناوی: ئاســـۆ بوو، کەســـێکی دەوڵەمەندو خاوەن سامان بوو، لە نێو ماڵێکی گەورەو خۆشدا دەژیا، بەڵام کەسێکی خۆشەویســـتو لەبـــەردڵان نەبـــوو، چونکە چـــروکو ڕەزیل بوو، یارمەتی کەســـی نەدەدا، بەمشـــێوەیە ئـــەم دووبرایە یەك دەوڵەمەندو ئەوی دی هەژار ژیانیان دەگوزەراند.

ڕۆژان دەهـــاتو دەڕۆیشـــت، ئێوارەیـــەك هێمن بـــەرەو ماڵ دەگەڕایەوە، کاتێك گەیشتە ماڵ، چاوی بە خێزانەکەی کەوت، بینی زۆر خەمبارە، دەســـتەوئەژنۆ دانیشـــتووە، کاتێك پرسیاری لێکرد: بۆچی وا خەمباری؟

وتی: نانی نیوەڕۆمان نەخواردووە، هیچ پارەیکیشم پێ نەبوو تا خواردنێك بۆ ئێوارە بکڕم، منداڵەکانیشـــم برسیانە! پێویستە بیر لە ڕێگە چارەیەك بکەینەوە!

به بیستنی ئەم هەواڵە هێمن زۆر نیگەران بوو، ئەو ڕۆژەش کاری دەست نەکەوتبوو، تەنها بڕێکی کەمی دەست کەوتبوو، لە کاتی گەڕانەوەیدا هەژارێکی بینیبوو، ئەوەشـــی بەخشیبوو بەو هەژارە، نەیزانیبوو، خێزانو منداڵەکانی هیچ پارەیەکیشـــیان پێ نییەو هەروەها نانی نیوەڕۆشیان نەخواردووە.

پاشـــان هێمن بیری لە ڕێگە چارەیەك کردەوە، تا منداڵەکانی لە برسێتی ڕزگار بکات، بۆ ئەم مەبەستە بڕیاری دا بڕوات بۆ لای ئاسۆی برایو داوای کۆمەلو یارمەتی لێ بکات، لە ماڵ هاتەدەرو بەرەو ماڵی ئاســـۆ ملی ڕێگەی گرتەبەر، کاتێك بەسەرهاتی ئەو ڕۆژەی خۆیو منداڵەکانی بۆ ئاســـۆی برای گێڕایەوە، ئاسۆ لە مەبەستی سەردانی براکەی تێگەیشـــت، پێی گوت: تۆ ماڵو سامانی خۆت دەبەخشیتو پاشـــان دێیت بۆ لای مـــنو داوای یارمەتی دەکەیت؟ هێمن باش گوێ بگرە، ئەمجارە هەندێك خۆراكو پێداویستیت پێ دەدەم، بەڵام هاوار بۆ تۆ ئەگەر جارێکی تر بێیتو داوای یارمەتی لە من بکەیت!

هێمن بەناچـــاری خواردنەکەی وەرگـــرتو زۆر بەخەمباری بەرەو ماڵ گەڕایەوە، لەبەرخۆیـــەوە دەیگوت: خودا لێت خۆش بێت براکەم!

لە ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ ماڵ، پیاوێکی نورانی جوان ڕووخساری پێگەیشت، وتی: سڵاو کوڕی شیرینم، ئەوە چییە بەدەستەوە؟

هێمنی بەخشندەو دڵگەورەو میهرەبان، زۆر بە گەرمی وەڵامی سـڵاوەکەی دایەوەو وتی: مامە گیان ئـەوە هەندێك خواردنە..

مامەپیرە پرسی: کورِم بۆ کوێ دەڕۆیت؟

هێمن: چیرۆکەکەی بۆ مامەپیرە گێڕایەوەو پاشان خواردنەکەی کـردە دوو بەش و وتی: مامەگیان ئـەم خواردنە زۆرە نیوەی بۆ تۆو نیوەی بۆ ئێمە!

مامەپیرە پێی گوت: کوڕی خۆم کارت چییە؟

هێمن وتی: مامەگیان من چێشتلێنەر بووم لە ماڵی یەکێك لە دەوڵەمەندەکان، بەڵام ئێستا ئەو دەوڵەمەندە سەفەری کردووەو ئەم شارەی جێهێشتووە، لە ئێستادا هیچ کارێکم نییە!

مامەپیـرە زەردەخەنەیەکـی کـردو وتی: مادەم تـۆ ئەوەندە بەخشندەو ڕەوشتبەرزو ئاکار جوانی، دڵنیابە خودا تۆ لە یاد ناکات، فەرموو بەشە خواردنەکەی خۆت بگرەو بیبەرەوە بۆ منداڵەکانت، سبەینێ کە لە خەو هەڵسایت بڕۆ بۆ کۆشکی حەسان پاشا، ئەو لە مێژە بە دوای چێشتلێنەرێکی لێهاتوودا دەگەڕێت!

هێمن زۆر سوپاسی مامەپیرەی کردو خواحافیزی لێکردو بەرەو ماڵ گەڕایەوە، بە دەم نانخواردنەوە بەسـەرهاتەکەی بۆ خێزانو منداڵەکان گێڕایەوە، بۆ سبەی هێمن زوو لە خەو هەڵساو بەرەو شـار بۆ کۆشکی حەسـان پاشـا، بەڕێکەوت.. لەو ڕۆژەوە بووە

چێشتلێنەری حەسان پاشاو لە کۆشکدا ژیانی گوزەراند، حەسان پاشـــا زۆر حەزی بە چێشــتو خواردنەکانی دەستی هێمن دەکرد، لەبەرئەوە کردییە چێشـــتلێنەری تایبەتی خۆی، پاشـــان فەرمانی کرد کە خانوویەکی گەورەو زۆر خۆشـــی لە تەنیشتی کۆشکەوە بۆ دروست بکەن، تا خۆیو منداڵەکانی لەو خانووەدا نیشتەجێبن، لەبەرئـــەوەی دەیزانی هێمن کەســـێکی دڵســـۆزو دەســـتپاكو بە ئەزموونە، هەژارانی خۆشـــدەوێتو هەمیشـــە حـــەزدەکات کە دەستگیرۆییو یارمەتیدەرو هاوکارییان بێت، هەر کات ڕۆژییەك یا هەر شتێکی دەست بکەوتایە، دابەشی دەکرد بەسەر هەژاراندا..

پوختە:

منداڵە چاوگەشـــەکان، بە وردی ســـەرنج بـــدەن، ئاکامی ئەوەی کە هێمن گەیشـــتە کۆشکی پادشـــاو بووە چێشتلێنەری پادشـــاو بووە خاوەنی خانوویەکی خۆشو گەورە لە تەنیشـــت کۆشکی پادشاوە دەزانن چی بوو؟

بێگومان بەخشـــندەییو خۆنەویســـتیو خۆشویستنی هەژارنو دڵســـۆزی لە کاردا بوو! هیـــوادارم ئێمەش هەموومان بتوانین ئەم ســـیفەتە جوانانە لە ناخماندا بڕوێنینو کاریان پێ بکەین!

کاره‌با!

بەیانییەکی ساردو سەرما، بەفر چیاکانو دەشتوهەردی سپی پۆش کردبوو، بایەکی سارد هەڵی کردبوو، وەخت بوو لە سەرمان ڕەق هەڵێین، لەو بارودۆخەدا پاسەکە هات بە شوێنمداو ڕۆیشتم بۆ قوتابخانە، یەك یەك هاوپۆلەکانمی کۆکردەوە، جیاواز لە ڕۆژانی دی، کەس لە سەرما تاقەتی قسەو سوعبەتو پێکەنینی نەبوو، سەرما تەنگی بە هەمووان هەڵچنی بوو، پاسەکە زۆر هێواش ڕێگەی تەی دەکرد، تا گەیشتینە قوتابخانە، جەنابی بەڕێوەبەر وەك پیشەی هەمیشەیی بۆ پێشوازی قوتابیان لەدەروازەی سەرەکی ڕاوەستابوو، بەڵام ئەو بەیانییە بۆ بەخێرهاتنو پێشوازی نا، لەبری ئەوە فەرمانی بە شۆفێری پاسەکان کرد، کە خوێندکارەکان دانەبەزێنن، چونکە دونیا زۆر ساردەو قوتابییەکان بەرگەی ئەو سەرمایە ناگرن، بیان بەرەوە بۆ ماڵەوە، با سەرمایان نەبێتو نەخۆش نەکەون!

کاتێك گەڕامەوە ماڵ، دایکم بینی لەسەرما سور هەڵگەڕاوەو دەموچاوم سووربۆتەوە، بە خێرایی سپلێتی ژوورەکەی داگیرساندو هیتەرەکەشی هەڵکرد تا گەرمم بێتەوە، بەڵام هێشتا بە تەواوی گەرمم نەهاتبووەوە، لەناکاو کارەبا بڕا، دایکم زۆر خەریك بوو، تا چاکی بکاتەوە، وایزانی تەنها ماڵی ئێمەیە، بەڵام

دواتر دەركەوت كە كارەباى نيشتمانى بە تەواوى پەكى كەوتووە بە هۆى بەفرو بارانەوە..

ئيدى دايكم ويســتى سۆپاكە داگيرسێنێت تا كەمێك گەرممان بێتەوە، ماندوو بوو تا توانى ســۆپايەك داگيرســێنێت، دياربوو نەوتى خراپ پلێتەى سۆپاكەى ڕەق كردبوو!

ئــەو ڕۆژە دايكــم نەيتوانى غەســالەكەش داگيرســێنێت تا جلەكانمان بۆ وشــك بكاتەوە، هەمووان بە بێتاقەتى بە دەورى ســۆپاكەدا دانيشــتبووين، تەنانــەت نەمان دەتوانى ســەيرى تەلەفزيۆنيش بكەين، هەروەها نەمان دەتوانى كۆمپيوتەرەكەشمان داگيرسێنين، چونكە كارەبا نەبوو، بە دايكمم وت: باشە چيمان دەكرد ئەگەر كارەبا نەبووايە؟ ژيان چەند ناڕەحەت دەبوو؟

دايكم وتى: كارەبا نيعمەتێكى گەورەيە، هاوشــێوەى خۆراكو ئاو ، ئەگەر كارەبا نەبووايە، ئەوا ژيان زۆر سەخت دەبوو، هيچ ئامێرێكى كارەبا كارى نەدەكرد، ئەو كات دەبوا هەوڵێكى زۆرمان بدايەو خۆمان زۆر مانــدو بكردايە تا خۆمان گەرم بكەينەوەو جلوبەرگەكانمان بشــۆرينو ڕووناكييەكمان دابين بكردايە تا لە تاريكى شەودا لەبەرى دابنيشين، هاوكات نە تەلەفزيۆنو نە كۆمپيوتەرو نە ڕاديۆو نە تەسجيلو نە مۆبايلو نەهيچ ئامێرێك

دەبوو، کە پێویستی بە کارەبا بێت. بیهێنە پێش چاوی خۆت ژیان بێ ئەم ئامێرانە چەند سەخت دەبوو!

وتم: زۆر ڕاستە دایە گیان، بەڕاستی تا ئەمڕۆ نەمزانیبوو کارەبا ئەوەندە نیعمەتێکی گەورەیە، کەواتە زۆر پێویستە پارێزگاری لێ بکەین‌و زیادەڕەویی لەبەکارهێنانیدا نەکەین!

ئەو ڕۆژەمان بێ کارەبا بەسەر برد، ڕۆژێکی ساردو ناخۆش بوو، بە مانگێك لێمان ڕۆیشت، ئێوارە داهات، لەناکاو کارەبا هاتەوە، ماڵ بە جارێك ڕووناك بووەوە، تەلەفزیۆن داگیرسا، غەسالە کەوتەوە کار، کۆمپیوتەرو خەتی ئینتەرنێت کەوتەوە کار، سپلێت ژوورەکەی بە تەواوی گەرم کرد، لە خۆشیدا نەماندەزانی چی بەین! هەمووان سوپاسی خودامان کرد لەسەر ئەو نیعمەتە بەرزە!

پوختە:

✍ ئازیزانم هەروەکو ناتوانین، بەبێ ئاوو خۆراك بژین، هەروا ژیانیش بێ کارەبا زۆر سەختە، کەواتە لە ئێستاوە با ئاگاداربین، زیادەڕەویی لە بەکارهێنانی کارەبادا نەکەین، گڵۆپی زۆر دانەگیرسێنین، ئەگەر لە ژوورەکانمان هاتینەدەرەوە سەرجەم ئامێرە کارەباییەکان خامۆش بکەین! بۆئەوەی ئەم نیعمەتە جوانەمان بۆ بەردەوام بێت!

گوڵی بەختەوەری

لە دێرزەماندا لاوێکی هەژارو بێکارو کەمدەرامەت لە گوندێکی دوورەدەست دەژیا، ئەم لاوە بۆ گەڕان بە دوای کارێکدا، هاتە نێو شـــار، زۆر گەڕا، ماندووبوو لە گەڕان، ڕۆژێك نا، دووان، سیان، ... هتد، بەڵام کارێکی دەست نەکەوت..

چەنـــد ڕۆژێك تێپـــەڕی، ڕۆژێکیان لە کاتـــی گەڕانەوەیدا بۆ ماڵ، پێیەکانی هەڵخلیســـکاو کەوتە ســـەر زەوی، کە ویســـتی هەستێتەوە، گوڵێکی زۆرجوانی بەدی کرد، گوڵەکە لەوە دەچوو تازە کەوتبێتە ســـەر زەوی، تازە بوو، نەشـــەمزابوو، گوڵەکەی هەڵگرتەوەو کەوتەوە سەر ڕێ بەرەو ماڵ..

لـــە ڕێگەدا گەیشـــت بە پیاوێـــك، منداڵێکـــی بچکۆلانەی بە باوەشـــەوە بوو، منداڵەکە ئاماژەی بۆ گوڵەکەی دەســـتی لاوەکە کـــردو بە باوکی گـــوت: کە ئەو گوڵە جوانـــەم دەوێت.. باوکی کـــە نەیدەزانی چۆن داواکاریـــی منداڵەکە بە لاوەکە بڵێت، لەو کاتەدا لاوەکە کە هەســـتی کرد، منداڵەکە ئەو گوڵەی دەوێت.. گوڵەکەی پێشکەشـــی منداڵەکە کرد، ئەوانیش زۆر سوپاســـیان کردو دەبەیەك ئاوی خواردنەوەیان پێبەخشی.

لاوەکە لە ڕێگە بەردەوام بوو، دووبارە گەیشت بە پیاوێك کە دیـــار بوو، زۆر ماندوو تینوو بوو، گەرما بڕســـتی لێ بڕیبوو، لە

ڕێبوار دەچوو، دیاربوو لە ڕێیەکی دوورەوە هاتبوو، لاوەکە دەبە ئاوەکەی بەخشی بەم ڕێبوارە ماندووەکە!

ڕێبوارەکە ئاوەکەی خواردەوەو تینوێتی شـــکا، زۆر سوپاســـی لاوەکـــەی کـــرد، لە پاداشـــتی ئـــەو چاکەیەی دەســـتی کرد بە جانتاکەیداو ملوانکەیەکی دەرهێنا، لاوەکە زۆر بە لایەوە جوان بوو، بەسەرسوڕمانەوە گوتی: ئەوە چییە؟

ڕێبوارەکەش گوتی: ئەم ملوانکەیە هی کچی پادشایە، لێی کەوتووە، مـــن ناتوانم بـــۆی ببەمەوە، بەڵام تـــۆ دەتوانی ئـــەم ملوانکەیەی بۆ ببەیتەوە، شازادە ئەم ملوانکەیەی زۆر لا بەنرخە، ناوی شازادە لەسەر ملوانکەکە نووســـراوە، لاوەکەش زۆر بەخۆشحاڵییەوە ملوانکەکەی وەرگرتو بۆ یەکەمجار ملی ڕێگەی بەرەو کۆشکی پادشا گرتەبەر، سڵاوی لە پاســـەوانەکان کردو مۆڵەتی خواست بۆ بینینی شازادە.. ئەوانیش کە زانییان ملوانکەکەی شـــازادەی هێناوەتەوە، ڕێگەیان دا بچێتە لای شازادە.. لاوەکە ملوانکەکەی پێشکەشی شازادە کرد!

شازادە بە بینینی ملوانکەکەی زۆر دڵخۆشبوو، بەسەرسامییەوە پرسی: تۆ ئەم ملوانکەیەی منت لە کوێ دۆزیوەتەوە؟!

لاوەکە چیرۆکی دەســـتکەوتنی ملوانکەکەی لە سەرەتاوە بۆ گێڕایەوە!

شازادە زۆر سوپاسی کردو گوتی: لەبەرامبەر ئەم دەستپاکییەتدا چیت پێویستە داوا بکە، تا پێت ببەخشم!

لاوەکەش گوتی: بۆئەوەی بە دەســـتپاکی بمێنمەوە پێویستم بە کارێکە؛ چونکە من هیچ کارم نییەو چەند ڕۆژێکە بەدوای کاردا دەگەڕێم!

شـــازادەش گوتی: لەمڕۆ بەدواوە، تۆ لە نێو ئەم کۆشکەدا کار بکەو مانگانـــە مووچەی خۆت وەربگرە! لاوەکەش لە خۆشـــیدا نەیدەزانی بگری، یان پێ بکەنێت، دەســـتی کـــرد بە کارکردن‌و ڕۆژ لـــە دوای ڕۆژ زیاتر زیرەکی‌و لێهاتوویی‌و دەســـتپاکی خۆی دەسەلماند..

پوختە:

✍ منداڵە چاوگەشـــەکان، دەزانـــن لاوەکە چۆن توانی بگاتە نێو کۆشك‌و لەوێدا پەرە بە دەستپاکی‌و زیرەکی‌و لێهاتووییەکانی خۆی بدات؟ بێگومان لە ڕێگەی بەخشـــینەوە بوو، کەواتە تۆش ببەخشەو دڵنیابە هەر لە دنیا پاداشتەکەی وەردەگریت!

✍ بەخشینی گوڵێك، ئەم لاوەی گەیاندە کۆشکی پادشا، کەواتە تۆش هیچ کات، هیچ شـــتێك بە کەم مەزانە، بەخشـــین گەورەیە ئەگەر خەندەیەکیش بێت!

جوجەڵەیەکی خەمبار

ئـــارام لە قوتابخانە دەگەڕایەوە، لە ڕێگەدا فرۆشـــیارێکی بینی، منـــدالآن لە دەوری کۆ بووبوونەوە، ئارام هەڵوێســـتەیەکی کرد، تا بزانێت بۆچی مندالآن کۆبوونەتەوەو ئەو فرۆشیارە چی دەفرۆشێت؟

بینی فرۆشـــیارەکە جووجەڵە دەفرۆشێت، کە هەر یەکەیان ڕەنگێکی ســـەرنجڕاکێش بوون، ئارام بـــە دیتنی جووجەڵەکان زۆردڵخـــۆش بوو، جووجەڵەیەکی بچووکی کڕیو بە دڵخۆشـــی بەرەو ماڵ گەڕایەوە، جووجەڵەکەی لە ئامێز گرتبوو، قســـەی لەگـــەڵ دەکردو دەیگـــوت: منو تۆ پێکـــەوە دەبینە هاوڕێ، من لەمەودوا زۆر گرنگی بە تۆ دەدەم، پێکەوە یاری دەکەین!

کاتێك گەڕایـــەوە ماڵەوە، دایکی بەخێرهاتنـــەوەی کردو بە خەندەوە گوتی: ئەم میوانە بچووکەمان کێیە؟

ئارام گوتی: دایەگیان، ئەوە هاوڕێ تازەکەمە، دەســـتیان کردە پێکەنینو بەخێرهاتنی میوانە تازەکەیان کرد!

ئـــارام لەو ڕۆژە بـــەدواوە، هەوڵی دەدا کـــە گرنگی زۆر بە هاوڕێکەی بدات، یاری لەگەڵدا دەکردو دانەوێڵەو خواردنو ئاوی بۆ دادەنا، لەگەڵ ئەوەشدا ئارام هەستی دەکرد کە جووجەڵەکەی زۆر بێتاقەتە، بەباشی خواردن ناخوات!

ڕۆژەکان تێپەڕین، جووجەڵە بـــەردەوام لاوازو بێتاقەت بوو، ئارام

نەیدەزانــی چی ڕوو دەدا، لەگــەڵ ئەو هەموو خزمەتەشــدا، بۆچی جووجەڵەکەی هەمیشە بەرەو لاوازی دەچێت؟

ناچار ڕۆیشــت بــۆ لای دایکیو بارودۆخــی جووجەڵەکەی پێ ڕاگەیاند، دایکی کەمێك بیری کردەوەو دواتر گوتی: کوڕی شیرینم، خۆت بخەرە شوێنی جووجەڵەکەو بیر بکەرەوە بۆچی خەمباریت؟!

ئــارام گوتی: لەوانەیە منی خــۆش نەوێت، لەوانەیە ڕقی لە مــن بێت، بەڵام بــە هیچ کام لەم وەڵامانەی خــۆی ڕازی نەبوو، لەبەرئــەوە جارێکی دیکــە گەڕایەوە بۆ لای دایکــیو دووبارە پرسیاری لێکرد..

دایکی گوتی: کوڕی شــیرینم، ڕات چییە ئەگەر تۆ بە تەنها لە ژوورەکەت دابنیشیتو نەڕۆیت بۆ قوتابخانە، سەردانی هیچ کام لە هاوڕێکانت نەکەیت، کەســیش ســەردانی تۆ نەکات، نەچیتە دەرەوەی ماڵ، ئایا لەو کاتەدا هەست بەچی دەکەیت؟!

ئــارام گوتی: هەســت بە تەنهایــیو بێتاقەتیی دەکــەم، ئایا مەبەستت ئەوەیە کە جووجەڵەکە هەست بە تەنهایی دەکات، لەبەرئەوەی نە هاوڕێیەکی لەگەڵدایە، نە دایەو بابەی؟!

دایکــی گوتی: بەڵێ کــوڕی خۆم، جووجەڵەکە هەســت بە تەنهایی دەکات، دەڵێیت چی، ئەگەر چەند جووجەڵەیەکی دیکە

بکڕین‌و لەسەربان کولانەیان بۆ درووست بکەین؟

ئـارام بەم پێشـنیارەی دایکی زۆر دڵخۆش بوو، لە خۆشـیدا هەڵدەپەڕی‌و سوپاسـی دایکی دەکرد، بەم شێوەیە جووجەڵەکان پێکەوە بە دڵخۆشـیی دانیان دەخـواردو یارییان دەکردو ژیانیان بەخۆشی بەسەر دەبرد..

پوختە:

✍ منداڵە چاوگەشـەکان، ئەمەش ئـەوە دەگەیەنێت، کە هیچ کام لە باڵندەکان بە تەنها خۆشحاڵ نین، ئەگەرچی خزمەتی زۆریشـیان بکەیت، کەواتە گەر دەتەوێـت باڵندەیەکی ماڵی لە ماڵەوە ڕابگریت، ئـەوا هەرگیز بە تەنهـا باڵندەیەك ڕامەگرە، هەوڵ بدە چەند دانەیەك بن، تا پێکەوەو ئاسودەو بەختەوەرانە ژیان بگوزەرێنن، چونکە هەرچەندە تۆ خزمەتی تەنها باڵندەیەك بکەیت‌و جێگەی تایبەتی بۆ دروسـت بکەیت‌و خواردنی خۆش‌و ئاوی پێ بدەیت، ناتوانیت بەختەوەری بکەیت‌و خۆشحاڵی بکەیت، ئەگەر چەند هاوڕێیەکی لە ڕەگەزی خۆی لەگەڵدا نەبێت..

✍ خواردن‌و ئاو، ڕاسـتە سـەرچاوەی ژیانە، بەڵام ناتوانێت دەروون ئارام‌و ئاسوودە بکات.

✍ چونکە تەنهایی سـەختەو تەنانەت باڵندەکانیش بەرگەی ناگرن!

کچە نموونەییەکە

روئیـــا هەموو بەیانییەك زوو لە خـــەو ڕادەبورد، پەنجەرەی ژوورەکانـــی دەکـــردەوەو جێگـــەو نوێنەکانی ڕێك دەخســـتو دەستو دەموچاوی بە ئاوو ســـابوون دەشۆریو هاوکاری دایکی دەکرد لە ئامادەکردنی نانی بەیانیداو پاشـــان هەمووان لەســـەر خوانی بەیانیان کۆدەبوونەوەو پێکەوەو بەوپەڕی ئاسوودەیی نانی بەیانیان دەخوارد، پاشـــان روئیا ددانەکانی بە فلچەو مەعجون دەشۆریو خۆی ڕێك دەخستو جلوبەرگی قوتابخانەی دەپۆشیو مالآئاوایی لە دایكو باوکی دەکردو دەڕۆیشت بۆ قوتابخانە.

روئیا لـــە قوتابخانە کچێکی زیرەكو لێهاتوو بوو، هەمیشـــە ئەو شـــتانەی کە نەیدەزانی، یان تێنەدەگەیشـــت پرســـیاری لە مامۆستاکەی دەکردو نەیدەهێشت هیچ شتێك بەسەریدا تێبپەڕێت کە لێی تێ نەگات..

لە کاتی پشـــوودا دەڕۆیشـــت بۆ کتێبخانـــەی قوتابخانەکەو چیرۆکە بەسوودەکانی دەخوێندەوە، بەتایبەت ئەو چیرۆکانەی کە باسیان لە سەرکەوتنو کۆڵنەدانو بەردەوامبوون دەکرد.

روئیا قوتابییەکی بە ئەدەبو ڕەوشـــتبەرزو ژیرو سەنگینو بێدەنگ بوو، هەموو مامۆستاکانو هاوپۆلەکانی خۆشیان دەویست، هەرگیـــز دڵی کەســـی ئازار نـــەدەدا، بە بێدەنگی لـــە پۆلەکەی

دادەنیشتو بە پەرۆشەوە گوێی بۆ مامۆستاکەی ڕادەدێرا!

کاتێکیش دەگەڕایەوە ماڵ سڵاوی لە دایکی دەکردو دەڕۆیشتە ژوورەکەی خۆی، جلوبەرگی قوتابخانەی دەگۆڕیو جلی ماڵەوەی لەبەر دەکرد، جلەکانی لـــە نێو کانتۆرەکەی بەڕێکوپێکی دادەنا، هەرگیز کەلوپەلەکانی لەملاولا فڕێ نەدەدا، ژوورەکەی هەمیشە ڕێکو جوانو خاوێن بوو، پاشان دەڕۆیشتە چێشتخانەو هاوکاری دایکی دەکـــرد لە ئامادەکردنی خوانی نیـــوەڕۆدا، پاش نانخواردنی نیوەڕۆو هەڵگرتنەوەی خوانەکەو شـــۆردنی قاپو قاچاخەکان، دەڕۆیشـــتەوە بۆ ژوورەکەی خۆیو خشتەی وانەکانی بۆ سبەی جیادەکـــردەوەو دەســـتی دەکرد بـــە نووســـینەوەو ئامادەکردنی وانەکانی ڕۆژی دواتر..

کاتژمێرێك پێش خۆرئاوابوون لەگەڵ خوشکە بچووکەکەیدا یاری دەکرد، یان ســـەیری فیلمێکی پەروەردەیی دەکرد، تا شـــتی بەسوودی لێوە فێربێت..

شەوگاریش ئەگەر ئەرکی قوتابخانەی بمایە، دەچووە ژوورەکەی خۆیو ئەرکەکانی تـــەواو دەکردو بە تەواوی خۆی ئامادە دەکرد بۆ قوتابخانـــە، خۆئەگەر ئەرکی قوتابخانەی نەمابا، ئەوا لەگەڵ دایکو باوکیو خوشکە بچووکەکەی پێکەوە دادەنیشتنو کاتێکی

خۆشــيان بەســەر دەبرد، يان دەچوونە ســەردانی ماڵی خزمو کەسوكارەكانيان.

ڕۆژێكيان بانگهێشتێكيان پێگەيشت كە هەر كچێك دەيەوێت بەشــداری ئــەم پێشــبڕكێيە بكات، نــاوی خۆی تۆمــار بكات، پێشــبڕكێكە بە مەبەســتی دياريكردنی كچی نموونەيی گەڕەك بوو، هــاوكات لەبەرئەوەی روئيا كچێكی جــوانو ئاكار بەرزو ســەنگينو خۆشەويســتی هەمووان بوو، دايكی ناوی روئيای بۆ بەشــداری كردن لە پێشــبڕكێكە تۆمار كردبوو، بەبێئەوەی بە روئيا بڵێت.

لە ڕۆژی پيشبڕكێكەدا، دايكی روئيا وتی: وەرە بابڕۆين بۆ ئەو پێشــبڕكێيە، پێكەوە ڕۆيشتن بۆ هۆڵی پێشبڕكێكەو چاوەڕوانی دەســتپێكردنی پێشــبڕكێكەيان دەكرد، تا تيايدا ناوی باشترينو نمونەيی ترين كچانی گەڕەك بخوێنرێتەوە..

پێشــبڕكێ دەســتی پێكرد، ليژنەی ئامادەكار دەستيان كرد بە خوێندنــەوەی ناوی باشــترينو نمونەيی تريــن كچانی گەڕەك، ســوپرايزێكی ســەير بــۆ روئيا ڕوويــدا، هەر كــە يەكەم ناو خوێندرايەوە گوێی بە ناوی خۆی زرنگايەوە..

هەمووان دەســتيان بە چەپڵەڕێزان كرد، روئيــاش لە باوەشی

دایـــكو باوكیدا بـــوو، له خۆشـــیدا فرمێســـك لـــه چاوەكانی هەڵدەوەراند، وتی: دایەگیان زۆر سوپاستان دەكەم.

پاشـــان روئیا بەرەو تەختی شانۆكە كەوتە ڕێ، بۆ وەرگرتنی خەڵاتـــی كچی نمونەیـــی، دوای ئەوەی خەڵاتەكـــەی وەرگرت، وتی: دایەگیان بەڕاســـتی تۆ شـــایەنی ئەو خەڵاتەیت، چونكە تۆ منت فێری هاوكاریو خۆشەویســـتیو ڕاستگۆییو لێبوردنو ورەبەرزیـــیو چەندەها ئـــاكاری جوان كرد، تۆ منـــت هان داو هاوكاریـــت كردم تا له خوێندنگه ســـەركەوتوو بم، هەمیشـــه هاوكارو یارمەتیدەرم بوویت..

ئامادەبووانی پێشـــبڕكێكە هەمووان پێكـــەوە چەپڵەبارانیان كردو وتیان: بەڕاستی تۆ شایەنی ئەوەی ببیتە كچی نمونەیی!

پوختە:

✍ هەر یەك له كچه كوڕو لاوەكانمان دەتوانن هەوڵ بدەن تا ببنه كەســـی نموونەیی، بێگومان به ئاكاری جوانو ڕەوشـــتی بەرزو گیانی هاوكاریو نەرمونیانیو لەســـەرخۆییو گرنگیدان به ئەركی قوتابخانەو ماڵ!

مشتومڕی نێوان سەوزەکان

مام کەمال خاوەنی دوکانی فرۆشتنی سەوزەو میوە بوو، پیاوێکی خۆش قسـەو مامەڵە شـیرین بوو، هەمووان خۆشیان دەویست، سـەوزەو میوەکانی مام کەمال هەمیشە لە هەموو دوکاندارەکانی دیکە جوانتر بـوو، هاوکات نرخەکەشـی هەرزانتر بوو، چونکە پیاوێکی بێ تەماح بوو، بە قازانجێکی کەم ئەیفرۆشتەوە، بۆئەوەی هەمیشـە ڕۆژانە میوەو سەوزەکانی تەواو بکاتو بۆ ڕۆژی دواتر سەوزەو میوەی تازە بهێنێت، ئەمەش وایکردبوو کە هەمو دانیشتوانی گەڕەك بۆ کڕینی سەوزەو میوە، دەڕۆیشتن بۆ لای مام کەمال..

ڕۆژێـك پەیام لەگەڵ دایکی دەڕوات بۆ دوکانی مام کەمال، بۆ ئەوەی هەندێك سەوزە بکڕن بۆ زەڵاتە، دایکی بە پەیامی گوت: هاوکاریم بکە لە هەڵبژاردنی سـەوزەکان بۆ ئەوەی زەڵاتەیەکی خۆش دروسـت بکەین، پەیام تەماتـەو خەیارو گوێزەرو لیمۆو کاهوو پیازی هەڵبژاردو کردییە نێو عەلاگەوەو چووە ڕیزەوە تا لای تەرازووەکە بیانکێشـێتو نرخەکەی بدات بە مام کەمال..

بەڵام پەیـام گوێی لە دەنگێك بوو، دەیگـوت دوورکەوەرەو لێم خاتوو پیاز، من حەز بەو بۆنە ناخۆشەی تۆ ناکەم!

لیمـۆ هاتە دەنگو وتی: خاتوو تەماتـە لێرە چی ڕوودەدات؟ کێشەتان چییە؟

تەماتە وتی: من ڕقم لە بۆنی پیازە، پیازیش هاتۆتە تەنیشتمەوەو

بێزاری کـــردووم، تکایە پێی بڵێ دوورکەوێتەوە لێم، خاتوو پیاز هیچ ســـوودێکی نییە! ئەو وەکو من بەســـوودو بەتام نییە! هیچ زەڵاتەو خواردنێك بێ من دروســـت ناکرێت، چەندەها ڤیتامینی بەسوودم تێدایە بۆ جەستەی مرۆڤ!

خاتوو پیـــاز زەردەخەنەیەکی کردو هاتە گـــۆ: بەڕێز خاتوو تەماتە، بە پێچەوانەوە من زۆر بەسوودم، لەبیرت نەچێت من لە هەموو ژەمە خۆراکەکاندا لەگەڵ تۆدا بەشـــداری دەکەم، من وەکو تۆ بۆ مرۆڤ بە ســـوودم، تەنانەت یارمەتی چاکبوونەوەی مرۆڤ دەدەم لە ســـەرماو هەڵامەت، من دژە شـــێرپەنجەم، زۆر بەسوود بۆ ئەو کەسانەی نەخۆشی شەکرەیان هەیە!

لیمۆش وتی: بەڵێ من ئەوانە دەزانم، لە ڕاســـتیدا منیش وەکو تۆ بەسوودم خاتوو پیاز، بۆ چارەسەری سەرما بەکاردەهێنرێم، زۆرێك ڤیتامینم لە خۆ گرتووە، لە دروستکردنی خواردنو زەڵاتەو سرکەدا بەکاردەهێنرێم، هەروەها شەربەتی بەتامم لێ دروست دەکرێت!

لەو لاوە کاهوش کە گوێی لەم مشتومڕەبوو، دەستی کرد بە پێکەنینو وتی: بەڵێ منیش ئەو ڕاســـتییانە دەزانم، بەڵام بەڕێز گوێزەر بۆچی بێدەنگەو هیچ قسەیەك ناکات، بەڕێز گوێزەر وتی: مـــن لە دوورەوە ســـەیر دەکەم، بزانم چـــی ڕو دەدات، من زۆر بەســـوودم بۆ بینین، هێزی بینینی مرۆڤ زیـــادو بەهێز دەکەم،

هەروەها زۆر بەهێزم بۆ دڵو جەســـتە، مرۆڤ لە دروستکردنی مرەباو سرکەو زۆرێك لە ژەمە خۆراکییەکان بەکارم دەهێنێت، کەواتە منیش وەکو ئێوە بەسوودم، بەڵام من بینیم خاتوو تەماتە خاتوو پیازی نیگەران کرد.

ســـەوزەکان هەموو بێدەنگ بوون، سەیرێکی خەیاریان کرد پێیان وت: تۆ بۆ قسەیەك ناکەیت، خۆ تۆش ئەندامێکی لە ئێمەو هاوبەشـــی دەکەیـــت لەگەڵماندا لە دروســـتکردنی زەڵاتەیەکی بەتامدا، زۆر بەســـوودی بۆ پێســـتی مرۆڤ، ژەهری جەســـتەی مرۆڤ دەکەیتە دەرەوە، تکایە هاوکارمانبە بۆ چارەســـەری ئەم کێشەیە، هەموومان بە دادوەری تۆ ڕازین..

بەڕێز خەیـــار وتی: هەمووما‌ن پێکـــەوە هاوکارین بۆئەوەی ســـوود بە جەســـتەی مرۆڤ بگەیەنین، هەر یەك لە ئێمە بە شێوەیەکی جیاواز سوود بە جەستەی مرۆڤ دەگەیەنێت، واتە هەر یەکەمان بۆ شـــتێك باشـــین، نابێت مشتومڕ لە نێوانماندا دروســـت ببێت، چونکە هەمووما‌ن پێکەوە دەتوانین هاوکاربین، هەم بۆئەوەی زەڵاتەیەکی بەتامما‌ن لێ دەربچێت، هەم بۆئەوەی سوود بە هەموو لایەنەکانی جەستە بگەیەنین!

خاتوو تەماتـــە بە ڕای من دەبێت تۆ داوای لێبوردن لە خاتوو پیاز بکەیت!

خاتوو تەماتە لەبـــەردەم هاوڕێکانیدا زۆر داوای لێبوردنی لە خاتوو پیاز کردو ئیدی سەوزەکان هەمووان پێکەوەو بەوپەڕی خۆشـــحاڵییەوە دەســـتیان کردە پێکەنین، لەو کاتەدا مام کەماڵ بانگی پەیامی کردو وتی: کچم وەرە با سەوزەکانت بۆ بکێشم!

پەیام ســـەوزەکانی دایە دەســـتی مام کەماڵو پاش کێشـــانەی نرخەکەی پێدا، دواتر لەگەڵ دایکی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، لە ڕێگە پەیام تـــەواوی چیرۆکەکەی بۆ دایکی گێڕایەوە، دایکی دەســـتی کردە پێکەنینو وتی: ڕاستەکەی کچی خۆم، بەڵام خۆ سەوزەکان قسە ناکەنو مشتومڕ لە نێوانایاندا دروست نابێت هههههە..

پەیام دەستیکرد بە پێکەنینو وتی: دیارە من خەوم لێکەوتووە لە خەوما ئەوەم بینیوە هههههههە!

پوختە:

✍ منداڵە چاوگەشـــەکان، لە ڕاســـتیدا هەموو ســـەوزەکان ســـوودیان هەیە بـــۆ مرۆڤ،ئەوان بە هەموویان دەتوانن ســـودی تەواو بە ئێمە بگەیەننو خواردنی خۆشـــمان پێشـــکەش بکەن، هاوشـــێوەی مرۆڤەکان ئێمەش بە هەموومان دەتوانین ســـوود بە نیشتمانو وڵاتمان بگەیەنین، کەسمان بێ سوود نین، نابێت ڕقمان لە یەکتری بێتو مشتومڕو کێشە لە نێوانمان دروست ببێت!

پاداشتی چاکە هەر چاکەیە

لـــه دێر زەماندا شـــوانێکی هەژارو دڵپاکو دەســـتپاك هەبوو، ڕۆژانە مەڕومالاتەکەی دەبردە لەوەڕگاو کەژو کێوەکان، ئێواران بە ماندوویی دەگەڕایەوە ماڵ، پێکەوە لەگەڵ هاوسەرەکەی نانی ئێوارەیـــان دەخوارد، کاکی شـــوان چونکە بە ڕۆژدا ماندوو بوو، هەر زوو چاوەکانی دەچوونە خەو..

ڕۆژێکیان هاوســـەرەکەی پێی گوت: ئازیـــزم دەڵێی چی، کە من خۆم فێری ڕســـتنو چنین بکەم، بۆئەوەی ســـوود لە خوری مـــەڕەکان وەربگرین، تۆ خورییەکەم بـــۆ بهێنە، منیش دەیچنمو دەیفرۆشمو بە پارەکەی داهاتمان زیاد دەبێت، تۆش سەرپەرشتی مەڕەکان دەکەیتو قەڵەویان دەکەیتو پاشـــان دەیانفرۆشین.. بەم شێوەیە سەروەتو سامانو داهاتمان زیاد دەکات؟؟

کاکی شـــوان وتی: بەڕاســـتی پێشـــنیارێکی جوانـــە، زۆریش بەسوودە، بەڵام من خۆم خورییەکە دەبەم بۆ بازاڕو دەیفرۆشم.. چونکە ئەو ئەرکە قورسە بۆ تۆ، من ئەنجامی دەدەم!

لـــەو ڕۆژە بەدواوە کاکی شـــوان، هەمـــوو ڕۆژانێکی هەینی کەســـێکی دیکەی دەنـــاردە لای مەڕەکانو خـــۆی ئەو خورییەی هاوسەرەکەی دەیڕست، دەیبردە بازاڕو دەیفرۆشت، لەبەرئەوەی خوریەکەیـــان زۆر پاکو بێ فێڵ بوو، شـــوانو هاوســـەرەکەی

دوو کەسی زۆر سەرڕاست بوون، بە ماوەیەکی کەم ناوبانگی لە نێو خەڵکیدا پەیدا کردو خەڵکی لە هەموو لایەکەوە لێی کۆدەبوونەوەو هەر زوو بەرهەمەکەیان لێ دەکڕیو کاکی شوان بە دڵخۆشی دەگەڕایەوە ماڵ..

بەمشێوەیە ژیانیان بەردەوام بوو، داهاتو سامانیان تا دەهات زیاتر دەبوو، ناوبانگی باشیو سەرڕاستیان بەردەوام لە زیادبوندا بوو..

ڕۆژێك لە کاتی گەڕانەوەی کاکی شوان بۆ ماڵەوە، ئەسپسوارێکی بینی لە ئەسپەکەی کەوتبووە خوارەوە، لەبەر ئازار نەیدەتوانی هەڵسێتە سەرپێ، کاکە شوانەی مرۆڤ دۆست، لێی نزیك بووەوەو چووە ژێرباڵییەوەو هەڵی گرتو بردییەوە بۆ ماڵەوە، ئەو شەوە میوانداری کردو ڕێزێکی زۆری لێگرت، تا بۆ ڕۆژی دواتر ئەسپسوار ئازاری نەما بە تەواوی باشبوو، پاشان سوپاسی کاکی شوانی کردو مۆڵەتی ڕۆیشتنی خواست..

هەرچەندە ئەو ڕۆژە هەینی بوو، کاکی شوان نەیتوانی لەبەر میوانەکەی بچێتە بازاڕ، بەڵام هاوکات زۆر دڵخۆشبوو، چونکە توانیبووی خزمەتی ڕێبوارێك بکاتو ڕێزی لێ بگرێتو بە جوانی میوانداری بکات!

بۆ هەینی دواتر کاکی شوان وەك ڕۆژانی پێشووی بەرەو بازاڕ

کەوتەڕێ، بۆئەوەی بەرهەمی خوری هاوســەرەکەی بفرۆشێت، کاکی شوان چاوەڕێ بوو وەکو ڕۆژان خەڵکی بە خۆشحاڵییەوە لێــی کۆببنەوە، بەڵام بە پێچەوانــەی ڕۆژانەوە خەڵکی هەموو بە گازندەو گلەیی‌و بۆڵەبۆڵەوە بەرەو ڕووی کاکی شوان هاتن‌و سکاڵایان کرد، کاکی شــوان کە ئاگای لە هیچ نەبوو، نەیدەزانی چی ڕوو دەدات، بەسەرسوڕمانەوە پرسی: ئایا شتێك ڕوویداوە؟

خەڵکەکە وتیان: هەینی پێشــوو تۆ فێڵــت لێ کردووین، ئەم خورییەمــان لە تۆ کڕیوە، بەڵام جۆرەکەی باش نییەو زۆر خراپە، ئێمە متمانەمان بە تۆ هەبوو، بەڵام تۆ متمانەی خۆت لە دەست دا!

شــوانەکە بەسەرســامییەوە وتی: بەڵام من هەینی ڕابردوو نەهاتووم بۆ بازاڕ، چونکە میوانم هەبووە!

خەڵکەکــە وتیان: ڕاســتە خۆت نەهاتووی، بەڵام کەســێك هات‌و لەو شوێنەی تۆ ڕاوەستاو وتی: ئەمڕۆ من خورییەکەی بۆ دەفرۆشم، لەبەرئەوەی ئەو ناتوانێت بێت!

شــوانەکە وتی: بەڵام من هیچ کەســم نەنــاردووە! بڕوام پێ بکەن من هەرگیز درۆ ناکەم!

خەڵکەکــە وتیان کەواتە با بچینــە لای قازی تا لە نێوانماندا دادوەری بکات!

شــوانەکەو خەڵکەکە پێکەوە ڕۆیشتن بۆ لای قازی، کاتێك گەیشـــتنە دادگا شوانەکە بە بینینی قازی سەرسام بوو، چونکە قازی ئەو کەســـە بوو، کە هەینـــی ڕابردوو میوانی بووەو ڕێزی گرتووەو یارمەتی داوە!

قازی بە دیتنی کاکی شـــوان، هەســـتایە ســـەرپێو بە گەرمی بەخێرهاتنی کرد، پاشان وتی: فەرموو دانیشن، دواتر جەنابی قازی تەواوی ڕووداوەکەی بۆ ئامادەبووان گێڕایەوە، خەڵکەکەش هەموو بڕوایـــان کرد کە هەینی ڕابردوو کاکی شـــوان نەهاتووە بۆ بازاڕ، پاشـــان دەســـتیان کرد بە گەڕان بەدوای ئەو کەسەی کە دەستی بڕیونو درۆی لەگەڵدا کردوون، تا سزای بدەنو تەمێی بکەن!

زۆر ڕاستە کەس نازانێت خێر لە چیدایە!

پاشان شوانەکە زۆر سوپاســـی جەنابی قازی کردو وتی: ئەم چاکەیەت هەرگیز لە یاد ناکەم!

قازیش وتی: پاداشتی چاکە هەر چاکەیە!

پوختە:

✍ چاکـــە بکەو بیدە بە دەم ئاوەوە، ڕۆژێك دێت دیتەوە ڕێت.. هەمیشە ڕاستگۆو سەر ڕاستبە، دڵنیابە سەربەرز دەبیت.

وەڵامی خراپە بە چاکە بدەرەوە

له دارســـتانێکدا مــاڵ گەلێکی زۆری مێروولـــەی لێبوو، هەر یەکەیان ســـەرقاڵی ژیانو گوزەرانی خۆیان بوونو بە خۆشیو شـــادی لەگەڵ بێچووەکانیان ژیانیان دەگوزەراند، یەکێك لە ماڵە مێروولـــەکان، کە لە نـــاو هەمووواندا بە ڕۆح ســـوكو چاکەکار ناســـرابوو، پێکەوە لەگـــەڵ منداڵەکانی بە ئاســـوودەیی ژیانیان دەگوزەراند..ڕۆژێکیان دایکە مێروولە نەخۆش کەوت، نەیدەتوانی بڕواتە دەرەوەو خواردن بۆ بێچووەکانی پەیدا بکات، لەولاشەوە بێچووەکانی هەستیان بە برسێتی کردو بێتاقەتو ماندووبوون.. ناچار ڕۆیشتن بۆ لای دایکیانو پێیان گوت: دایە برسێتی بڕستی لێ بڕیوین، تکایە چارەسەرێکمان بکە؟

دایکە مێروولە بەو بارودۆخەوە کەمێك بیری کردەوەو وتی: زۆرباشە ڕۆڵەکانم، هەر ئێستا دەڕۆم خواردنتان بۆ پەیدا دەکەم.. هەر چۆنێك بێت بە ماندوویيو ئازارەوە ڕۆیشتە دەرەوە، بیری کردەوە کە داوای یارمەتی لە خاتوو نمەی هاوڕێی بکات.. بۆ ئەو مەبەســـتە ڕۆیشتە ماڵی خاتوو نمەی دراوسێيو داوای یارمەتی لێکـــرد، کە تا ئەو کاتەی چاك دەبێتەوە بڕێك خواردنی بداتێ بۆ منداڵەکانی، چونکە زۆر برسییانە!

بەڵام خاتوو نمەی دراوسێی، وتی: ببورە خواردنم تەنها بەشی

خۆمو منداڵەکانم هەیە، ناتوانم یارمەتیت بەم!

مێرولەی دایك سوپاسی کردو ماڵاوایی لێکردو ڕۆیشت، ناچار بە نەخۆشـــی ملی ڕێگەی گرتە بەر، تا خۆی بچێت خواردن بۆ منداڵەکانی پەیدا بکات.

دوای چەنـــد ڕۆژێك مێروولەی دایك بە تەواوی چاك بووەوە، دەســـتی کرد بە کۆکردنەوەی خۆراك بـــۆ منداڵەکانی، هەروەها پێکەوە لەگەڵ بێچووەکانی هەوڵی زۆریاندا تا خۆراك پاشەکەوت بکەن بۆ زســـتانیش، چونکە دوای یەك دوو مانگی دیکە زستان دێتە پێشو بەفروباران ڕێگەیان نادات بچنە دەرەوە..

ڕۆژان هاتو چوو، زســـتان ســـڵاوی کردو کوردوتەنی بەرگی هـــەژاران درا، لە ڕۆژێکی باراناویدا، ئـــاو دزەی کردە ماڵی خاتوو نمە، چونکە لە تەنیشت چاڵە ئاوێکەوەبوو، هەموو ئەو خۆراکەی هەڵیانگرتبوو بۆ زســـتان تەڕبوو، خۆیو بێچووەکانی ئەوەندەیان پێکرا کە بچنە سەر بەردێکی بڵند تا لە خنکان ڕزگاریان بێت، بۆ ڕۆژی دواتر خاتوو نمەو بێچووەکانی هەســـتیان بە برسێتییەکی زۆر کرد، بەڵام چۆن بچنە دەرەوە؟ ئەی دەبێت چی بکەن؟

خاتوو نمە وتی: چارەیەك نییە دەڕۆین بۆ ماڵی خاتوو مێرولەی دایك، ئەو دراوسێیەکی میهرەبانەو دەتوانێت یارمەتیمان بدات..

بەڵام کە بیری کردەوە ئەو ڕۆژەی ئەو هات بۆ لای داوای یارمەتی کــرد، ئەم داواکــەی ڕەت کردەوەو خواردنی پێ نــەدا، وتی: نا ناکرێــت بڕۆین، چونکە ئێمە لە تەنگانــەدا یارمەتی ئەوانمان نەدا.. ئەی خودایە ئێســتا دەبێت منو منداڵەکانم چی بکەین!؟ ڕوو لــە دەرگای کــێ بکەین، خۆ بەم زســتانە ناتوانین خۆمان خۆراك پەیدا بکەین!

لەو بیرکردنەوانەدا بوون، لە دەرگایماڵیان درا، کاتێك فەرموویان کــرد، بینیان ئــەوە خاتوو مێروولەی دایکە بە خــۆیو خواردنێکی باشــەوە هاتووە بۆ لایان، پێی وتن: دراوسێ ئازیزەکەم هەواڵم زانی کە دوێنێ شــەو چی ڕوویداوە، لەبەرئەوە وتم: ئێستا بێچووەکانی برسیانە با خواردنیان بۆ ببەم تا لەم تەنگانەیە ڕزگاریان بێت!

خاتوو نمە زۆر هەســتی بە شــەرمەزاری کرد، پاشــان بە شــەرمەوە سوپاســی کردو وتی: بەڕاســتی تۆ دراوســێیەکی میهرەبانی. خاتوو مێرولەش وتی: ماڵی دراوسێ بۆ دراوسێیە..

پوختە:

✍ منداڵە چاوگەشــەکان هیــوادارم ئێوەش لــەم چیرۆکە پەنــد وەربگرنو وەڵامی هەڵەی هاوڕێکانتان بە چاکە بدەنەوە، هەرگیز وەڵامی خراپە بە خراپە مەدەنەوە!

دوو لاوی زیرەك

لە دێـر زەمانداو لە یەكێك لە شـارەكان نەخۆشـی ... بە شـاردا بڵاوبووەوە، پادشـای وڵات بڕیـاری دا دوو لاوی زیرەك بنێرێت بۆ ئەو شـارەی كە لە زانسـتی پزیشكیدا بەناوبانگن‌و زۆر پێشـكەوتوون، بۆئـەوەی ئەو دوو لاوە لەو شـارە فێری زانستی پزیشـكی ببن‌و پاشان بگەڕێنەوە بۆ شارەكەی خۆیان‌و چارەسـەری نەخۆشـەكانی شـارەكەیان بكەن.. جەنابی پادشا بڕیـاری دا مانگانەیەك بۆ هـەر یەك لەو دوو لاوە ببڕێتەوە بە بڕی ١٠٠ دیناری ئەو كاتە! هەروەها نامەیەكی بۆ نووسـین تا بیگەیەننە پادشای ئەو شارەو لەوێ جێگەو ڕێگەو پێداویستی ژیانیان بۆ دابین بكات‌و باشترین حەكیم‌و مامۆستایان بۆ دابین بكات.

بۆ ڕۆژی دواتر مەحمودو ئەكرەم خۆیان ئامادەكردو ماڵاواییان لە ماڵ كردو بە ڕێكەوتن، جەنابی پادشا بە خۆی‌و جەماوەرێكی زۆرەوە ئامادەبوون‌و تا سنوری شار بە ڕێیان كردن‌و ڕێوڕەسمی شكۆدارانەیان بۆ سازدان!

هیوایان بۆ خواسـتن كە بە زانسـت‌و زانیاری‌و سـەلامەتی بگەڕێنـەوە بۆ لایان، تـا بتوانن ببنە هۆكار بـۆ چاكبوونەوەی منداڵ‌و بەساڵاچوانی شارەكەیان!

دوای چەنـد ڕۆژێك دوو لاوەكە گەیشـتنە ئەو شـارەی بە زانستی پزیشـكی ناسـرابوون، دوو لاوەكە ڕۆیشتنە كۆشكی

پادشـــاو نامەی پادشـــاکەیان گەیاندە پاشـــای ئەو شارەو سڵاوی پادشایان پێگەیاندو خۆیان پێناساند، پادشای شار هەر کەنامەکەی خوێندەوە زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی کردنو فەرمانی کرد کە سەرجەم پێداویستییەکانی ژیانیان بۆ دابین بکەنو لە جێگەی حەوانەوەو هەموو کەلوپەلێك کە پێویستیانە.

ئیدی دەســـتیان کرد بە وانە خوێندنو هەوڵدان بۆ فێربوونی زانســـتی پزیشکی، مەحمود هەر لە ســـەرەتاوە زۆر بە جدیو بە گەرمیو پەرۆشـــەوە لە خزمەتی حەکیمو مامۆســـتاکانیدا دادەنیشـــتو بەوپەڕی پەرۆشییەوە گوێی بۆ ڕادەگرتنو هەوڵی فێربوونـــی دەدا، بەڵام ئەکرەم کاتەکانی خۆی لە بەســـەربردنی خۆشـــیو ڕەفاهییـــەتو خەرجکردنی ئـــەو بڕە پـــارە زۆرەدا بەسەردەبرد کە پادشا بۆی تەرخان کردبوو، زۆرجاریش دەچووە ڕاوو ڕاوشکارو گوێی بە کاتو وانە خوێندن نەدەدا!

هەرچەنـــدە مەحمود زۆر ئامۆژگاری دەکردو پێی دەگوت: کە ئەوان بۆ کارێکی گرنگ هاتوونو خەڵکانێك چاوەڕێی ئێمەیەو پێویســـتیان بەم زانســـتەیە، بـــەڵام ئەکرەم گوێی پـــێ نەدەدا بەردەوام بوو لە بەسەربردنی کاتەکانی لە شتی لاوەکیداو یاریو بەســـەربردنی کاتێکی خۆش. بەردەوام ڕۆژانە ئامادەی وانەکانی نەدەبوو، هیچ گرنگییەکیشی بە زانستی پزیشکی نەدەدا!

ڕۆژەکان تێپەڕین، تا ڕۆژێك حەکیمەکان نوسراوێکیان بەرز کردەوە بۆ جەنابی پادشاو پێیان ڕاگەیاند کە پێویستە پاداشتو خەڵاتی مەحمود بکەنو مووچـــەی مانگانەکەی بۆ زیاد بکەن، چونکە ئەو قوتابییەکی زۆر ژیرو زیرەکەو بەردەوام لە هەوڵی فێربوندایە، هـــاوکات داوایان کرد کە ئەکـــرەم بنێردرێتەوە بۆ شـــارەکەی خۆی، لەبەرئەوەی هیچ کات ئامادەی وانەکانی نابێتو گرنگی بەم زانستە نادات!

جەنابی پادشا فەرمانی کرد کە ئەکرەم بگێڕنەوە بۆ شارەکەی خۆی، هەروەها موچەو پلەی مەحمودی زیاد کرد..

ئەکرەم بە شـــەرمەزاری گەڕایەوە بۆ شـــارەکەی خۆی، هیچ کەس بۆ پێشوازی نەهات، هاوکات مەحمود بەردەوام بوو لەسەر فێربوونی زانستی پزیشکی، زیاتر لە جاران خۆی ماندوو دەکرد، دوای تێپەڕبوونی دوو ســـاڵ، مەحمود بە تەواوی فێری زانستی پزیشـــکی بوو، لە زیهنیـــدا دەریایەك لە زانســـتو مەعریفەی هەڵگرتبـــوو، هـــاوکات ئاواتەخوازبـــوو بتوانێـــت بگەڕێتەوەو چارەسەری نەخۆشەکانی شارەکەی بکات..

دوای وەرگرتنی بڕوانامەی پزیشکی، بڕیاریدا بگەڕێتەوە شار، پادشـــاو حەکیمەکان زۆر بەگەرمی ماڵاواییـــان لێکردو هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواســـت، هەروەها کاتێك گەیشتەوە سنوری

شـــارەکەی خۆی بینی وا خەڵکێکی زۆر بۆ پێشوازی مەحمود بە ڕێزەوە ڕاوەســـتاون، هەمووان بەگەرمیو زۆر بە پەرۆشـــەوە بەخێرهاتنەوەیان کردو خۆشحاڵییان بە گەڕانەوەی دەربڕی..

لەو ڕۆژە بەدواوە مەحمود نۆرینگەیەکی داناو یەك یەك نەخۆشی شارەکەی دەبینیو چارەسەری پێویستی بۆ دەکردن، مەحمود نهێنی بڵاوبوونەوەی نەخۆشـــی گەدەی دۆزییـــەوە، کە خەڵکێکی زۆری شـــارەکەی دووچاری ببوون، بەڵام بە ویســـتی خوداو پاشـــان بە هەوڵو ماندووبوونی مەحمود ژمارەیەکی زۆری خەڵکی شـــار بە تـــەواوی چاکبوونەوەو بە گورجوگۆڵـــیو چالاکییەوە گەڕانەوە سەر ئیشو کارەکانیان! لەولاوە ئەکرەم جگە لە گەستنی پەنجەی پەشیمانیو ڕشتنی ئارەقەی شەرمەزاریی، شتێکی دیکەی لە دەست نەدەهـــات، هەموو جارێك کە مەحمـــودی دەبینی زیاتر برینەکانی دەکولایەوە، ئەو بەدەســـت تاڵی شکســـتەوە دەیناڵاند، بەڵام ئەوە هەلی ژیانە ئاستەمە جارێکی تر دووبار ببێتەوە!

پوختە:

✍ زیرەکی بە تەنیا بەس نییە، بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنو ئاواتو هیواکانت، بەڵکو زیرەکی پێویستی بە هەوڵدانو ئارامگرتن هەیە..

✍ هاوکات ئەگەر هەلێك لە دەرگای دایت، هەوڵ بدە ســـوودی لێ ببینە، چونکە زەحمەتە جارێکی تر دووبارە ببێتەوە!

کەروێشکێکی ئازا

له دارســـتانێکدا که ئـــاژەڵان پێکەوە بە خۆشـــیو برایەتی ژیانیان دەگوزەراند، ڕێزیان لە یەکتر دەگرتو هاوکاری یەکتریان دەکرد، بەڵام وەك وتویانە چەم بێ چەقەڵ نابێت، لەو نێوەندەدا ڕێوییەکـــی فێڵبازو بەدکار هەبوو، هەر جارەو پەلاماری بەچکە کەروێشکێکی دەداو دەیکردە ژەمێکی ئەو ڕۆژەی، کەروێشکەکان بـــەم کارەی ڕێوی فێڵباز زۆر نیگەران بـــوون، بەردەوام بیریان دەکردەوە کە پێویستە چی بکەن بۆ ڕێگە گرتن لە ڕێوی فێڵباز!

بۆ ئەم مەبەســـتە کەروێشـــکی دایك، بە گریانەوە ڕۆیشت بۆ لای شـــێری پاشـــای دارستان، ســـکاڵای حاڵی خۆیانی بۆ کردو پێـــی گوت: کە ڕێوی فێڵبازو بـــەدکار هەر ڕۆژەی بەچکەیەکم دەفڕێنێو دەیکاتە ژەمە خـــۆراك، ئێمەش لەو لاوازترینو توانای بەرگریکردنمان نییە!

پاشای دارستان بە بیستنی ئەم هەواڵە زۆر ناڕەحەت بوو، لە تووڕەییدا دەســـتی بە نەڕەنەڕ کرد، پاشان بە کەروێشکی دایکی گـــوت: بڕۆ مەترســـە، بەڵێن بێت لەو ڕێویـــە فێڵبازو بەدکارە ڕزگارتان بکەم!

ڕێوی فێڵبـــاز ئاگاداری ئەم وتوێژە بوو، لەبەرئەوە ڕۆیشـــتو چەنـــد ڕۆژێك خۆی ونکـــرد، تا هیچ کام لە گیانـــداران نەیبینن،

بەتایبەت پاشای دارســـتان، چونکە دڵنیابوو ئەگەر شێر بیبینێت لەناوی دەبات، دوای چەند ڕۆژێك كەرویشكی دایك كە زانی ڕێوی دیار نەماوەو لە دەســـتی ڕزگاریان بووە، ڕۆیشـــت بۆ لای پاشـــای دارســـتانو سوپاســـی کرد، بەڵام پاشای دارســـتان پێی گوت: لەو ڕۆژەوە من بەدوای ڕێویدا دەگەڕێم، بەس تا ئێستا نەم دۆزیوەتەوە!

کەرویشـــکەکە گەڕایەوە هێلانەکەی خـــۆی، ئاواتەخوازبوو کە لەمـــەودوا هەرگیز چاوی بەو ڕێوییـــە فێڵبازە نەکەوێت، بەڵام کاتێك گەیشـــتەوە ماڵ، بینی هەموو بێچووەکان دەگرینو فرمێســـکیان لە چاوان دێتەخوارەوە، چونکە ڕێوی هاتووەو برا بچوکەکەیانی ڕفاندووەو کردویەتیە خۆراکی ئەو ژەمەی!

کەرویشـــکی دایك دەســـتی کرد بـــە بیرکردنـــەوە، تا ڕێگە چارەیـــەك بدۆزێتەوە، دواجار بڕیاری دا کـــە خۆی بەرگری لە بێچووەکانـــی بکات، ڕۆیشـــت لەگەڵ هەموو کەرویشـــکەکان کۆبووەو پێکەوە ڕێککەوتن لەســـەر پلانێـــك بۆ ڕزگاربوون لە ڕێـــوی فێڵباز، ڕێککەوتن لەســـەر ئەوەی هەموو کەورێشـــکە بچووکەکان بڕۆنە بەردەمی کولانەکەیانو دەست بە یاریکردن بکەن، ئەوانیـــش لە نزیك کولانەکەو لەســـەر ڕێگەکە چاڵێك هەڵ بکەنن، ناو چاڵەکەش پڕبکەن لە دڕكو داڵ، پاشان سەری

چاڵەکەیان بە لق و گەڵا داپۆشی.. بەشێوەیەك کە ڕێوی هەست نەکات ئەوە چاڵە، وابزانێت هەر ڕێگەکەیە!

لەو کاتانەدا ڕێوی هەستی کرد ئەوا بێچووە کەروێشکەکان خەریکی یاریو گاڵتەو گەپن، بە دڵخۆشییەوە ملی ڕێگەی گرتە بەر، بۆئەوەی دووبارە دانەیەکیان بخواتو سکی خۆی پێ تێر بکات..

هەروەکو ڕۆژان بە ئاسانیو بەبێ ترس لە کولانەکەیان نزیك بووەوە، کاتێك هەڵمەتی برد تا بێچووە کەروێشکێکیان بگرێت، لەناکاو خۆی لەناو چاڵێکی پڕ دڕکو داڵدا بینییەوە کە دەرچوون تێیدا زۆر ئاستەمە، کەروێشکەکانیش بەوپەڕی شادومانی خۆشییەوە دایانە قاقای پێکەنینو هەموو پێکەوە دەستیان کرد بە پڕکردنەوەی چاڵەکەو کردیانە گۆڕی ڕێوی فێڵبازو دڕندە! بۆ هەمیشە کەروێشکەکان لە ڕێوی فێڵبازو دڕندە ڕزگاریان بوو.

پوختە:

- پێویستە مرۆڤ بۆ چارەسەری کێشەو گرفتەکانی تەنها پشت بە خۆی ببەستێت.
- هەوڵ بدە خۆت کێشەو گرفتەکانی خۆت چارەسەر بکەیت.
- دڵنیابن سەرەنجامی هەموو ستەمو زۆردارییەك لەناوچوونە!

یارمەتیدانی هەژاران

ئەحمـــەد پیاوێکی بەخشـــندەو میهرەبانو دڵپـــاك بوو، هاوکات دراوســـێیەکی هەژارو کەم دەستو کەمدەرامەتی هەبوو، مەحمود هەتا بڵێی پیاوێکی باشو قسەخۆش بوو، بەڵام لە ڕووی ماڵو داراییەوە هەژارو نەدار بـــوو، ڕۆژێك مەحمود گەڕایەوە بۆ ماڵ، خێزانەکەی پێی ڕاگەیاند کە کوڕەکەیان نەخۆشە، ئەویش بەپەلە هەڵی گرتو بردی بۆ لای دکتور، دوای پشـــکنینو تیشـــكو ڕێکارە پێویستەکان، پزیشکەکە پێی ڕاگەیاندن کە کوڕەکەیان پێویستی بە نەشتەرگەری هەیە، نەشتەرگەرییەکەش پارەیەکی زۆری تێدەچێت..

مەحمـــودو خێـــزانو منداڵەکـــەی گەڕانەوە مـــاڵو بیریان لـــە ڕێگە چارەیەك کـــردەوە، لەبەرئەوەی مەحمود کەســـێکی شـــەرمنو لەســـەرخۆ بوو، ڕووی نەدەهات ئەم بابەتە لەگەڵ دراوســـێکەی، یان خزمو کەسە نزیکەکانی باس بکات، هەربۆیە بیری لە فرۆشـــتنی خانووەکەی کـــردەوە، بە خێزانەکەی گوت: خانووەکەمان دەفرۆشـــینو خانوویەکـــی بچکۆلانە دەکڕینەوە، ئەگـــەر یەك ژووریـــش بێـــت تیایدا دەژیـــن، بـــە باقییەکەی نەشتەرگەری کوڕەکەمانی پێ ئەنجام دەدەین.

پاشـــان دەســـتی کرد بە گەڕان بۆ دۆزینەوەی کەســـێك کە خانووەکەیان لێ بکڕێت، لەو دەمەدا ئەحمەدی دراوســـێیان ئەم

هەواڵەی بیســـت، کە دراوسێکەی بۆ نەشـــتەرگەری کوڕەکەی دەیەوێـــت خانووەکـــەی بفرۆشـــێت، بێئەوەی بچێـــت بۆ ماڵی ئەحمەدی دراوسێیان، ڕۆیشت بۆ نەخۆشخانە، تەواوی تێچووی نەشتەرگەرییەکەی تەسلیم کردو پاشان گەڕایەوە بۆ ماڵ، بینی وا مەحمود کەســـێکی هێناوە ســـەیری خانووەکـــە بکات تا پێی بفرۆشێت، گوێی لێ بوو مەحمود بە کڕیارەکەی دەگوت: هەرگیز پەشیمان نابیتەوە، لەبەرئەوەی دراوسێییەکم هەیە، زۆر باشو دڵفراوانو میهرەبانە، خەڵکی گەڕەك هەموو خۆشیان دەوێت، تا ئێستا نەم بیستووە کەس بە خراپە باسی بکات.

لەو کاتەدا ئەحمەد چووە ژوورەوەو ســـڵاوی لێکردنو وتی: بـــەڵام تۆ بیرت چووە کە من بـــراو هاوڕێی تۆم، هەرگیز ڕێگە نادەم لێم دووركەویتەوە!

پاشـــان داوای لێبوردنی لە کڕیارەکە کردو دەستی مەحمودی گرتو وتی: برای شیرینم کوڕی تۆ برازای منە! چۆن ڕێگە دەدەم تۆ خانووەکەت بفرۆشـــیتو لێمان دووركەویتەوە، من ڕۆیشتم بۆ نەخۆشـــخانەو تەواوی تێچووی نەشتەرگەرییەکەم تەسلیم کردووە، هیچ خەمی پارەت نەبێت!

دواتر ئەحمەد بەردەوام یارمەتی مەحمودی دراوســـێی دەداو

هەموو ڕۆژێك سەردانی دەكردن‌و پێداویستییەكانی بۆ جێبەجێ دەكردن، تا ئەو كاتەی منداڵەكەیان بە تەواوی چاك بووەوە!

هەر ئەوەش نا، بەڵكو لەو ڕۆژە بەدواوە مەحمودی كردە هاوبەشی خۆی لە كاری بازرگانیدا، پێكەوە بازرگانی قوماشیان دەكرد، خودای گەورەش بە هۆی ئەو دڵپاكی‌و نییەت پاكییەیانەوە بەرەكەتی زۆری بەسەردا ڕشتبوون، تا ئەوەی هەر دووكیان ببونە دوو كەسی خێرخوازو دڵفراوان، بەردەوام یارمەتی نەخۆش‌و كەمدەرامەت‌و هەژارەكانیان دەدا..

هاوڕێیەتی ئەحمەدو مەحمود هێندە خۆشبوو، وای لێهاتبوو خەڵكی وەكو نمونە باسیان لێوە دەكردن.

پوختە:

✍ منداڵە چاو گەشەكان ئەگەر بوویتە كەسێكی خاوەن سەروەت‌و سامان، هەرگیز هەژارو كەمدەرامەتەكانت لەبیر نەچێت.

✍ هەرگیز لە بەخشین مەترسە، ماڵ بە بەخشین كەم ناكات، بەڵكو بەرەكەتی تێدەكەوێت‌و سەدان قات زیاد دەكات.

✍ ئەگەر هاوڕێیەكت هەیە، نەبوو نەدارە، ئەحمەدو مەحمود بكەرە پێشەنگی خۆت‌و چاویان لێ بكە، بزانە دراوسێ‌و هاوڕێكانت لە هەموو كەس لە پێشترن كە چاكەیان لەگەڵدا بكەیت!

دەستپاکی

چەند ئاواتەخوازبووم سەعاتێکم بە دیاری بۆ بێت، وەکو سەعاتی هاورێکەم جوانو ناوازە بێت، ڕۆژێکیان بە باوکمم وت: بابەگیان دەتوانیت سەعاتێکم بۆ بکڕیت؟

باوکم لە وەڵامدا وتی: بە چاوان بەڵام کاتێك لە قوتابخانە دەرچوویت، سەعاتێکی جوانت بە دیاری بۆ دەکڕم!

ناچاربووم چاوەڕێی هاتنی کاتی تاقیکردنەوەکانو سەرکەوتنم بکەم لە تاقیکردنەوەکاندا، ڕۆژەکان تێپەڕین، ڕۆژێکیان من لە قوتابخانە دەگەڕامەوە، لە ڕێگەدا قوتویەکی پێچراوەم بینی کە بە کاغەزی دیاری پێچرابووەوە، لەسەر زەوییەکە کەوتبوو، منیش هەڵم گرتەوەو خستمە ناو جانتاکەم!

کاتێك گەیشتمەوە ماڵ، چوومە ژوورەکەی خۆمو قوتووەکەم کردەوە، کاتێك کردمەوە سەرسام بووم، ئەوە من چی دەبینم، سەعات! بەڵام چ سەعاتێك، ئاڵتونی، تۆ بڵێی هەر بەڕاستی ئاڵتون بێت!

هەرچەندە بۆ دەستی من گەورە بوو، بەڵام کردمە دەستمو ڕۆیشتم بۆ لای دایکم، ئەو لە چێشتخانە خەریکی ئامادەکردنی نانی نیوەڕۆ بوو، وتم: دایەگیان سەیرکە، ئەم سەعاتە چەندە جوانە!

دایکم بەسەرسوڕمانەوە سەیری کردو پرسی: ئەمە چییە؟

بەڕاســـتی ئەوە سەعاتێکی زۆر جوانە، هی کێیە ئەو سەعاتە؟ بۆچی بە تۆیە؟

منیش وتم: دایە گیان ئەو سەعاتە هی خۆمە!

دایکم وتی: چۆن کوڕەکەم، ئایا کڕیوتە؟

وتم: نەخێر دایەگیان، نەم کڕیوە، لە نزیك دوکانی مام سەلیم لەسەر زەوییەکە کەوتبوو، منیش هەڵمگرتەوەو هێنامەوە!

دایکـــم وتی: کەواتە ئەو ســـەعاتە هی تۆ نییـــە، ئەوە ماڵی کەســـێکی ترە، پێویستە هەر ئێســـتا بڕۆیتو بگەڕێی بەدوای خاوەنەکەیداو بۆی بگێڕیتەوە!

وتم: دایە گیان من ئاواتەخوازبووم ببمە خاوەنی ســـەعاتێکی لەو شێوەیە، ئێستا بوومەتە خاوەنی، ئێستا بڕۆم بگەڕێم بە دوای خاوەنەکەیدا، بۆی بگێڕمەوە، کە هەر نایناسمو نازانم کێیە؟

دایکم وتی: کوڕی شـــیرینم، باوکت بەڵێنـــی پێداویت ئەگەر ســـەرکەوتوو بیت لە قوتابخانە، سەعاتێکی جوانت بۆ دەکڕێت، بەڵام ئەم ســـەعاتە هی تۆ نییە، خودا لێپرســـینەوەت لەگەڵ دا دەکات، لەســـەر ئەوەی شـــتێك هی تۆ نەبێتو بیکەیتە موڵکی خۆت.. مرۆڤەکان پێویســـتە دەستپاکو ئەمین بن، ئەمانەتەکان بگێڕنەوە بۆ خاوەنەکانیان..

بە بیســـتنی ئامۆژگارییەکانی دایکم، هەســـتم بە شەرمەزاری

کرد، زانیم قسەکانی دایکم ڕاستەو ئەو سەعاتە هی کەسێکی ترە، وتم: دایەگیان پێم بڵێ چۆن خاوەنەکەی بدۆزمەوە تا بۆی بگێڕمەوە؟!

دایکم وتی: تۆ لە نزیك دوکانی مام سەلیم دۆزیوتەوە، لەوانەیە کەسێك لەو نزیکانە، لە دوکانێکی سەعات فرۆشتن کڕیبێتی، بڕۆ لەو نزیکانە پرسیار بکە، بێگومان ئێستا لەوانەیە ئەویش بەدوایدا بگەڕێت!

منیش ڕۆیشتم تا گەیشتمە دوکانی مام سەلیم، خەڵکێکی زۆرم بینی، وەکو ئەوەی چاوەڕێی من بکەن، هەموویان بە دوای سەعاتێکدا دەگەڕان کە لە نێو پاکەتێکدا پێچراوەتەوە..

منیش کە زانیم بە دوای ئەو سەعاتەدا دەگەڕێن، پێم وتن سەعاتەکەتان لای منە، ئەوانیش زۆر خۆشحاڵ بوون، سەعاتەکەم بۆ گێڕانەوەو داوای لێبوردنم لێکردن لەوەی پاکەتەکەم کردووەتەوە، لەبەرامبەردا ئەوان زۆر سوپاسیان کردمو هەوڵیان دا بڕێك پارەم وەکو دیاری پێ بدەن، بەڵام من قبوڵم نەکرد..

پاشان گەڕامەوە بۆ ماڵ، بینیم باوکمو دایکم بەو کارەم زۆر دڵخۆشن، ئەوانیش سوپاسیان کردمو هانیان دام کە هەمیشە دەستپاكو ئەمینو سەر ڕاست بمو ئەمانەتەکان بگێڕمەوە بۆ

خاوەنەکانیانو چاو نەبڕمە ماڵی هیچ کەسێك..

پاشان باوکم وتی: سوپرایزێکم بۆ تۆ هەیە کوڕی شیرینم، وتم چییە بابەگیان؟

دیارییەکی پێبەخشـــیم.. کاتێــك دیارییەکەم کــردەوە بینیم سەعاتێکی زۆر جوانە، زۆر دڵم پێی خۆشبوو، چونکە ئەم سەعاتە هەر بەڕاســـتی هی خۆم بوو، پاشان زۆر سوپاسی باوکمم کردو وتم: بابەگیان تۆ وتت کاتێك دەرچوویت...، باوکم قسەکەی پێ بڕیمو وتی: کوڕی شیرینم، من پێشتر ئەم سەعاتەم بۆ کڕیبووی، بەڵام لای خۆم دامنابوو، تا ئەو کاتەی دەردەچیتو ســـەرکەوتن بەدەست دەهێنیت، پاشان پێت ببەخشم، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ تۆ کردت، ئەوە سەرکەوتنی ڕاستەقینە بوو! لەبەرئەوە حەزم کرد لەمڕۆدا دیارییەکەت پێ بدەم!

پوختە:

✍ ئازیزانم، پێویســـتە هەمیشـــە دەســـتپاكو ئەمین بین، دڵنیابیـــن هەموو ئەو شـــتانەی دەیاندۆزینەوە، خاوەنیان هەیە، پێویســـتە بە دوای خاوەنەکانیاندا بگەڕێین تا دەیان دۆزینەوە.

✍ دڵنیابن ئەگەر وازمان لە شـــتێکی حەرام هێنا لەبەرخودا، خودا باشتر لەوەمان پێدەبەخشێت.

بەرخێکی زیرەك

بەرخێکی زیرەك وریا بە تەنها لە دارستانێکدا دەژیا، ڕێویەکیش هەمــوو ڕۆژێك پیلانی بــۆ خواردنی دادەنا، بــەڵام لەبەرئەوەی بەرخەکە زیرەك بوو، زۆر بە ئاســانی خۆی لە پیلانەکانی ڕێوی فێڵباز دەپاراســتو لە دەستی ناپاکی ڕێوی خۆی ڕزگار دەکرد..

لە ڕۆژێکی زســتاندا بەرخەکە خــەوی لێکەوتبوو، لەناکاو شریقەی هەورە تریشقەو لێزمەی باران وەخەبەر هات، بینی وا وردە وردە ئاو دزە دەکاتە نێو ماڵەکەی جێگەکەی تەڕ دەبێت، تا دێت بە هۆی بارانەکەوە ئاوەکە زیاد دەکات، بەپەلە هاتەدەرەوەی ماڵەکەی، بەڵام بە دیتنی بارانە بەخوڕو بە لێزمەکە هێندەی تر ترســـی لێنیشـــت، تا دەهات لافاوەکە زیادی دەکرد، ناچار هاواری کــرد، فریام کەون، فریام کەون، خەریکە لە ئاوەکەدا دەخنکێم، تکایە هاوڕێیانی دارستان ئێوە لە کوێن، وەرن ڕزگارم بکەن!!

تا دەهــات بارانەکە زیاتــر دەبوو، لافاوەکــەش زۆرتر دەبوو، هەرچەندە بەرخەکە بەلای ڕاستو چەپیدا دەیڕوانی، بەڵام هیچ کام لە هاوڕێکانی دارســـتانی بەدی نەدەکــرد، دووبارە بە دەنگی بەرزتر هاواری کرد، فریام کەون، ڕزگارم بکەن، تکایە هاوڕێیان ئێوە لە کوێن؟ بۆ کوێ ڕۆیشتوون؟

لەو کاتە ناسکەدا ڕێوی فێڵباز گوێی لە هاواروناڵەی بەرخەکە

بوو، کـــە داوای فریاکەوتنـــی دەکرد، دەســـتبەجێ بیرۆکەیەکی ناحەزانەی بە مێشـــکدا هـــات، لەبەرخۆیەوە وتـــی: لە مێژبوو چاوەڕێی ئەم ڕۆژە بووم، ئەمە هەلێکی زێڕینە بۆ من هاتۆتە پێش، وا خۆم دەردەخەم کـــە فریای دەکەومو لە خنکان ڕزگاری دەکەم، دواجار دەیکەمە ژەمە خۆراکی ئەمڕۆمو بە ئاواتەکەم دەگەم!

لەو کاتـــەدا ڕێوییەکە گـــەڕا تا تەختە دارێکـــی دۆزییەوە، هاوکات لقێکی درەختی دۆزییەوەو چووە سەر تەختە دارەکەو لقە درەختەکەشـــی وەکو سەوڵ بەکاردەهێنا بۆ ڕۆیشتن لە نێو ئاوەکەدا، دەســـتی کرد بە ڕۆیشتن بە ئاڕاســـتەی ماڵی بەرخی لێقەوماو، هەر کە لێی نزیك بووەوە هاواری کرد هاوڕێ مەترسە، ئەوە من هاتووم تا ڕزگارت بکەم!

کاتێك بەرخەکە ڕێوییەکەی بینی، وا بەرەو ڕووی دێت، زانی کە کەوتۆتە نێو کێشـــەیەکی گەورەوە، کە لە بارانو لافاوەکە زۆر گەورەترە.

کاتێك ڕێوی فێڵباز زیاتر نزیك بووەوە لە بەرخەکە، بە دەنگی بەرز هاواری کرد، لە شـــوێنی خۆت بمێنەوە، مەجوڵێ تکایە، من هاتووم تا لە خنکان ڕزگارت بکەم، تکایە مەترسە، ئەوا هاتم بە فریاتەوە!

بەرخی زیرەك دەســـتی بەبیرکردنەوە کرد، بۆ ڕزگاربوون لە

ڕێوی فێڵبازو لە مەترسـی لافاوەکەش، لـەو دەمەدا ڕێوییەکە گەیشـتە لای بەرخەکە، دەستی بۆ درێژ کردو پێی گوت: دەستم بەرێ هاوڕێم، ئامادەم ڕزگارت بکەم!

بەرخەکە بە ترس‌و لەرزەوە وتی: من دەترسم بخنکێم هاوڕێی ئازیز، چونکە ئـەو تەختە دارە بەرگەی هەڵگرتنی دوو کەس ناگرێت..

سەرەتا لقە درەختەکەم بدەرێ‌و تۆ دابەزە با من سەرکەوم، دوای من تۆ سـەرکەوە، ڕێوییەکە لە خۆشی دەستکەوتنی بەرخەکە دەسـتبەجێ لە تەختەدارەکە هاتە خوارەوە، بەرخەکەش بازی هەڵدایە سەرتەختە دارەکەو بە لقە دارەکە بە خێرایی دەستی بە سـەوڵ لێدان کرد، تا ئەو سـاتەی بە تەواوی لە ڕێوییەکە دوورکەوتەوە!

ڕێوییەکە لە ئاسـت ئەم زیرەکییەی بەرخەکەدا پەشۆکابوو، تـا دواتر هاواری کرد، بۆ کوێ دەڕۆیت، من هاتم تۆ ڕزگار بکەم، بەڵام تۆ لە نێو ئاوەکەدا منت جێهێشت؟

بەرخەکە بە پێکەنینەوە وتی: زۆر سـوپاس ڕێوی ئازیز، تۆ منت لە خنکان ڕزگار کرد، هەروەها لە فێڵ‌و کەڵبە تیژەکانیشت ڕزگارت کردم!

ڕێوییەکە هاواری کرد: ئەی کێ من ڕزگار بکات؟

بەرخەکــە وتــی: ئەو کاتەی مــن لە تــۆ دوورکەوتمەوە، پارچەتەختەکەت بۆ ڕەوانە دەکەمەوە!!

پوختە:

✍ منداڵە چاوگەشــەکان، پێویستە هەمیشە زیرەكو وریابین، بەتایبەت لــە کاتی تەنگانەدا، نابێت بە قســەی بــاقو بریقەداری کەسانی فێڵباز فریو بخۆین.

✍ دەبێــت ئاگاداربین، ژیان خاڵی نییە لە ڕێوییە فێڵبازە دوو قاچەکان، بۆئەوەی نەبیتە قوربانی دەســتیان، پێویستە زیرەكو وریا بیــن، بەتایبەت لە کاتی ناخۆشــیدا، چونکــە فێڵبازەکان هەمیشــە بەدوای هەلێکــدا دەگەڕێن تا مەرامــە گڵاوەکانیان جێبەجێ بکەن.

✍ لە یادت بێت، هەرگیز بێپرســی دایەو بابە لەگەڵ هیچ کەســدا بۆ دەرەوە مەڕۆ، ئەو کاتەی ئۆتۆمبێلێکی ئاخر مۆدێل لە بەردەمتدا وەســتاو پێی وتی: فەرموو ســەرکەوە با تەڕ نەبیت من هــەر لەوێــوە دەڕۆم، ئەتگەیەنم، تکایە بە قســەی مەکەو ســەرمەکەوە.. لەو کاتەدا ئەم چیرۆکە بهێنەرەوە بیری خۆت، ئەگەر بەرخەکە بەقسەی ڕێویەکەی بکردایە چی بەسەر دەهات؟!

زیرەکی دوو منداڵ



مەریەمو ئەمیر خوشـــكو برا بوون، لـــە گوندێكی بچكۆلەو خنجیلانـــەدا لەگـــەڵ خێزانەكـــەی بە خۆشـــیو بەختەوەری ژیانیان دەگوزەراند، باوكیان هەر لە منداڵییەوە ڕۆژانە چیرۆكی پەروەردەییو سودبەخشی بۆ دەخوێندنەوە، ئەوانیش بەپەرۆشەوە گوێیان بۆ چیرۆكە خۆشەكانی بابە ڕادەدێراو زانیاری گەلی زۆری لێوە فێربووون.

ژیانی گوند سادەوســـاكار بوو، خەڵكی گونـــد، هەندێكیان بە كشـــتوكاڵو هەندێكیان بە بەخێوكردنـــی مەڕوماڵاتەوە خەریك بوون..

ئەو ســـاڵە زســـتانێكی ســـەخت بوو، بەفرو باران زۆر بوو، بەرەبەیانێكـــی زوو خەڵكـــی گونـــد لە دەنگی تریشـــقەو ناڵەی هەورو لێزمەی باران وەخەبەر هاتن، باران زۆر بە خوڕ دەباری، زەوییەكانیان لافاو داپۆشیبوو، هەندێك لە ماڵەكان ئاویان تێچوو بوو، بەشێوەیەك كە زۆر زەحمەت بوو بێنە دەرەوەو بە ڕێگەكەدا بڕۆن!

خەڵكی گوند هەمـــوو لەبەردەمی مزگەوتی گوند كۆبوونەوە، هەموو لە بیری ئەوەدا بوون كە ڕێگە چارەیەك بدۆزنەوە، هەر یەكەو پێشنیارێكی دەكرد، بۆئەوەی بتوانن بە ڕێگەكەدا بپەڕنەوەو

بتوانــن له ماڵ بێنه دەرەوەو له ئاوی ئەو لافاوە ڕزگاریان ببێتو دووچاری زیان نەبن!

دواجــار ڕێکەوتن لەســەر ئەوەی پردێك دروســت بکەن، تا بەهۆیەوە بتوانن له شــیوەکەی بەردەمی گوند بپەڕنەوەو بتوانن بچنه ســەر شــەقامه گشــتییەکە.. بەڵام له نــاکاو دوو منداڵ وەدەرکەوتن، مەریەمو ئەمیر، ڕەخنەیان لەو پێشنیارەی خەڵکی گوند گــرتو وتیان: ئەی بۆچی له بری ئەوەی پردێك دروســت بکەین، بۆچی کارێك نەکەین سوود له ئاوی بارانەکە وەربگرین؟

خەڵکەکە وتیان: پێشنیارێکی جوانه بەڵام چۆن؟

دوو منداڵەکــە، واته مەریــەمو ئەمیر وتیان: بــا خەزانێك دروســت بکەین، تا ئــاوی باراناوەکە بچێته ئــەو خەزانەوە، تا پڕ دەبێت، دواتر ســوودی لێ دەبینینو له کاتی پێویستدا بەکاری دەهێنین!

خەڵکەکــە وتیان: بەڵام خۆ ئاوی باراناو بەکەڵکی خواردنەوە نایەت!

منداڵەکان وتیــان: بەڵام دەتوانین بۆ کشــتوکاڵکردن بەکاری بهێنین، بۆ زۆر بواری تر بەکاردێت، جگه له خواردنو خواردنەوە.

خەڵکی گوند هەموو سوپاســی ئەو دوو منداڵه ژیرەیان کرد،

لەسەر ئەو پێشنیارە جوانەیان، هەمووان بە زیرەکیو لێهاتوویو شارەزایی ئەو دوو منداڵە سەرسام بوون، بەشێوەیەك لەو ڕۆژە بەدواوە، بۆ هەموو کاروبارێکی گوند ڕاوێژیان پێ دەکردن..

پوختە:

✍ منداڵــە خۆشەویســتەکان.. خوێندنــەوەو گرنگی دان بە کتێب، مرۆڤ شــارەزاو بەهرەمەند دەکاتو دەبێتە کەسێکی بەسوود بۆ خۆیو بۆ دەوروبەرەکەی، کەواتە هەرگیز خوێندنەوە فەرامــۆش مەکەو بەردەوام گرنگی پێ بدەو ڕۆژانە کاتی تایبەتی بۆ دابنێ.

✍ لــە کۆنەوە وتویانە ژیری بە گەورەییو بچوکی نییە، هەر کەس بیربکاتەوەو خەیاڵی فراوان بێت، پێدەچێت ڕاوبۆچوونەکەی وەربگیرێت، ئەگەرچی منداڵو کەم تەمەنیش بێت.

✍ چیرۆك گرنگی تایبەتی خــۆی هەیە، بیرو خەیاڵی مرۆڤ فراوان دەکاتو ئاسۆی ڕوونترو گەشاوەتر دەکات!

نهێنی بەختەوەری

پادشـــایەك هەبوو، خاوەنی هەموو شتێك بوو، خاوەنی كۆشكو تەلاری بـــەرز، خزمەتگـــوزارو گەوهـــەرو مرواری، ســـەربازو ســـەروەتو سامانی زۆر، هەموو پێداویستییەكی ژیانو گوزەران، لەگەڵ هەموو ئەمانەشـــدا، بەردەوام خەمبار بوو، هەرچی دەكرد نەیدەتوانی بەختـــەوەر بێت، زۆر گەڕا، حەكیم نەما ســـەردانی نەكات، شـــارەزا نەما پرسو ڕاوێژی پـــێ نەكات، بەڵام نەیدەتوانی بەختەوەری بەدەست بێنێت..

لەبەرئـــەوە بڕیاری دا دەســـتێك جلی ڕێبوارانـــە لەبەر بكاتو بڕوات بە نێـــو خەڵكیدا بگەڕێت، تا بەختـــەوەران بدۆزێتەوەو لە نهێنـــی بەختەوەرییان تێبگاتو هەوڵ بدات لەوانەوە فێربێت چۆن بەختەوەر ببێت!!

لە سەرەتای دەستپێكردنی گەشتەكەیدا، ڕێگەی كەوتە گوندێك، ماڵێكی ســـادە سەرنجی ڕاكێشا، بەرەو ماڵەكە ڕێگەی گرتەبەر، تا بـــە تەواوی لێی نزیك بووەوە، بینی وا كابرایەكی هەژار بە تەنها دانیشـــتووەو نان دەخواتو لەبەرخۆیەوە گۆرانی دەڵێت، هەستی كرد كەسێكی زۆر دڵخۆشە، بە ڕووخسارییەوە هیچ خەمێك بەدی نەدەكرا!

پادشا لە دەرگای داو مۆڵەتی چوونە ژووری خواست..

خاوەن ماڵ پرسی: فەرموو بەڕێزتان کێین، لە ڕێبوار ئەچن؟

پادشا وتی: ڕێبوارم.

پیـــاوە هەژارەکە وتـــی: بەخێرهاتـــی ســـەرچاوانم، فەرموو تەشـــریف بهێنە ژوورەوە، خاوەن ماڵ زۆر ڕێزی لە کاکی ڕێبوار گرتو نانی بۆ ئامادەکردو بە خولقێکی گەرمەوە پێشکەشی کرد. خواردنەکەشیان پەنیرو نان بوو.

پادشا وتی: دەتوانم لە لای تۆ بمێنمەوە تا کاروانەکە دەگاتو ئەو شتەی دەمەوێت لێیان دەکڕمو پاشـــان دەگەڕێمەوە بۆ شارەکەی خۆم؟!

پیـــاوە هەژارەکـــە وتـــی: زۆر بەخۆشـــحاڵییەوە ماڵی خۆتە، هەرچەندێـــك دەتەوێت لای من بمێنەرەوە ماڵی خۆتە، من لێرەدا بە تەنهام، وابزانە لە ماڵی خۆتانی.

پادشـــا زۆر سەری ســـوڕما لەم هەژارە، هەژارێك خاوەنی هیچ شتێك نییە، بەڵام لێوان لێوە لە بەختەوەری، بەو شێوەیە ڕێز لە میوانەکەی دەگرێتو بەو گەرمییە پێشوازی لێ دەکات!

پادشا وتی: لەگەڵ تۆدا دەژیم، تا منیش وەکو تۆ بەختەوەر بم!

پادشـــا لەو ڕۆژە بەدواوە لەگەڵ ئـــەو کابرا هەژارەداو لە نێو ئەو خانووە ســـادەیەدا دەژیا، بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەســـتا،

لەگەڵ خاوەن ماڵەکە دەڕۆیشتە سەر کارو تا خۆراوابوون، کاری دەکردو پاشان دەگەڕانەوە ماڵو پێکەوە نانێکی سادەیان دەخواردو سوپاسی خودایان لەسەر دەکردو شەو زوو دەنووستن.

بە درێژایی یەك هەفتە پادشـــا بەمجـــۆرە ژیانی گوزەراند، هیچ شتێکی تازەی بەدی نەکرد، هەر ئەوەبوو ڕۆژانە دووبارە دەبووەوە، شەوێکیان پادشـــا بە خاوەن ماڵە هەژارە بەختەوەرەکەی گوت: سبەی من دەگەڕێمەوە بۆ شارەکەی خۆم، دەمەوێت کرێی مانەوەی ئـــەم هەفتەیەت پێ بدەم، کە بوومەتە ئـــەرکو ماندووبوون بۆ بەڕێزتان؟

پیـــاوە هەژارەکە گوتی: بۆچی ئێوە لە شـــارەکەی خۆتان، کرێ وەردەگرن لەبەرامبەر خزمەتکردنی میوانەکانتان؟

پادشـــا وتـــی: نەخێر، بەڵام مـــن هەســـتەکەم بەڕێزتان کەم دەرامەتو هەژارن، پێویستان بە پارەو سامان هەیە..

پیـــاوە هەژارەکە وتی: خودا ڕۆزیمـــان دەدات، بێ خەمبە، من جگە لە خودا داوای ڕۆزی لە کەس ناکەم!

پادشـــا وتی: پێش ئەوەی بڕۆم، دەمەوێت نهێنی بەختەوەریو ڕەزامەندیتم پێ بڵێی!

پیاوە هەژارەکە وتی: خودا تەندروســـتیو لەشـــاغی باشـــی

پێبەخشیومو هیچ نەخۆشییەکم نییە، ڕۆزی پێ بەخشیوم، کە پێی دەژیمو پێویستم بە کەس نییەو لە کەس داوای یارمەتی ناکەم، ویژدانم ئاسوودەیە، چونکە ستەمم لە هیچ کەس نەکردووە، کەسیش ستەمی لێ نەکردووم، ئازاری کەسم نەداوەو کەسیش ئازاری نەداوم، هەمیشە سوپاسی خودا دەکەم لەسەر بەخششەکانی، ئایا هەموو ئەمانە بەس نییە کە من کەسێکی بەختەوەر بم؟

پوختە:

✍ بەختەوەری بە پارەو سامانو پلەو پایەو دەسەڵات نییە، زۆر دەبینین هەژارەکان زۆر دڵخۆشترە لە دەوڵەمەندەکان!

✍ قەناعەت گەنجینەیەکی لە بن نەهاتووەو سەرچاوەی بەختەوەری مرۆڤە.

✍ئەگەر ویستت بەختەوەر بیت، هەمیشە بڕوانە بۆ کەسانی خوار خۆت، هیچ کات سەیری کەسانی لە خۆت بەرزتر مەکە.

سایە شیر ناخواتەوە

سـايه منداڵێكی جوانكيلـەو ژيرو زيرەكو هۆشـمەند بوو، گوێڕايەڵی دايكو باوكی بوو، هەرچی ئەوان پێيان بوتايە ئەنجامی دەداو هەرچـی ئەوانيش ڕقيان لێبووايە لێـی دووردەكەوەتەوە ئەو هەميشـه حەزی دەكرد ئەو كارانـه بكات كه دايكو باوكی پێيان خۆشه، سـايه بە ڕەفتارە جوانو قسـه نەستەقەكانی لە نێو دڵی هەمووواندا جێگەی خـۆی كردبوو،وە هەمووان زۆريان خۆش دەويسـت، به جۆرێك كه خۆشەويستييەكەی ناوازە بوو، جياواز له منداڵەكانی ديكه بوو، بەڵام سـايه يەك گرفتی هەبوو، ئەويـش ئەوەبوو حەزی به شـير نەدەكردو به هيچ شـێوەيەك نەيدەخواردەوە، تەنها شـير نا، بەڵكو هيچ بەروبومو بەرهەمێكی شـيری نەدەخوارد.. هەرچەندە جاروبـار زۆری له خۆی دەكردتا پارووييەك ماسـت بخوات، بەڵام دواجـار نەيدەتوانی قوتی بداتو فڕێی دەدايەوە..

ڕۆژێكيان دايكی سـايه هەسـت دەكات، كه ڕووخساری سايه كەمێك زەرد هەڵگەڕاوەو ڕووخساری ئاسايی نييه..

بۆ ڕۆژی دواتر سايه هەسـت به ئازارێك دەكات له قاچەكانيدا، دەچێتە لای دايكیو دەڵێت: دايەگيان قاچەكانم ئازاری هەيه، دايكی پێی دەڵێت: كچه شـيرينەكەم ئەوە هۆكاری ئەوەيه كه تۆ شـير ناخۆيتەوە، نەك هەر ئەوەش بەڵكو هيچ بەرهەمێكی شير ناخۆيتەوە!

سایە زۆر گرنگی بە قسەی دایکی نەدا، چونکە وایزانی دایکی دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە ناچاری بکات کە شـــیرو بەرهەمەکانی بخوات، هەرچەندە سایە زۆر گوێڕایەڵی دایکو باوکی بوو، بەڵام بۆ شـــیرو بەرهەمەکانی نەیدەتوانی بە قســـەیان بکاتو دەیگوت بۆم ناخورێت، زۆرجاریش تاقی دەکردەوە بۆی قوت نەدەچوو!

ڕۆژێکیان ســـایە لە نێو باخچەی ماڵەکـــەدا لەگەڵ منداڵەکانی دیکە یارییان دەکرد، لەناکاو سایە کەوتە سەرزەوی، باوکی کە ئەو کات گەڕابووەوە ماڵ، بینی ســـایە کەوتووە، بەپەلە هەڵی گرتەوە بردی بۆ نەخۆشخانە، پزیشکەکان بە وردی پشکنینیان بۆکرد، هەر شتێك پێویستی بوو بۆیان ئەنجامدا، دواجار یەکێك لە پزیشکەکان ڕووی کردە سایەو گوتی: کچە جوانەکە تۆ شیر دەخۆیتەوە؟

سایە سەری داخستو بە شەرمەوە گوتی: نەخێر.. حەزم لە شیر نییەو ناتوانم بیخۆمەوە.

پزیشکێکی دیکە گوتی: باشە پەنیریش ناخۆیت؟

سایە دووبارە وتی: نەخێر، ناتوانم هیچ بەرهەمێکی شیر بخۆم..

پزیشـــکەکان بەسەر سامییەوە ســـەیرێکیان کردو وتیان: ئایا دەزانیـــت لە ئەنجامی ئەوەی شـــیرو بەرهەمەکانی ناخۆیت چی بەسەر جەستەتدا هاتووە؟

سایە وتی: نەخێر نازانم چیم بەسەرهاتووە؟

پزیشکەکان پێیان گوت: ددانەکانت تەواو لاواز بوون، هەروەها ئێسکەکانیشت بە تەواوی لاوازبوون، پێویستت بە چارەسەرێکی زۆر هەیە، چونکە تۆ شیرو بەرهەمەکانت نەخواردووە، نەقسێکی زۆری ئەو ڤیتامانە دروســـت بووە لە جەســـتەتدا کە لە شیرو بەرهەمەکانیدا هەیە، لەبەرئەوەی شیرو بەرهەمەکانی زۆر بە سوودن بۆ جەستەی مرۆڤ، ئێسکو ددانی مرۆڤ بەهێز دەکەن، ئەگـــەر مرۆڤ شـــیرو بەرهەمەکانی نەخوات، ئـــەوا دووچاری لاوازی ئێسکو ددانەکانی دەبێت!

لەبەرئەوە ســـایە گوڵ تۆ دەبێت بۆ ماوەی یەك هەفتە زۆر بە چڕی ئەو دەرمانانەی بۆت دەنووســـین بەکاریان بهێنیت، جگە لە حەبەکان دەبێت بەیانیان دەرزییەکو ئێوارانیش دەرزییەك بکەیت، واتە ڕۆژی دوو دەرزی!

سایە بە بیستنی ئەم قسانە دەستی کردە گریان، فرمێسکەکانی چاوی وەك بارانی بەهار هەڵدەوەرین، ئەوەندە بە خەمباری دەگریا، باوکیشـــی هێنایە گریان، پاشان وتی: من ڕقم لە دەرزییە ئەترسم تکایە من دەرزی ناکەم!

پزیشکەکان وتیان: کچەکەم گریان سوودی نییە، ئێستا تۆ ئێسکو ددانەکانت بە تەواوی لاوازبوون، دەبێت لایەکیان هەڵبژێری، یان دەبێت ڕۆژانە دوو دەرزی بکەیت، یان دەبێت ڕۆژانە شیرو پەنیرو

ماستو کەرەو خامە بخۆیت، ئەگەر هیچیان نەکەیت ددانەکانت ماوەیەکـــی دیکە دوور نییە هەڵبوەرن، ئێســـکەکانت زیاتر لاواز دەبن، ئەو کات پێویستت بە دەرزی زیاتر دەبێت!

دووبارە ســـایە دەســـتی کردەوە بـــە گریانو وتی نـــا.. نابێت دەرزی زیاتـــرم لێبدەن، من ڕقم لـــە دەرزییە، دەرزی ئازارم دەدات، بەڵێن ئەدەم لەمڕۆ بەدواوە شـــیر بخۆمـــەوە، هەروەها هەموو بەرهەمەکانی شیریش بخۆم..

ئیدی لەو ڕۆژە بەدواوە سایە فێری خواردنی شیرو بەرهەمەکانی بوو، هێواش هێواش چاك بووەوەو ڕووخســـاری ئاسایی بوویەوەو ئێسكو ددانەکانی پتەو بوون!

پوختە:

- منداڵـــە چاوگەشـــەکان، هەرگیزشـــیرو بەرهەمەکانـــی فەرامۆش مەکەن، چونکە زۆربەسوودە بۆ جەستەی مرۆڤ.
- تکایە لە هیچ شتێکدا ســـەرپێچی فەرمانی دایكو باوکتان مەکەن، چونکە هەمیشـــە ئەوان دڵســـۆزترین کەســـن بۆ ئێوە، ئەوەی پێتان دەڵێن: لە پێناوی بەرژەوەندی ئێوەیە.
- ڕاســـتە دەرمان تاڵە، بەڵام لە کاتی ناچاریدا دەبێت بەکاری بهێنین، بۆئەوەی بە ویستی خودا بە زوویی چاك ببیتەوە!

پزیشکێکی ئەمین

پادشـــای شـــار تەمەنی چـــوو بووە ســـەر، ڕۆژ بـــە ڕۆژ باری تەندروستی خراپتر دەبوو، ڕۆژێکیان کوڕە گەورەکەی بانگهێشت دەکاتو پێی دەڵێت: کوڕی شیرینم خۆت دەزانیت من بەساڵاچووم‌و تەمەنم چووەتەسەر، ساڵانێکە لە خزمەتی ئەم گەل‌و نیشتمانەدا ژیان دەگوزەرێنم، ئێستاش لەوە زیاتر تاقەتو حەوسەڵەم نەماوە، نەخۆشی هەراسانی کردووم‌و پیری ئارامی لێ بڕیوم، چیدی ناتوانم کورسی دەسەڵات بەڕێوە ببەم، بۆ ئەم مەبەستە دەمەوێت لەمەودوا، تۆ ببیتە پادشاو ئازایانەو خۆنەویستانە کاروباری وڵاتەکەم بەڕێوە ببەیت، لە ئەمڕۆوە تۆ وەکو پاشای وڵات دەناسێنم..

بۆ ڕۆژی دواتر ئاهەنگی بوون بە پادشای کوڕە گەورەی بەڕێوە چوو، لەو ڕۆژەوە کوڕەکەی بووە پادشاو خەڵکی لە هەموو لایەکی شارەوە بۆ پیرۆزبایی دەهاتنە لای جەنابی پادشا..

پادشای نوێ دەستەیەکی نوێی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات هەڵبژاردو ســـەرجەم وەزیرەکانی پێشـــووی گۆڕی‌و کەســـانی تـــازەی کردە وەزیری وڵاتەکەی، ڕۆژێك لـــە کۆبوونەوەی لەگەڵ وەزیرەکاندا وتی: دەمەوێت پزیشـــکێکی تایبەتمان هەبێت بۆ کۆشك، چونکە خۆتان دەزانن باوکم تەندروســـتی ناجێگیرەو تەمەنیشی چووەتە سەر، پێویستی بە چاودێری بەردەوام هەیە!

جەنابی پادشـــا، بۆ دیاریکردنی پزیشـــکێکی لێهاتوو. سەرسامو دەستەوەســـتان بوو، چونکە ئەو دەیویست پزیشکەکەی کۆشك، جگە لەوەی پزیشـــکێکی لێهاتوو بێت، هاوکات ئەمینو دەستپاكو دڵسۆز بێت، بۆئەوەی بەردەوام چاودێری تەندروستی باوکم بکات!

پادشا لەم خەیاڵو بیرکردنەوەدا بوو، کەسی وەهای بەدی نەکرد، کە لە ئاســـت داواکاری ئەودا بێت، ناچار پرســـیاری لە یەکێك لە وەزیرە بە ئەزمونەکانی کردو وتی: باشـــترین پزیشـــکەکانی شار کێن؟

وەزیرەکەی لە وەڵامدا وتی: باشترین پزیشکی شار سێ پزیشکن.

پادشا وتی: بنێرە بە شوێنیاندا با هەر ڕۆژەی پزیشکێك لەو سێ پزیشکە سەردانمان بکاتو پشکنین بۆ باوکم ئەنجام بدات.

ڕۆژی یەکەم، پزیشـــکی یەکەم گەیشتە کۆشكو بە سەرجەم پێداویستییە پزیشـــکەکانییەوە، وەزیر پێی ڕاگەیاند کە جەنابی پادشا ئازارێك لە گەدەیدا هەیە، تکایە چارەسەرێکی بۆ بدۆزەرەوە؟

پزیشکەکە پشکنینی بۆ پادشـــا ئەنجام داو پێی گوت: هەندێك دەرمانـــت بۆ دەنووســـم، بەکاریـــان بهێنە بە ویســـتی خودا چاك دەبیتەوە!

ڕۆژی دووەم پزیشـــکی دووەم هاتە کۆشكو ئەویش پشکنینی

بۆ پادشـــا ئەنجام داو پاشـــان پێی وت: جەنابی پادشا، چارەسەری ئـــەم دەردەی بەڕێزتان لە گوڵێکـــدا هەیە، کە لەم وڵاتەی ئێمەدا نییە، بـــەڵام دەتوانم بڕۆم بۆ فلان وڵاتو لەوێ بۆی پەیدا بکەمو بیهێنمەوە بۆ بەڕێزتان، بە ئومێدی ئەوەی بە تەواوی لەو ئازارە ڕزگارتان بێت!

پادشـــاش پێی گوت: زۆرباشـــە ئامادەکاری بۆ بکەن، با بڕوات بۆمان پەیدا بکات لە هەر کوێیەك هەیە.

بۆ ڕۆژی ســـێیەم، پزیشکی سێیەم هات: ئەویش دەستی کرد بە پشکنینی جەنابی پادشا، بێئەوەی بزانێت کە پێشتر پزیشکی دیکە پشکنینیان بۆ پادشا کردووە، پزیشکەکە پێی گوت: جەنابی پادشا تۆ هیچ شتێکت نییە، تەندروستیشت زۆر باشە، سوپاس بۆ خودا!

پادشا وتی: چۆن هیچم نییە مەگەر من پێت ناڵێم گەدەم ئازاری هەیە؟!

پزیشـــکەکە وتی: ڕەنگـــە خواردنێکی چـــەورت خواردبێت، تەنها پێویســـتت بە کەمێك وەرزشـــکردنە، بەڵام دڵنیابە تۆ هیچ نەخۆشییەکت نییە.

جەنابی پادشـــا زۆر سوپاســـی کردو وتی: لـــە ئەمڕۆ بەدواوە تۆ پزیشـــکی کۆشـــکی، چونکە کەســـێکی ئەمینو ئازاو بوێری،

توانیت ڕاســـتییەکەم پێ بڵێیت.. لە ڕاســـتیدا هەروایە من هیچ نەخۆشـــییەکم نییە، بەڵام پزیشـــکەکانی پێش تـــۆ نەیان دەوێرا بڵێن، تۆ نەخۆش نیت، هەر یەکەو دەرمانێکی بۆ نووسیم.. لەبەر ئەمانەتو ڕاســـتگۆییو حەق بێژیو لێهاتوویت تۆ بە پزیشـــکی کۆشک هەڵدەبژێرین..

پوختە:

✍ پێویســـتە مـــرۆڤ چاونەترسو ئازاو بوێـــر بێت، لە وتنی حەق هەرگیز سڵ نەکاتەوەو نەترسێت.

✍ پێویستە مرۆڤ ڕاستگۆ بێت، بۆ ڕەزامەندی کەسی بەرامبەر هەوڵ نەدات ناڕاستی بڵێت.

✍ ئەگـــەر بوویتە پزیشـــک بـــە وریاییـــەوە مامەڵە لەگەڵ نەخۆشـــەکانتدا بکە، چونکە ژیانی ئەوان ئەمانەتە لەبەردەستی تۆدا.

وەرزش

جەلال منداڵێکی تەمەن ٨ ســاڵان بوو، زۆر حەزی لە خواردن بوو، کورد وتەنی نەوســن بــوو، هەروەها زۆریشــی دەخوارد، هەمیشە سکی پڕبوو، هەر خواردنێکی ببینیایە تێری لێ دەخوارد، ورگی وەکو کاڵەکی لێهاتبوو، خرپنو قەڵەو بوو، بەشێوەیەك بە نارەحەتی دەیتوانی بە ڕێگەدا بڕوات، گرنگی بە تەندروستی خۆی نەدەدا..

کاتێك دەڕۆیشــت بــۆ قوتابخانــەش جانتاکەی پــڕ دەکرد لە شــیرینیو لەفەو خواردن، لە هەر پشوویەکی نێوان وانەکاندا شتێکی دەخوارد، ڕۆژێکیان وانەی وەرزش بوو، قوتابییەکان هەموو ڕۆیشــتن بۆ گۆڕەپانی قوتابخانە، مامۆستای وەرزش وتی: ئەمڕۆ پێشــبڕکێ دەکەین، بۆئەوەی بزانین کێ لــە هەمووان خێراترە، کەسی براوە خەڵات ئەکەم، تۆپێکی جوانی پێ دەبەخشم!

قوتابییــەکان بــە یارییەکــەو دیارییەکە زۆر دڵخۆشــبوون، هەمــووان لە هەوڵی ئــەوەدا بوون، کە پلەی یەکەم بەدەســت بهێننو دیارییەکە وەربگرنو ببنە براوەی یەکەم، یارییەکە دەستی پێکرد، دەبوا هەر قوتابییەك ٥ جار بە دەوری گۆڕەپانی قوتابخانەدا ڕای بکردایە، مامۆســتا فیکەی دەرچوونی لێدا، قوتابییەکان ڕایان کرد، مامۆســتاش چاودێری دەکردن، تێبینی کرد جەلال زۆر خاوە

له ڕاكردناو تواناى ڕاكردنى نييه، تەنانەت تواناى يەك جاريشى نەبوو بەدەورى گۆڕەپانى قوتابخانەدا بسوڕێتەوە، دواجار له ماندويێتىو هەناسە بڕكێدا كەوتە سەر زەوى، ڕووخسارى سوور هەڵگەڕابوو، عارەق تك تك بە ناوچەوانيدا دەهاتە خوار، هاوڕێكانى پێى پێ دەكەنين..

مامۆستا ڕۆيشت بۆ لاىو هەڵى ساندەوەو پێى وت: جەلال تۆ زۆر دەخۆيت، ناتوانيت ڕابكەيتو بە نارەحەت دەتوانيت بڕۆى بە ڕێگەدا.. پێويستە كێشى خۆت كەم بكەيتەوە، ئەگەرنا دووچارى زۆر نەخۆشى دەبيت.

پاشان وتى: وەرە بابڕۆين بۆ لاى پزيشكى قوتابخانە، مامۆستا بابەتەكەى بۆ پزيشكەكە ڕوونكردەوە، پزيشكەكە وتى: جەلال پێويستە سەرەتا خواردن كەم بكەيتەوە، هەروەها خشتەيەكى خواردنى بۆ داناو پێى وت كە ڕێنماييەكان جێبەجێ بكات، هەروەها دەبێت گرنگى بە وەرزشكردن بدەيت.

مامۆستا وتى: جەلال خۆم چاودێريت دەكەم، هەروەها ڕۆژانە دەبێت بێيت بۆ ژووری وەرزشكردن، لە كاتى پشووەكاندا.

بۆ ڕۆژى دواتر جەلال ڕۆيشت بۆ قوتابخانە، بەڵام بڕێكى زۆر كەمى خواردن لەگەڵ خۆيدا برد، هەروەها له كاتى پشووەكاندا

دەڕۆیشـــت بۆ ژووری وەرزشەکەو وەرزشـــی دەکرد، مامۆستاش فێری زۆر یاری وەرزشـــی کرد کە یارمەتی دابەزینی کێشی لەش دەدەن، جەلال لەسەر ئەم بەرنامەیە بەردەوام بوو، لەو ڕۆژە بە دواوە زیادەخۆری نەدەکردن بە بەردەوامیش وەرزشـــی دەکرد، بە هاوکاری مامۆســـتاکەی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کێشـــی کەمی دەکرد، ئێستا بە ئاسانی دەتوانێت بە ڕێگەدا بڕوات.

جەلال بەردەوام بوو لەســـەر وەرزشـــکردن، دوای دوو مانگ لـــە وەرزشو زیـــادەڕەوی نەکردن لە خواردن، جەســـتەو لەشو لاری وەکـــو هاوڕێکانی لێهـــات، ئیدی وەکـــو هاوڕێکانی دەیتوانی ڕابکات، وەرزش بکات، یاری تۆپی پێ بکات.. جەستەیەکی خۆشو تەندروســـتی هەبوو، زۆر هەســـتی بە خۆشـــحاڵی دەکرد، کەس گاڵتـــەی پێ نەدەکرد، لە ڕێگە هەناســـەبڕکێی پـــێ نەدەکەوت، هەوڵی بەدەستهێنانی پلەی یەکەمی دەدا لە ڕاکردنەکاندا.

ڕۆژێك ڕۆیشـــت بۆ ژووری مامۆســـتای وەرزشو زۆر سوپاسی هـــەوڵو هـــاوکاریو یارمەتییەکانی کرد، پێی گـــوت: وانەیەکت فێرکردم کە هەرگیز لە یادی ناکەم، تێگەیشـــتم کە لەشو لارێکی ڕێكو پێكو شـــیك بە وەرزشـــکردن بەدەست دێت، نەك بە زۆر خواردن.

مامۆســـتاکەی پێی گوت: جەلال تـــۆ قوتابییەکی گورجو گۆڵو چالاکیـــت، خاوەنی هیـــواو ئاواتی زۆرو خۆڕاگرییەکی باشـــیت، بەردەوامبە تا ئەو کاتەی دەبیت بەو کەسەی کە خۆت دەتەوێت.

پوختە:

✍ نابێت زیاتر لە پێویســـت بخۆیـــن، چونکە خواردنی زۆر قەڵەومـــان دەکات، قەڵەویش چەندەها نەخۆشـــی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

✍ وەرزشکردن زۆر پێویســـتە بۆ مرۆڤ، ئەگەر دەتەوێت جەستەیەکی پتەوو بەهێزت هەبێت، پێویستە وەرزش فەرامۆش نەکەیت، ڕۆژانە کات تەرخان بکە بۆ وەرزشکردن.

✍ قوتابی ژیر، هەمیشـــە گوێڕایەڵی ئامۆژگاری مامۆســـتاو پزیشکو دایکو باوکو کەسانی لەخۆی گەورەتر دەبێت.

بۆ منداڵەکەت

چیرۆك بخوێنەرەوە!

سوهام کچێکی ژیرو هۆشمەند بوو، زۆر حەزی بە چیرۆکەکانی دایەو بابەی دەکرد، هەر کات باوکی لەسەر کار دەگەڕایەوە، پێش ئەوەی ماندوویێتی دەربچێتو عارەقەی نێوچەوانی وشك بێتەوە، دەڕۆیشـــتە لایو پاش بەخێرهاتنەوەی پەرداخێك ئاوی پێشکەش دەکردو دەیگوت: بابە گیان، من حەزم لە چیرۆکە تکایە چیرۆکێکی دیکەم بۆ بگێڕەوە.. باوکیشی هەرچەندە زۆر ماندووبوو، هێشتا پشـــووی نەدابوو، بەڵام دڵی نەدەهات دڵی کیژۆڵەکەی بشکێنێت، ناچار چیرۆکێکی بۆ دەگێڕایەوە..

پاشـــان دەڕۆیشـــت بۆ لای دایکیو هەر کات دڵنیابووایە کە لە کاروباری ناوماڵ تەواو بووەو بە نیازە کەمێك پشوو بدات، دیسان سوهام دەڕۆیشتە نێو باوەشی دایکی ئەزیزیو ماچێکی ڕووخساری دەکـــردو دەیگوت: دایە گیان دەزانـــم ماندووی بەڵام من حەزم لە چیرۆکە، تکایە دڵم مەشـــکێنەو چیرۆکێکی خۆشم بۆ بگێڕەوە. دایکیشی هەرچەندە ماندوو بوو، بەڵام هەرگیز دڵی نەدەهات دڵی جگەر گۆشەکەی بشکێنێت، ناچار ئەویش چیرۆکێکی خۆشی بۆ کیژۆڵە نازدارەکەی دەگێڕایەوە..

ئەمە پیشـــەی هەموو ڕۆژێکی ســـوهام خانم بوو، هیچ کات لە بیستنی چیرۆکەکان بێتاقەت نەدەبوو، زۆر حەزی بە چیرۆکەکانی

دایەو بابەی دەکرد، هەمیشـــە حەزی دەکرد ئەویش وەك پاڵەوانی چیرۆکەکان ڕۆڵ ببینێت، بەڵام گوێی بە ماندووبوونو شەکەتی دایـكو باوکی نەدەدا، لەبەرئەوە باوکی بەردەوام بیری دەکردەوە لەبەرخۆیـــەوە دەیگوت: کچەکەم زۆر حـــەز بە چیرۆك دەکات، منیش چیرۆکی زۆرم بۆ گێڕاوەتەوە، بە جۆرێك کە جاری واهەیە چیرۆکـــەکان دووبـــارەن کە بۆی دەگێڕمەوە، باشـــە ڕێگە چارە چییە؟

ڕۆژێکیـــان باوکـــی بەرامبەر تەلەفزیۆن دانیشـــتبوو، لەناکاو هەستایە سەرپێو وتی: دۆزیمەوە، لە کۆتاییدا دۆزیمەوە!

دوای چەند ڕۆژێك پێشانگای کتێبی نێودەوڵەتی لە شارەکەیان کرایەوە، باوکی سوهامو دایکیو سوهام خانم، پێکەوە ڕۆیشتن بۆ ئەو پێشانگایە، چەندین کتێبی ناوازەی چیرۆکیان بۆ کچەکەیان کڕی، کە چیرۆکە جیهانییەکانی لە خۆگرتبوو، هەروەها چەندین یاری فێرکاریشـــیان بۆ کڕی، لەگەڵ چەند کتێبێکی فێرکاری کە لەگەڵ تەمەنیدا دەگونجا!

پاشان گەڕانەوە بۆماڵەوە، سوهام لە خۆشیدا وەخت بوو باڵ بگرێت، ئەو ڕۆژە زۆر دڵخۆش بوو، چونکە ئیدی پێویســـتی بەوە نەما ببێتە ئەرك بۆ دایكو باوکی، تکایان لێ بکات تا چیرۆکێکی بۆ

بگێڕنەوە، بەڵکو ئێستا لە کتێبەکانیدا خاوەنی چەندەها چیرۆکی جیهانییە، ئیدی لەو ڕۆژە بەدواوە سوهام بەردەوام، یان چیرۆکی دەخوێندەوە، یان بە یارییە فێرکارییەکانەوە سەرقاڵ بوو، یاخود بە کتێبە فێرکارییەکانەوە!

دوای ماوەیەك ڕۆژێکیان باوکی سوهام لەسەر کار گەڕایەوە، سوهام بەپەلە ڕۆیشت بۆ پێشوازی باوکی‌و بەخێرهاتنی کردەوەو پێی گوت: بابەگیان..

باوکی گوتی: بەڵێ کچی شیرینم، ئەوە ماوەیەکە نابینم بەشێوەی جاران کە دەگەڕێمەوە بۆ ماڵ بێیت بە پیرمەوەو بەخێرهاتنەوەم بکەیت‌و بانگم بکەیت؟

سوهام وتی: بابەگیان زۆر سوپاست دەکەم، بۆ ئەو پەرتووکە بە نرخانەی پێشکەشت کردم، ئێستا خۆم چیرۆکەکان دەخوێنمەوە، چیدی نابمە ئەرك بۆ ئێوە، ئێستا گوێ بگرە با من ئەم چیرۆکە خۆشەت بۆ بگێڕمەوە.. سەرەتا باوکی لەبەر دڵی کچەکەی زۆر بە جوانی گوێی بۆ ڕادێرا، تا تەواو بوو..

دواتر باوکی دەستی کرد بە پێکەنین‌و زۆر دڵخۆش بوو، وتی: ئێستا کچەکەی من بووەتە خاوەنی گەنجینەیەك لە چیرۆك، دەیەوێت ئەو چیرۆکیان بۆ بگێڕێتەوەو جارێکی دیکە چێژیان

لێوەربگرێــت، واتــە جارێــك چێــژ وەربگرێت بەهــۆی ئەوەی دەیخوێنێتــەوە، جارێكــی دیكەش بەهۆی ئــەوەی بیگێڕێتەوە بۆ دایكو باوكی چێژی لێ وەربگرێت، ئێستا سوهام دەیەوێت چیرۆك بگێڕێتــەوە، لەبری ئەوەی گوێ بۆ گێڕانــەوەی چیرۆك بگرێت. بەڵام كەسی دەستناكەوێت بۆی بگێڕێتەوە ناچار بۆ دایكو باوكی دەگێڕێتەوە..

پوختە:

- ئەگەر دەزانیت دایكو باوكت كاتیان نییەو ناتوانن چیرۆكت بــۆ بگێڕنەوە، ئەوا داوایان لێ بكە، كتێبی چیرۆكت بۆ بكڕن، تا خۆت ڕۆژانە چیرۆكەكان بخوێنیتەوەو سودیان لێ ببینیت.
- كاتێــك چیرۆكێــك دەخوێنیتەوە هەوڵ بــدە بیگێڕەوە بۆ خەڵكانی دیكە، تا ئەوانیش سودی لێ ببینن.
- چیرۆك باشترین ڕێگەیە بۆ پەروەردەو فێربوون، هەوڵبدە ئەم ڕێگایە هەرگیز فەرامۆش نەكەیت.



ئاڵتونی سپی

محەممەد لــە قوتابخانە گەڕایــەوە، جلوبەرگی قوتابخانەی گۆڕیو جلەکانی ماڵەوەی پۆشــیو دەســتو دەمو چاوی شۆردو ڕۆیشــت بۆ چێشــتخانە بۆ خواردنی نانی نیــوەڕۆ، لەبەردەمی چێشــتخانەدا ڕەیبانی خوشــکی بینــی، کە لەبەردەمــی دایکیدا وەستابوو، دایکی ملوانکە ئاڵتوونییەکەی بۆ دەکردە ملی.

محەممەد ڕۆیشــتە سەرخوانەکەو ســلاوی لە باوکی کردو دەســتی بەنانخواردن کرد، بە دەم نانخواردنەوە پرسی: بابەگیان ئەمڕۆ مامۆســتاکەمان دەیگوت: ئێمە خاوەنی سەروەتێکی زۆری ئاڵتونی سپین..

ئایا ئاڵتون زەردو سپی هەیە؟!

باوکی گوتی: بەڵێ کوڕی شــیرینم، هەر زەردو سپی نا، بەڵکو ئاڵتونی ڕەشیشمان هەیە!

محەممەد وتی: چۆن بابەگیان؟ خۆ دایکمو ڕەیبان تەنها ئاڵتونی زەردییان هەیە!

باوکی وتی: نەخێر کاکە محەممەد، ئێمە هەر سێ جۆرەکەیمان هەیە، سپی، ڕەش، زەرد، دوای نانخواردن بۆت باس دەکەم.

پاش نانخواردن.. چوونە ژووری دانیشتنو باوکی گوتی: کوڕی خۆم:

* ئاڵتونی سپی.. ئەوەیە کە دەیپۆشینو لەبەری دەکەین، بەو لۆکەیە دەوترێت، کە جوتیارەکانمان بەرهەمی دەهێنن، پاشان بەرهەمەکەی کۆدەکەنەوەو دواتر دەیفرۆشنو لە کارگەکاندا دەکرێت بەو جلوبەرگە لۆکەیەی کە ئێستا لەبەرماندایە، هەرچەندە ئێمە کارگەی دروستکردنی جلوبەرگمان نییە، بەو هیوایەی لە ئایندەدا ئەو کارگەیەش لە شارەکەمان بکرێتەوە، ئەوەش سەرمایە ئاڵتونییە سپییەکەمان، کە لەو سەرمایەیە جوانترین جلوبەرگ، دروست دەکەین، کە بەشی زۆری لۆکەی وڵاتەکەمان هەناردەی دەرەوە دەکرێت، بەو هۆیەوە پارەیەکی باشمان دەست دەکەوێت، بەڵام لە شێوەدا ئاڵتون نییە، بەڵکو لە نرخو بەهادا وەکو ئاڵتون وایە.

* ئاڵتونی ڕەش.. ئەو نەوتەیە کە لە وڵاتەکەماندا هەیە، وڵاتەکەی ئێمە خاوەنی چەندین کێڵگەی نەوتییە، لەو نەوتە خامە هەموو شتێکی وەکو: بۆری، پلاستیك، قوماش، نایلۆن، ئاوریشمی پیشەسازی، چەرمی پیشەسازی، جۆرەها دەرمانو چەندین شتی دیکەی لێ دروست دەکرێت، ئەمە جگە لە نەوتو بەنزینو گازو جۆرەکانیان، کە هەموویان سەرچاوەکەیان ئەو نەوتە خامەیە کە لە وڵاتەکەماندا هەیە..

کوڕی شـــیرینم: ئێســـتا دەزانیت بۆچی بە هـــەر یەك لەوانە دەوترێت ئاڵتون؟

محەممەد گوتی: بەڵێ بابە گیان، چونکە سەرچاوەیەکی گەورەن بۆ داهاتی وڵاتەکەمان، هەروەها ماددەیەکی خامن، زۆر شتیان لێ دروســـت دەکرێت، لە لۆکە جۆرەها قوماشو جلوبەرگ دروست دەکرێت، نەوتی خامیش لە جۆرەها پیشەسازیدا بەکاردەهێنرێت..

دایکی محەممەد کە گوێی بۆ وتوێژی نێوان هاوسەرو کوڕەکەی گرتبـــوو، گوتی: ئافەریـــن محەممەد، تۆ منداڵێکـــی زیرەکی، بە خێرایی لە شتەکان تێدەگەیت..

پوختە:

✍ مەرج نییە تەنها پشت بە یەك شت ببەستین بۆ زیادکردنی داهاتمان.

✍ هەمیشە پرسیار بکە لە هەر شتێك کە نایزانیت، تەنانەت ئەگەر نەتتوانی لە مامۆســـتاکەت بپرســـی هەوڵ بدە، لە دایكو باوکت بپرسی، با ئەوان بۆت ڕوون کەنەوە.

✍ پرســـیارکردن، هیچ عەیب نییە، بەڵکـــو نەزانین عەیبە، کەواتە بۆئەوەی نەزان نەبیت، بپرســـە.. کوردیش دەڵێت: دەڵێن بە پرسیار دەچییە بەغدایە، دەبییە شارەزای هەموو ڕێگایە!

پادشایەکی زیرەك

پادشـــایەك هەبوو، هەروەكو هەموو پادشاكانی دیكەی دونیا، خاوەنی زۆرێك موڵكو ســـەروەتو سامانی بێ شومار بوو، بەڵام ئەوەی زۆر دڵی پێی خۆشبوو، عەمامەیەكی نەخشێنراو بوو لە تاڵی ئاڵتونی دەگمەنو گرانبەها، جەنابی پادشا تەنها لە ئاهەنگو بۆنەكاندا ئەو عەمامەیەی لەسەر دەكرد، لە تەواوی وڵاتدا جگە لە پادشا هیچ كەس خاوەنی ئەو عەمامەیە نەبوو..

ڕۆژێكیان یەكێـك لە وەزیرەكانی زۆر حـــەزی لە عەمامەكەی پادشـــاكرد. چونكـــە زۆر لای جوان بوو، ئاواتەخـــواز بوو، بە هەر شێوەیەك بێت، ببێتە خاوەنی عەمامەیەكی لەو شێوەیە، بەڵام چۆن؟ چونكە پارەیەكی زۆری دەوێت، ئەویش خاوەنی ئەو پارە زۆرە نییە، لەبەرئـــەوە بیری لە پیلانێك كردەوە، ئـــەوەی بەبیریدا هات تەنها ڕێگە چارە بریتی بوو، لە دزینی عەمامەكەی پادشـــا، لە دڵی خۆیدا وتی: هەرگیز پادشا گومان لە من ناكات، چونكە من چەندین ساڵە وەزیری پادشـــام، هەرگیز هیچ شـــتێكم نەدزیوە تا ئێستا گومانم لێ بكات، هەروەها بە وەزیرێكی ئەمینو دەستپاك ناسراوم، هاوكات من بەردەوام ڕۆژانە لە نێو كۆشـــكدام، پاسەوانو خزمەتگوزاری زۆر لە نێو كۆشكدا هەیە.. دڵنیام پاشا نازانێت كێ عەمامەكەی بردووە!

وەزیـــر بۆ ئەم مەبەســـتە پلانێكی تۆكمـــەی دانا، ڕۆژێك كە پادشـــا میوانی زۆری هەبوو، بە میوانەكانییەوە ســـەرقاڵ بوو، دەرفەتی هێناو خۆی گەیاندە شوێنی عەمامەكەو هەڵیگرتو لە

نێو جلەکانیدا شاردییەوەو بەپەلە بەرەو ماڵ گەڕایەوە، لە نێو حەوشـــەی ماڵەکەیدا چاڵێکی بۆ هەڵکەند، عەمامەکەی خستە نێو سندوقێکەوەو لەناو چاڵەکەدا شاردییەوە.

چەند ڕۆژێك تێپەڕی، پادشـــا بـــە نیازی ســـازدانی ئاهەنگێکی گەورەبوو لە نێو کۆشکدا، داوای کرد تا عەمەماکەی بۆ بهێنن و بیکاتە سەری، بەڵام زۆر گەڕان عەمامەکەیان نەدۆزییەوە، کوڕەکەی هاتە لای باوکی و پێی گوت: بابە وا هەســـتەکەم عەمامەکەیان بردبێت، چونکە لە شـــوێنی خۆی نەماوە، پادشاش بە کوڕەکەی دەڵێت: ئەم هەواڵە لای هیچ کەس باس نەکەیت، بڕۆ هاوشـــێوەی عەمامەکەی خۆم عەمامەیەکم بۆ دروســـت بکە، تا کەس هەست بەوە نەکات لە کۆشـــکی پادشـــا دزی کراوەو پاشـــانیش لەم ڕێگەیەوە دەتوانین دزەکە بدۆزینەوە، کوڕەکەی وتی چۆن؟ پادشا وتی: دواتر دەزانیت ئێستا بڕۆ عەمامەکەم بۆ دروست بکە. کوڕەکەی ڕۆیشت هەمان عەمامـــەی بۆ دروســـتکردو هێنایەوە بۆ باوکـــی، ئەویش لە ڕۆژی ئاهەنگەکەدا عەمامەکەی لەسەر کرد، ئامۆژگاری کوڕەکەی کردو پێی وت: لەبەردەم دەرگای کۆشـــکدا بووەســـتە، ئەگەر هەر کەس چووە دەرەوەی کۆشك بزانە کێیەو بۆ کوێ دەڕوات؟

پادشا بە عەمامە نوێیەکەوە بەرەو حەوشەی کۆشك بەڕێکەوت، کاتێك جەنابی وەزیر چاوی بە عەمامەکەی پادشا کەوت، سەرسام بوو، لە دڵی خۆیدا وتی: دەبێت پادشـــا چۆن شوێنی عەمامەکەی

زانیبێت؟ لە ناکاو وەزیر خۆی دزییەوەو ئاهەنگەکەی بەجێهێشت، لە کۆشـــک چووە دەرەوە، شازادەو پاســـەوانەکانی بە نهێنی دوای کەوتن، وەزیر گەیشـــتە ماڵەوە، بەپەلـــە چاڵەکەی هەڵدایەوە، سەری سوڕما، بینی سندوقەکە لە شوێنی خۆیەتی، ویستی خێرا چاڵەکە داپۆشـــێتەوە، بەڵام شازادە توند دەستی گرتو وتی: ناپاك دزیت لە باوکم کردووە؟! پاشان سندوقەکەیان دەرهێناو وەزیریان بـــە کەلەپچە کراوی بردەوە بۆ لای پادشـــا، پادشـــا فەرمانی کرد، زیندانی بکەنو لە پۆستەکەی دووری بخەنەوە. جەنابی وەزیر، عەمامەکەشو پۆستەکەی لە دەست دا!

پوختە:

✍ هەرگیز بیر لە تاوان مەکەرەوە، ئەگەر بۆ یەکجاریش بێت، جەنابی وەزیر یەك تاوانی کرد، ویستی ببێتە خاوەنی عەمامەیەك، بـــەڵام نەبووە خاوەنـــی عەمامەکە، هـــاوکات چـــووە زیندانیش، پۆستەکەشی لەدەستدا، سومعەو ناوبانگیشی لەدەست دا.

✍ دڵنیابە ئەگەر لە جـــاری یەکەمدا لە ئەنجامدانی تاوانێکدا سەرکەوتوو بیت، ئەوا جاری دووەمو سێیەمیش ..هتد، ئەو تاوانە ئەنجام دەدەیتەوە، تا وەکو وەزیر دەبیتە قوربانی دەستی تاوانەکەت.

✍ هەرگیـــز زیاد لە توانای خۆت پێ ڕامەکێشـــە، بەخیلیو ئیرەیی بە کەســـانی لە خۆت سەروتر مەبە، سەیری کەسانێك بکە، کە لە خوار تۆوەن!

ڕزگاربوون لە ڕاستگۆییدایە

ڕانیاو سـۆمای هاوڕێی، بە مەبەسـتی کڕینی پێداویستییەکانی قوتابخانە، پێکەوە دەڕۆن بۆ پەڕاوگە، کاتێك گەیشتنە پەڕاوگەکە، دەفتەرو پێنووس‌و لاسـتیك‌و ...و سـەرجەم پێداویستییەکانیان کڕی، پاشـان گەڕانەوە بەرەو ماڵ، سۆما هەستی کرد جزدانەکەی ونکـردووە.. زۆر گەڕان بەڵام نەیانتوانی بیدۆزنەوە. سـۆما زۆر ترسـا، وتی ئێستا من چی بکەم، چی بڵێم بە دایکم؟ بەردەوام بیری دەکردەوە، ڕانیا هەوڵی دا دڵخۆشی بداتەوە، بەڵام سۆما وتی: باشترە بە دایکم بڵێم، دز جزدانەکەی فڕاندوم‌و ڕایکردووە، منیش نەمتوانیوە دوای بکەوم، نەبادا زیان بەخۆشـم بگەیەنێت، بەمشـێوەیە دایکم سـزام نادات‌و دەڵێت بەس نییە خۆت سەلامەتی، پارەو جزدان هیچ نییە! ڕانیا کەمێك بێدەنگ بوو، پاشـان وتی: نەخێر سـۆما ئەمە درۆیە، پێویستە تۆ ڕاستی بڵێی ئەگەرچی سزاش بدرێیت، چونکە ئەگەر ئەمڕۆ درۆ بکەی، سبەی دەبیتە کەسێکی درۆزن!

سـۆماش سوپاسـی ڕانیای کـرد بـۆ ڕێنمایـی‌و ئامۆژگاریی‌و دڵسۆزییەکەی، پاشـان بڕیاری دا کە ڕاسـتییەکە بە دایکی بڵێ، کاتێك گەیشتەوە ماڵ، ڕووداوەکەی وەکو خۆی بۆ دایکی گێڕایەوە، سـەرەتا دایکی کەمێك توڕەبوو، بەڵام دواجار سوپاسی کچەکەی کرد، چونکە ڕاستگۆ بووەو درۆی لەگەڵدا نەکردووە. دوای چەند ڕۆژێك زەنگی تەلەفۆن لێیدا، کەسـێکی ئەمین‌و دەسـتپاك بوو، جزدانەکەی سۆمای دۆزیبووەوە، بینیبووی لەناوجزدانەکە ناونیشان‌و

ژماره تەلەفۆنی تیایە، پەیوەندی کردبوو تا بۆیان بگێڕێتەوە!

دوای ئــەوە ڕانیا ڕۆژێك ویســتی هەواڵی ســۆما بپرســێت، بۆ ئەو مەبەســتە بڕیاری دا ســەردانی بکات، کاتێك ڕۆیشــت بۆ ماڵی ســۆماو هەواڵی پرسی ئەویش زۆر بەدڵخۆشــییەوە پێی ڕاگەیاند، کە جزدانەکــەی کەوتبووە لای کەســێکی ئەمین‌و دەســتپاك بۆی هێناوەتەوە بۆ ماڵەوە! ڕانیاش بەم هەواڵە زۆر دڵخۆشــبوو، پاشــان پێی گوت: ئەگەر لەگەڵ دایکت درۆت بکردایەو ئەو کات بتگوتایە دز جزدانەکەی بــردووم، دواتر ئەو پیاوە ئەمینە تەلەفۆنی دەکردو دەیگوت جزدانەکەت لای منــە.. ئەو کات چیت بە دایکت دەگوت؟!

سۆما وتی: من سوپاسی خودا دەکەم، پاشان سوپاسی تۆ دەکەم هاوڕێی ئازیزم، کە گوێم بۆ ئامۆژگارییەکەی تۆ گرت، ڕاستییەکەم بە دایکم وت، ڕانیا تۆ ڕاست دەکەیت، هەمیشە ڕزگاربوون لە ڕاستگۆییدایە.

پوختە:

✍ دڵنیابن هەمیشە ســەرفرازی‌و ڕزگاربوون لە ڕاستگۆییدایە، هیچ کات قسەی ناڕاستو درۆ مەکەن، کورد وتەنی پەتی درۆ کورتە.

✍ هاوڕێــی بــاش هەمیشــە مــرۆڤ لە خراپــەو تاوان دووردەخاتەوەو ڕێنمایی دەکات بەرەو چاکەو کاری باش، کەواتە وریابە بزانە کێ دەکەیت بە هاوڕێی خۆت.

✍ درۆ هــەر درۆیە، ئەگەر یەك وشــەش بێت، بێگومان مرۆڤ لە درۆیەکەوە فێری درۆزنی دەبێت.

شۆردنەوەی میوە

دایکـــی لە بازاڕ گەڕایەوە، زەمبیلەیەکی گەورەی پڕ لە میوەی لە سێوو قەیسیو ترێی لەگەڵ خۆی هێنابوو، نور بەپەلە بەرەو لای زەمبیلەکەی ڕۆیشتو سێوێکو ٣ دەنك قەیسیو هێشویەك ترێی دەرهێناو دەستی کرد بە خواردنی.

دایکی کە بینی نور وا دەســـتیکردووە بـــە میوە خواردن، پێی گوت: کچەکەم میوەکان بشۆرەوە پێش ئەوەی بیانخۆیت، چونکە میوە پێش شۆرینەوە پاك نین، نور سەیرێکی میوەکانی کردو وتی: دایەگیان پاکن هیچیان پێوە نییە، تۆزێك خۆڵاوی بوون بە دەست پاکم کردنەوە.

دایکیشـــی میوەکانـــی لـــە زەمبیلەکە دەرهێناو خســـتییە نێو تەشتێکی گەورەی پڕ لە ئاو، زۆر بە جوانی میوەکانی شۆردەوە، دوای ئەوەی بە تەواوی میوەکانی شۆردەوە، لە ئاوەکە دەریهێنانو هەریـــەك لـــە میوەکانی لە ســـەبەتەیەکدا داناو خســـتییە نێو سەلاجەکەوە.

دوای ئـــەوەی دایکی لە کارەکەی تەواو بوو، ســـەیرێکی نوری کردن بینی وا لە میوە خواردن بەردەوامە، توڕەبوو لە نور، وتی: پێم نەگوتی پێش خواردنیان میوەکان جوان بشۆرەوە، ئەو میوانە پاك نین، تووشی ژانە سکت دەکەن!

لـــەو کاتـــەدا نور دەســـتی کردە گریـــان، وتـــی: دایەگیان تۆ ڕاست دەکەیت ســـکم زۆر ئازاری هەیە، دایکی بەپەلە بردی بۆ نەخۆشخانە، پزیشـــکەکە وتی: چییەتی، دایکیشی ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوەو وتی: میوەی نەشۆراوەی خواردووە!

پزیشـــکەکەش دەرمانـــی بۆ نووســـیو پێی گـــوت: کچەکەم، پێویســـتە بە خێرایی ئەم دەرمانە بخۆین پێش ئەوەی دووچاری ژەهراویبـــوون ببیت، هەروەها پێش ئـــەوەی میوە بخۆی زۆر بە جوانی بیشۆرەوە..

نور دەرمانەکانی وەرگرتو سەیرێکی پزیشکەکەی کردو وتی: خۆ من هیچ شـــتێکی خراپم نەخواردووە، تەنها میوەم خواردووە، دایکی وتی: ڕاست دەکات میوەی خواردووە پێش ئەوەی بشۆرێتەوە!

دکتۆرەکە ســـەیرێکی نـــوری کردو وتی: نـــور ئایا دەزانیت زۆرێك لە مێرووی زیانبەخش لەســـەر میوەکان دەژین، جوتیار هەڵدەستێ بە رشـــاندنی دەرمان بەسەر میوەکانیدا، بۆ ئەوەی ئەو مێرووە زیانبەخشـــانە بکوژێت، کـــە دووچاری میوەکانی هاتوون، ئەو دەرمانانەش لەســـەر میوەکان دەمێننەوە، تا ئەو کاتەی زۆر بەجوانی بە ئاو دەشۆرێتەوە، هەروەها ئەو میوانە کە لە بازاڕدا نمایشـــکراون، تۆزو خۆڵێکی زۆری لێ دەنیشێت،

پێویســـته هیچ میوەو ســـەوزەیەك نەخۆین تـــا زۆر بە جوانی دەیانشۆینەوە.

نـــور وتی: من زۆر داوای لێبوردن دەکەم، بەڵێن دەدەم کە ئەم کارە دووبارە نەکەمەوە، هەروەها هەموو هاوڕێکانیشـــم ئاگادار دەکەمەوە کە پێش شۆردنەوە میوە نەخۆن!

پوختە:

✍ میوە زۆر بەســـوودە بۆ مـــرۆڤ، پێویســـتە ڕۆژانە میوە بخۆین، بـــەڵام ئەگەر بە جوانی نەشـــۆریتەوە پێـــش خواردن، ئەو کات لەبری ســـوود زیانی لێدەکەین و دووچاری نەخۆشـــی و ژەهراویبوونمان دەکات.

✍ هەرگیز پەلەمەکە لەو شتەی حەزت لێیەتی، چاوەڕوان بکە، تا هەموو ئەندامانی خێزان کۆدەبنەوەو پێکەوە دادەنیشن و لە کەشـــێکی خۆش و ئارامدا، لەســـەر خوانێکی جوان پێشکەش دەکرێت، ئەو کات دەست بە خواردن بکە.

✍ ئەگەرچی دەرمان تاڵە، بەڵام کاتێك دووچاری نەخۆشـــی دەبین، دەبێت ئەو تاڵە بنۆشین، تا لە ئازارو ناڕەحەتی ڕزگارمان ببێت.

دەمەوێت ببم بە پزیشك

سیما هەر لە سەرەتای تەمەنیدا بە دایکی دەگوت: من دەمەوێت ببمە پزیشك، دایکیشی هەموو جارێك لە ئامێزی دەگرتو بەوپەڕی سۆزو خۆشەویستییەوە پێی دەگوت: ئەگەر دەتەوێت ببیتە پزیشك پێویستە کۆششی زۆر بکەیتو خۆت ماندووبکەیت، تا پلەی بەرز بەدەست بهێنیت، ئەو کات کە گەورە بوویت دەبیتە پزیشك.

سیما هەموو جارێك کە لەگەڵ دایکی دەچووە بازاڕ، ئەو یارییانەی دەکڕی کە لە شێوەی کەلوپەلە پزیشکییەکاندان، داوای لە دایکی دەکرد عەزییەکی سپی بۆ بکڕێت، لە شێوەی ئەو عەزییەی کە پزیشکەکان لەبەری دەکەن، لە نەخۆشخانەدا.

هەروەها بەردەوام حەزی بە سەیرکردنی ئەو فیلمو درامایەنە دەکرد، کە دکتورێك تیایدا ڕۆڵی پاڵەوانی فیلمەکە دەبینێت، هەر کاتیش لەگەڵ هاوڕێکانی یاری بکردایە، حەزی دەکرد ڕۆڵی پزیشك ببینێت، کەلوپەلی یارییەکانی ئامادە دەکرد، عەزییە سپییەکەی لەبەردەکرد، بە هاوڕێکەی دەگوت: تۆ ڕۆڵی نەخۆش ببینە، هاوڕێکەی بە ناڵە ناڵو هاوار هاوار خۆی دەکرد بە ژووورداو دەیگوت ئاه سکم، ئاه سکم!

دکتۆرە سیماش چاویلەکەی دەکردە چاوی‌و سەماعە پزیشکییەکەی دەکردە گوێی‌و دەستی دەکردە پشکنینی هاوشێوەی دکتۆر، پاشان پێی دەگوت: دەزانم سکت ئازاری هەیە، دەزانیت بۆچی؟

هاوڕێکەشی دەیگوت: نا دکتۆرە نازانم بۆچی؟؟

دکتۆرە سیماش دەیگوت: ئەوە سەوزەو میوەت خواردووەو نەتشۆردۆتەوە.. ئەوە بووەتە هۆی ئەوەی سکت بیداتە ئازار..

سیما هەمیشە سەبارەت بە زانستی پزیشکی کتێبی دەخوێندەوەو حەزی بە خوێندنەوەی ژیانی پزیشکە سەرکەوتووەکان دەکرد، ڕۆژەکان تێپەڕین، سیما ساڵ بە ساڵ سەرکەوتنی زیاتری تۆمار دەکرد، تا ئەوەی سیما گەیشتە قۆناغی شەشەمی ئامادەیی، ڕۆژێکیان باوکی چپەیەکی کرد بە گوێی کچە شیرینەکەیداو وتی: سیما گیان، تۆ لە بەدیهێنانی ئامانجەکەت زۆر نزیك بوویتەوە، پێویستە زۆر زیاتر لە ساڵان خۆت ماندوو بکەیت، بۆئەوەی بەرزترین نمرە بەدەست بهێنیت، تا بتوانیت بە ئاسانی بچیتە کۆلێژی پزیشکی.

سیما وتی: بە چاوان بابەگیان، من زۆر بە باشی تێدەکۆشم، بۆئەوەی بتوانم خەونەکەم بهێنمە دی.

ئەو ساڵە لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی زۆر خۆی ماندوو کرد، شەوو ڕۆژی خستبووە سەریەك بۆ هێنانەدی ئاواتەکەی، دواجار ساڵ تەواو بوو، تاقیکردنەوەکان ئەنجام دران، ڕۆژی وەرگرتنی نمرە هاتەپێش، سیما کاتێك نمرەکانی وەرگرتەوە زۆر خۆشحاڵ بوو، چونکە نمرەیەکی زۆر باشی بەدەست هێنابوو، دواجار خەونەکەی هاتەدیو لە کۆلێژی پزیشکی وەرگیرا، حەزی کرد

ببێتە پزیشکی منداڵ، لەبەرئەوە، ئەو بەشەی هەڵبژارد!

ئێســـتا دکتورە سیما دکتورەیەکی زۆر هێمن و لەسەرخۆو بە توانایە، زۆر بە جوانی مامەڵە لەگەڵ منداڵەکاندا دەکاتو ئەوانی زۆر خۆشدەوێت، زۆر بە پەرۆشەوە تێدەکۆشێت لەگەڵیاندا، تا ئەو کاتەی بە تەواوی چاك دەبنەوە.

هـــەر کات منداڵێك پێی دەڵێت: منیش دەمەوێت وەکو تۆ ببمە دکتۆرێکی شــــارەزا، دکتورە سیما زەردخەنەیەك دەیگرێو پاشان چیرۆکی ژیانی خۆی بـــۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێت: منیش ئەو کاتەی منداڵ بووم، هیواو ئاواتم ئەوە بوو، ببمە پزیشك.

پوختە:

✍ پێویستە هەموو منداڵێك، هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە، ئامانجی خۆی دیاری بکاتو بزانێت دەیەوێت ببێت بەچی، باشترە ئەم ئامانجە لە دەفتەری یادەوەرییەکانیدا بنووسێت.

✍ دیاریکردنی ئامانجو نووسینی بە تەنها سوود بە خاوەنەکەی ناگەیەنێت، پێویستە لەگەڵیدا هەوڵ بداتو خۆی ماندوو بکاتو تێکۆشـــان بە ئەندازەی خەونەکەی بکات. جوانیان وتووە: پلە بڵندی شەونخونی دەوێت.

✍ لەم چیرۆکەوە فێردەبین، کە هیچ شـــتێك ئاســـتەم نییە، ئەگـــەر مـــرۆڤ هەوڵ بـــداتو خـــۆی ماندوو بـــکاتو بەرەو ئامانجەکەی هەنگاوی ژیرانە بنێت.



خواردنی تەواو

شـــەیما لە پۆلی سێیەمی بنەڕەتی بوو، شەیما هەر کات دەهاتە سەرخوان بۆ نانخواردن، تەنها سرکەو زەڵاتەی دەخوارد، هەموو جارێـــك دایکی پێی دەگوت: شـــەیما گیان، پێویســـتە لە هەموو جۆرەکانی خواردن بخۆیت، بۆئەوەی نەخۆش نەبیت..

بەڵام شەیما قەناعەتی بە قســـەکانی دایکی نەبوو، هەمیشە دەیگوت: دایەگیان، من تـــا تێر دەبم دەخۆم، ئیدی بۆچی نەخۆش دەبـــم، هەموو ڕۆژێك دایکی ئەم قســـەیەی بە شـــەیما دەگوت، شەیماش هەمان وەڵامی دەدایەوە.

ڕۆژێکیان شـــەیما لەگەڵ هاوڕێکانی لـــە گۆڕەپانی قوتابخانە یارییـــان دەکرد، هەســـتی بە ئازارێـــك کرد لە ئێســـکەکانیدا، هەستی دەکرد ناتوانێت ڕابکاتو یاری بکات لەگەڵ هاوڕێکانیدا، هاوڕێیەکـــی لێی نزیك بووەو پێی گوت: چی ڕووی داوە شـــەیما گیان، بۆچی ڕووخسارت تێکچووە؟!

شـــەیما وتی: ناتوانم بـــڕۆم، ئێســـقانەکانم زۆر ئازاری هەیە، هاوڕێکەی گوتی: هەســـتە با بڕۆین بۆ لای پزیشـــکی قوتابخانە، پێکەوە هەر چۆنێك بێت ڕۆیشـــتن بۆ لای پزیشـــکی قوتابخانە، شەیما ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە، وتی: لەناکاو هەستم بە ئازارێك کردو نەمتوانی ڕابکەم، ناچار دانیشتووم..

پزیشـــکەکە دوای پشـــکنین وتی: تۆ پێویســـتت بە هەندێك

شیکاریو پشکنینو تیشك هەیە..

شەیما سەری سوڕما، وتی: بۆچی جەنابی دکتور؟

دکتورەکە وتی: سبەی برۆ بۆ نەخۆشخانەو ئەم پشکنینو شیکارو تیشکە ئەنجام بدەو پاشان بۆم بهێنەوە، ئەو کات دەزانین کێشەت چییە!

بۆ ڕۆژی دواتر، شەیما ڕۆیشت بۆ نەخۆشخانە، سەرجەم ئەو پشکنینانەی پێویست بوو، بۆیان ئەنجام دا، دوای ئەوەی پشکنینەکانی تەواو کرد، چووە باوەشی دایکییەوەو وتی: ئێستا ئازارم زۆرترە، زۆر دەترسم ئەو هەموو پشکنینە بۆچی؟ دایکیشی دڵخۆشی ئەدایەوەو دەیگوت: مەترسە کچی خۆم، بە پشتیوانی خودا هەموو شتێك باش دەبێت..

بۆ ڕۆژی دواتر شەیماو دایکی ڕۆیشتن بۆ لای پزیشکی قوتابخانەکەو ئەنجامی سەرجەم پشکنینەکانیان بۆ بردەوە، بۆئەوەی بزانن شەیما چییەتی، پزیشکەکە سەیری ئەنجامی پشکنینەکانی کردو پاشان سەیری شەیمای کردو وتی: شەیما تۆ تووشی بەدخۆراکی بوویت.. بڕێك خوێی زۆر لە جەستەتدا هەیە.

شەیما لە مەبەستو قسەکانی پزیشکەکە تێنەگەیشت، لەبەرئەوە پرسی ئەوە مانای چییە؟

پزیشکەکە وتی: پێویستە گۆڕانکاری لە خواردنەکانتدا بکەیت،

هەموو جۆرە خواردنێك بخۆیت، چونكە جەستەی مرۆڤ پێویستی بـە هەموو جۆرەكانـی ڤیتامین هەیە، بۆئەوەی جەستەیەكی پتەوو بەهێزی هەبێت.. سەوزە، میوە، گۆشت، ماسی، نان، شیرو بەرهەمەكانی شیر، بخۆ، بەڵام سركە زۆر مەخۆ، چونكە سركە بووەتە هۆی ئەوەی خوێی زۆر لە جەستەتدا كۆببێتەوە، ئەوەش بووەتە هۆی دروستكردنی ئازار لە ئێسكەكانتدا!

دایكـی وتی: جەنابی دكتـور بەردەوام هەمـوو ڕۆژێك ئەم قسەیەم پێ وتووە، بەڵام گوێی بە ئامۆژگارییەكانی من نەداوە!

ئەو كات شەیما زانی، كە جەستەی مرۆڤ پێویستی بە هەموو جۆرە خواردنێكە.

پوختە:

✍ هیچ كات ئامۆژگارییەكانی دایكو باوكت فەرامۆش مەكە، ئەوان لە هەموو كەس زیاتر دڵسـۆزی تۆنو بەرژەوەندی تۆیان لە خۆیان زیاتر دەوێت.

✍ بۆئەوەی جەستەیەكی بەهێزو پتەووت هەبێت، پێویستە هەموو جۆرە خواردنێك بخۆیت.

✍ جەسـتەی مرۆڤ پێویسـتی بە جۆرەهـا ڤیتامین هەیە، هەرگیـز هەموو ڤیتامینەكان لە یەك خواردندا نین، لەبەرئەوە گۆڕانكاری لە خواردنەكانتدا بكە.

گوڵەکان لێ مەکەرەوە



شادیو شارۆو سارا هاوڕێ بوون، ڕۆژێکیان پێکەوە بڕیاریاندا بچن بۆ یەکێ لە باخچەکانی شـــار، هەر یەك لەوان ئەو شەوە مۆڵەتـــی چوونیان بۆ باخچـــە لە دایكو باوکیان خواســـت، بۆ بەیانـــی دوای تەواوبوونی دەوامی قوتابخانەیان، هەر ســـێکیان پێکەوە زۆر بە دڵخۆشـــیو خۆشحاڵییەوە، ڕوویان کردە یەکێك لە باخچە گەورەو فراوانو دڵگیرەکانی شار..

هەر کە گەیشـــتنە باخچەکە، دەســـتیان کرد بە گەڕان بە نێو گـــوڵو گوڵزارو درەختە جوانەکانی باخچەکەدا، باخچەکە دیمەنێکی زۆر جوانی دەبەخشـــییە ســـەردانکەرانی، گوڵەکانی باخچەکە لە لایەن کرێکارانی باخچەوە زۆر بە جوانی خزمەت دەکران، ســـیمایەکی زۆر جوانیان بەخیشـــبووە باخچەکە، سێ هاوڕێ لە نێو ئەو کەشـــە ئارامو دڵڕفێنەدا پێکەوە پیاســـەیان دەکردو باسیان لە جوانیو دڵگیری باخچەکە دەکرد..

لەو کاتەدا شادی گوڵێکی سوری زۆر جوانی بینی، بە تەواوی سەرنجی ڕاکێشـــا، بەخێرایی ڕۆیشـــت بۆ لای گوڵەکەو بانگی ســـاراو شـــارۆی کردو وتی: ئایا ئێوە تا ئێستا گوڵی وەها جوانو ناوازەتان بینیوە، تەماشای ڕەنگە جوانەکەی بکەن، بۆنی بکەن، بزانن بۆنەکەی چەندە خۆشو سەرنجڕاکێشە!!

شادی زۆر سەرسام بوو بەو گوڵە جوانو ناوازەیە، بە جۆرێك

وایدەزانی کە تائێستا گوڵی لەو شێوەی نەدیتووە، لەبەرئەوە دەستی درێژ کرد تا گوڵەکە لێبکاتەوە.. شارۆ دەستی گرتو وتی: شادی بۆچی دەتەوێت ئەو گوڵە جوانە لێ بکەیتەوە؟

شادی وتی: دەمەوێت لێی بکەمەوەو بیبەمەوە بۆماڵەوەو لە ژوورەکەی خۆم دایبنێمو پارێزگاری لێ بکەم!

سارا وتی: شادی ئایا دەزانیت، گوڵەکان کاتێك لە لقەکانیان دەکرێنەوە، دوای چەند کاتژمێرێك پەڕەکانیان هەڵدەوەرنو ڕەنگیان دەگۆڕێنو دواتر وشك دەبن؟

شادی: بۆچی وشك دەبن، لە کاتێکدا من کە گەڕامەوە ماڵ، پارێزگاری لێ دەکەمو چاودێری دەکەمو ئاوی دەدەم؟

شارۆ وتی: شادی گیان، ئەم باخچانە بۆ ئەوە نەڕازێنراونەتەوە بۆ ئەوەی هەر یەك لە ئێمە بێت گوڵێك کە بەلایەوە جوانو سەرنجڕاکێشە، لێی بکاتەوە، بەڵکو ئەم باخچانە بۆ ئەوە دروستکراونو ڕازێنراونەتەوە، تا شەقامو شارەکانمان جوانو ڕازاوە بکەنو بۆنو بەرامەی خۆشیان پێ ببەخشن.

ئەو کات شادی سەیرێکی هاوڕێکانی کردو وتی: سوپاس بۆ ئەو خودایەی هاوڕێی وەکو ئێوەی پێ بەخشیوم، کە ئەگەر ویستم هەڵەیەك بکەم، ڕێگەم لێدەگرنو ئامۆژگاریم دەکەنو ڕێگە نادەن کاری هەڵە ئەنجام بدەم.

پاشـــان شـــادی لەگوڵەکە دوورکەوتەوەو وتی: بەڕاستی لە ژیانمدا گوڵـــی وەها جوانم نەدیتووە.. هەمووان دەســـتیان کرد بە پێکەنین‌و ڕۆیشـــتن تا بەنێو گوڵو گوڵزارەکانی باخچەکەدا کاتێکی خۆش بەسەربەرن.

پوختە:

✍ هەر کات ویستمان لەگەڵ هاوڕێکانمان بڕۆین بۆ شوێنێك، پێویستە سەرەتا مۆڵەت لە دایك‌و باوکمان وەربگرین.

✍ گوڵـــی باخچـــەکان بـــۆ ڕازاندنـــەوەی باخچەکانـــە، بۆ بەرژەوەندی هەمووانە، نەك بۆ بەرژەوەندی یەك کەس، ئەگەر بڕیار بووایە هـــەر کەس گوڵێکی جوان لە باخچە ببینێت‌و لێی بکاتەوە، شادی‌و هاوڕێکانی ئەو گوڵەیان نەدەبینی، چونکە پێش ئەوان کەسانی تر کە دەیانبینی لێیان دەکردەوە.

✍ وەزیری پەروەردەی چین، بەیانییەکیان بەرەو وەزارەتەکەی دەڕۆیشـــت، لە ڕێگەدا بینی قوتابییەك گوڵێك لێ دەکاتەوە، هەر گەیشتە وەزارەتەکەی نامەی دەستلەکارکێشانەوەی نوسی، وتیان: بۆچی قوربان، لە وەڵامدا وتی: دیارە لە سیســـتەمی پەروەردەدا کەموکوڕی هەیە، ئەگینا قوتابییەك گوڵ لێ ناکاتەوە.

کەواتە ئەگەر گوڵێك ناڕوێنیت، هیچ نا گوڵەکان ئازار مەدەو لێیان مەکەرەوە.

شاری کرداره بیرکارییەکان

ڕۆژێکیان کرداره بیرکارییەکان کۆبوونەوە، وتیان: پێویستە شارێك بە ناوی خۆمانەوە بنیات بنێین‌و هەروەکو شاری پیتەکان‌و شاری ژمارەکان، پێویستە ئێمەش شارێکمان هەبێت..

بۆ ئەم مەبەستە دەستیان کرد بە بنیاتنانی شاری کرداره بیرکارییەکان، دوای ئەوەی شارەکە بنیاتنرا، دانیشتوانی شار وتیان: پێویستە سەرۆکێك بۆ ئەم شارە هەڵبژێرین، کەواتە دەبێت هەڵبژاردن ئەنجام بدەین‌و یەکێك لە نێوان خۆماندا هەڵبژێرین.. چوار کردارەکە خۆیان پاڵاوت بۆ هەڵبژاردن.. دانیشتوانی شار وتیان: پێویستە هەر یەك لە چوا کرداره بیرکارییەکە سەرەتا لەبەردەمی جەماوەردا خۆیان بناسێنن‌و کارو پڕۆژەکانیان ڕابگەیەنن، پێمان بڵێن: ئەگەر هەر یەك لەوان بوونە سەرۆك چیمان بۆ دەکەن؟

پاڵێوراوی یەکەم: بەمشێوەیە خۆی ناساند: من ناوم (کۆ) یە، ئەمەش نیشانەکەمە (+)، من هەمیشە ژمارەکان زیاد دەکەم، ئەو ژمارەی کە لە لامە کۆی دەکەمەوە لەگەڵ ئەو ژمارەیەی کە دواتر دێتە لام، هەمیشە ژمارەکان لەگەڵ مندا زیاد دەکەن، هەرگیز کەم ناکەن، ئەگەر من لە هەڵبژاردن دەربچم‌و ببمە سەرۆکی شار، هەموو هێزم کۆدەکەمەوەو کاردەکەم لە پێناوی شارەکەم، ئامادەبووان چەپڵەبارانیان کرد.

دواتر پاڵێــوراوی دووەم هاتو وتی: من ناوی (کەم)ە، ئەمەش نیشــانەکەمەە (-)، من هەمیشـــە جیــاوازی دەکـــەم لە نێوان ژمارەی گەورەو بچوکدا، ئەگەر دەربچم لە هەڵبژاردن، زەکاتو خێرو بەخشـــینەکان، لە دەوڵەمەنـــدەکان وەردەگرم، کە ژمارە گەورەکانن، دەیبەخشـــم بە ژمارە بچووکەکان کە هەژارەکانن، ئامادەبووان چەپڵە بارانیان کرد.

پاشان پاڵێوراوی سێیەم هاتو وتی: من ناوم (دابەش)ە، ئەمەش نیشانەکەمە (÷)، من هەمیشە ژمارەکانی کە لەلامە، بە یەکسانی دابەشی دەکەم بەسەر ئەو ژمارانەی کە دواتر دێن بۆ لام، ئەگەر من لە هەڵبژاردن دەربچم، ئەوە زەوییە کشتوکاڵییەکانی شارەکەم بەســـەر لاوەکاندا دابەش دەکەم، بۆئەوەی کاری تێدا بکەنو شار ئاوەدان بکەنەوە، ئامادەبووان ئەویشیان چەپڵەباران کرد.

پاشان پاڵێوراوی چوارەم هاتو ئەویش بەمشێوەیە خۆی ناساند: مـــن ناوم (کـــەڕەت)ە، ئەمەش نیشـــانەکەمە (×)، من ژمارەکان کەڕەتی یەکتر دەکەم، بەوەش دەبنـــە دووهێندەو چەند هێندە، ئەگـــەر من لە هەڵبـــژاردن دەربچم، ئەوا ڕووبەری ســـەوزایی لە شـــارەکەم دوو هێندەو ســـێ هێندە زیاد دەکـــەم، ئامادەبووان چەپڵەبارانیان کرد.

دوای ئـــەوەی هەر چـــوار پاڵێوراوەکە کارو پـــڕۆژەی خۆیان پێشـــکەش کـــرد، ئامادەبووان ڕێککەوتن لەســـەر ئـــەوەی کە هـــەر چـــوار پاڵێوراوەکە (کۆ، کەم، دابەش، کـــەڕەت)، پێکەوە ســـەرۆکایەتی شـــارەکە بکەن، چونکە هیچیـــان ناتوانن بەبێ ئەوانی دیکە شـــارەکە بەڕێوە ببەن، هەمووان پێویســـتیان بە یەکتر هەیە.

پوختە:

✍ ئێمە هەمووان تەواوکەری یەکترین، کەســـمان ناتوانین ئەوی دیکەمان بسڕێتەوەو وابزانێت هیچ پێویستی بەوانی دیکە نییە. هاوشێوەی ئەندامەکانی جەستە، پێویستمان بە یەکترە.

✍ مرۆڤـــەکان پێکەوە جوانن، پێکەوە تەواوکەری یەکترن، هەر یەکەو لە لایەکەوە خزمەت دەکات.

✍ جیاوازییەکانـــی نێوانمان بۆ ئـــەوە نییە ڕقمان لە یەکتر بێتو دژایەتی یەکتر بکەین، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە هەر یەکەمان بەپێی پسپۆڕیو شارەزایی خۆی لایەنێکی گرنگی ژیان بگرێت.

لێبوردن

شـــەماڵ کوڕێکی ژیـــرو زیرەکو بـــە توانابـــوو، ڕێکوپێکو پاکوخاوێن‌و ڕۆح ســـوک بوو، قوتابییەکان‌و مامۆســـتاکانی زۆر خۆشـــیان دەویســـت، هەمیشـــە بە پلەی بەرز لـــە قوتابخانە دەردەچوو، شەماڵ حەزی دەکرد هاوکاری هاوڕێکانی بکاتو ئەو وانانەی باش تێی نەگەیشتوون، ئەم زیاتر بۆیان ڕوون بکاتەوە.

بـــەڵام شـــەماڵ نەیدەتوانی لەگەڵ هاوڕێکانیـــدا یاری بکات.. چونکە شـــەماڵ لە منداڵییـــەوە دووچـــاری کەمئەندامی ببوو، نەیدەتوانـــی بـــە پێوە ڕابووەســـتێت، هەمیشـــە خۆی لەســـەر دارشەقەکانی ڕادەگرت.. هاوڕێکانی لەبەر خۆشەویستی شەماڵ بـــە دانیشـــتنانەوە یارییان لەگەڵدا دەکرد، هەمیشـــە لە دەوری شەماڵ کۆدەبوونەوە، بۆئەوەی هەست بە تەنهایی نەکات.

بـــەڵام یەکێك لە هاوڕێکانی کە ناوی حەســـەن بوو، جیاواز لە هاوڕێکانی دیکەی، هەمیشـــە خراپ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد، گاڵتەی پێدەکردو پێی دەگوت: تۆ چ سوودێکت هەیە؟

شـــەماڵیش بەو قســـەیە زۆر نیگـــەران دەبوو، دەڕۆیشـــتە گۆشـــەیەکەوەو بە تەنهـــا دادەنیشـــت، تا هاوڕێکانـــی دیکەی دەڕۆیشـــتن بۆ لای‌و دڵخۆشـــییان دەدایەوە، بەتایبەت ئەحمەد، شـــەماڵی زۆر خۆش دەویست، هەموو جارێك پێی دەگوت: نابێت

تۆ بێتاقەتو نیگەران بیت، چونکــە تۆ نموونەی بەختەوەریو خۆشحاڵیو هێزو توانایت!

پێویستە تۆ گوێ نەدەیت بە قسەی ئەو کەسانەی دەیانەوێت نیگەرانت بکــەن، بێگومان هەر یەك لە ئێمە خاوەنی کۆمەڵێك سیفاتی جوانە، کە لەوانی دیکەمان جیا دەکاتەوە..

ڕۆژان هاتو ڕۆیشت، کاتی تاقیکردنەوەکان هاتە پێش، شەماڵ بــە پلەی یەکــەم توانی ســەرکەوتن بەدەســت بهێنێت، بەڵام حەسەن لە چەند وانەیەك کەوتبوو!

بەڵام لــەو ڕۆژەدا، واتە ڕۆژی وەرگرتنــەوەی ئەنجامەکان، شەماڵ گاڵتەی بە حەسەن نەکرد، بەڵکو بانگی کردو پێی گوت: من ئامادەم هاوکاریت بکەمو ئەو وانانەی تیایدا کەوتوویت زیاتر بۆت ڕوون بکەمەوە، تا بتوانیت لە خولی دووەم ســەرکەوتوو بیت.. هەر هاوکارییەکت ویست من ئامادەم.. چونکە تۆ هاوپۆلو هاوڕێی منیت، ئەرکی سەرشانمە هاوکاریت بکەم!

حەســەن وتی: شەماڵ تۆ چەند کەسێکی لێبوردەیت، لەگەڵ ئەوەشــدا کە من هەمیشە بێزارو نیگەرانم کردوویت، بەڵام تۆ ئێستا هاوکاریم دەکەیت. حەسەن فێربوو، کە ئیدی نابێت گاڵتە بە هیچ کەس بکات، چونکە لەوانەیە ئەو زۆر لەو باشتر بێت.

پوختە:

✍ هەرگیـــز نابێـــت گاڵتە بە هیچ کەس بکەیـــن، بەتایبەت کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

✍ هیچ کـــەس کەمئەندامیی نەکڕیوەو کەســـیش بە ئاواتی نەخواســـتووە، کەواتە بـــا لەبری ئەوەی گاڵتەیـــان پێ بکەین، هاوکارییان بکەین‌و دڵخۆشییان بدەینەوە.

✍ لێبـــوردن جوانترین ســـیفاتی مرۆڤە، هـــەوڵ بدە ، وەکو شەماڵ هەمیشە وەڵامی خراپە بە چاکە بدەیتەوە.

وریابە لە ڕێگەدا

ئـــارام لەگەڵ باوكیدا بە ڕێگەدا دەڕۆیشـــتن، بۆئەوەی بڕۆن بۆ ماڵی باپیرەیان، تا ســـەردانی باپیرەی بكەنو لە تەندروستیو كاروبـــاری دڵنیابن، ئـــەو ڕۆژە هەینی بوو، پشـــوو بوو، دەوامی فەرمانگەكان نەبوو، كرێـــكارەكان لەو ڕۆژەدا لە ماڵەوە بوون، خوێندكارەكان ئـــەو ڕۆژە نارۆن بۆ قوتابخانـــە، هەموو چینو توێژەكان جگە لە كەمینەیەك لە ڕۆژانی هەینیدا كارناكەن..

ئارامو باوكی لە وێستگەی پاسەكان ڕاوەستابوون، چاوەڕوانی هاتنی پاسیان دەكرد، دواجار پاسێك هاتو ئەمانیش سەركەوتن، ئارام لای پەنجەرەكەوە دانیشـــتبوو، ســـەری لە پەنجەرەكەوە بـــردە دەرەوە، حەزی بە هەوای دەرەوە دەكرد، باوكی بەپەلە پێی گوت: كوڕی شـــیرینم، ئاگاداربە سەر مەبەرە دەرەوە، نەبادا ئەو ئۆتۆمبێلانەی كە بە تەنیشـــتماندا دەڕۆن، ئازارت پێ بگەیەنن، ئارام بەقسەی باوكی كردو سەری هێنایەوە نێو ئۆتۆمبێلەكە، پاش كەمێكی تر، ئارام هەستی بە هەوایەكی سازگار كرد لە دەرەوەی ئۆتۆمبێلەكە، چونكە پاســـەكە بە نێو دارســـتانو بە ئاراستەی گوندەكەیان ڕێگەی دەبڕی، ئـــارام چیدی نەیتوانی خۆی بگرێت، ئەمجارەیان دەســـتی بردە دەرەوەو یاری لەگەڵ هەواكەدا دەكرد، دووبـــارە باوكی ئاگاداری كردەوەو وتی: تكایە دەســـتت بهێنەرە

ناوەوە، ئەگەر ئۆتۆمبێلێك بە تەنیشـــتماندا تێپەڕێت، زیانت پێ دەگەیەنێت..

پاش ماوەیەك گەیشتنە شوێنی مەبەست، لە پاسەکە دابەزین، بەڵام ماوەیەکیان مابوو بگەنـــە ماڵی باپیرەی، دەبوا ئەو ماوەیان بە پێ ببڕیایە، هەر کە دەســـتیان کرد بە ڕۆیشتن ئارام بەسەر شـــەقامەکەدا دەڕۆیشـــت، باوکی دەســـتی گرتو بردییە سەر شۆستەکەو وتی: کورم، دەبێت ئێمە پیادەکان بەسەر شۆستەکەدا بڕۆین، چونکە ئەوە ئێمە لە ئۆتۆمبێلەکان دەپارێزێت..

ئارام وتی: باشـــە ئەگەر ڕێگایەك شۆستەی بۆ نەکرابوو، ئەو کاتە چی بکەین؟

باوکی وتی: دەبێت لە لێواری شـــەقامەکەوە بڕۆین، دوور لە ئۆتۆمبێلەکان..

دوای ئەوەی شۆســـتەکە تەواو بوو، ئـــارام بەردەوام بوو لە ڕۆیشـــتن بۆ ئەوەی لە شـــەقامەکە بپەڕێتەوە، باوکی دەستی گـــرتو وتی: نا ئـــارام، دەبێت ئێمـــە لە شـــوێنی تایبەتییەوە بپەڕینەوە، واتە لەو شـــوێنەی کە بـــۆ پەڕینەوە دیاری کراوە، لەوێوە بپەڕینـــەوە، هەروەها دەبێت ســـەیری ترافیك لایتەکە بکەین، هەر کات لای ئێمە واتە پیادەکان ســـەوز بوو، نیشانەی

ئۆتۆمبێلەکان سوربوو، ئەو کات دەبێت ئێمە بپەڕینەوە..

پاشان پێش ئەوەی لە شەقامەکان بپەڕینەوە، دەبێت سەیری ئەم لاو ئەو لای شەقامەکە بکەین، پاشان سەیری لای ڕاستو چەپی خۆی کردو دواتر دەستی ئارامی گرتو پەڕینەوە لە شەقامەکە، پاشـــان ئارام وتی: بابەگیان بۆچی زیاتر لە جارێك ســـەیری لای ڕاستو چەپی شەقامەکەت کرد، باوکی وتی: بۆئەوەی دڵنیابین لە شـــەقامەکە، ڕێگەکە ئەمینو ئەمان بێت، چونکە ژیان زۆر بە نرخە، پێویستە پارێزگاری لە خۆمان بکەین.

پوختە:

✍ کاتێك سواری ئۆتۆمبێل دەبین، نابێت سەرمان، یان دەستمان بەینە دەرەوەی پەنجەرەکە.

✍ پێویستە لە کاتێکدا بەسەر شەقامەکاندا دەڕۆین، بەسەر شۆستەکاندا بڕۆین، نەك بەسەر شەقامەکان.

✍ کاتێك دەپەڕینەوە لە شـــەقام، پێویســـتە بەلای ڕاســـتو چەپی خۆماندا بڕوانین، تا دڵنیابین لە نەبوونی ئۆتۆمبێل، پاشان بپەڕینەوە.

سێ هاوڕێ

له دێر زەماندا ســێ هاوڕێ هەبوون پێکەوە دەژیان، ئەم سێ هاوڕێیە یەکێکیان جوتیار بوو، ئەوی دی نانەواو بوو، سێهەمیان وەســتای دیوار بوو، پێکەوە لــە خانوویەکی بچکۆلانەدا ژیانیان دەگوزەرانــد، ئــەوان زۆر بە هــەژاریو کەمدەرامەتی ژیانیان دەگوزەراند، لەگەڵ ئەوەشــدا کە هەر ســێکیان خاوەن پیشە بــوون، بەڵام لەبەرئەوەی ئیشوکار زۆر ڕووی لە کزی کردبوو، ڕۆژانە بە کرێیەکی کەم کاریان دەکرد.

ڕۆژان هاتنو چوون، ئیشوکار بە تەواوی کەم بوو، تەنانەت نانی شــێویان بە زەحمەت دەستدەکەوت، هەر سێکیان لە ماڵە بچکۆلانەکەیان دانیشتبوون، لە لایەك دەبوا بەرگەی برسێتیان بگرتایە، لە لایەکی دیکەش دەبوا بەدوای کاردا بگەڕانایە.

ئێوارەیەکیان دەمــەو خۆرئاوابوون، پیاوێکی بە ســاڵاچوو، ڕووخسار جوان، لە دەرگای دان، جوتیارەکە دەرگاکەی کردەوە، پیاوەکە وتی: من ڕێبوارم دەتوانم ئەمشــەو تا بەیانی لەلای ئێوە بمێنمەوە؟

هەر سێکیان بە خۆشحاڵییەوە پێشوازییان لێکرد، ئەو ئێوارە تەنها کولێرەیەکیان هەبوو، لەگەڵ ئاو پێشکەشی میوانەکەیان کرد، خۆیان بە برسێتی مانەوەو هیچ شتێك نەبوو بیخۆن.

کاتێك کابرای بەساڵاچوو لە بارودۆخو گوزەرانیان وردبووەوە،

زۆر سەری سـورما، لەبەرئەوە وتی: ئایا ئێوە گەنجو بە تواناو بەهێزنو بەڵام نانیش نییە بیخۆن؟

ئەوانیش چیرۆکی ژیانی خۆیانیان بۆ گێڕایەوە..

ڕێبوارەکە بە جوتیارەکەی گوت: ئایا پاچو خاکەنازو پێداویستی زەوی کێڵانت هەیە؟

جوتیارەکە وتی: بەڵێ.. هەمـوو ئەوانەم هەیە.. ڕێبوارەکە وتی: سـبەی لەگەڵ من وەرن، زەوییەکتـان بۆ بەکرێ دەگرم، بیکەن بە گەنم، هاوڕێکانیشـت یارمەتیت ئەدەن، پاشـان کە گەنمەکە پێگەیشت کرێی زەوییەکە بدەن.

پاشـان کە گەنمەکـە پێگەیشـت، جەنابی وەسـتا تۆ، بە هـاوکاری دوو هاوڕێکەی دیکەت دوکانێکی بچکۆلانە دروسـت بکەو بیکەنە نانەوا، پاشـان گەنمەکە بکەن بە ئاردو وەستای نانەواکەش دەسـت بکات بە نانکردن، ئێوەش لە هەویر شێلانو نان برژاندن یارمەتی بدەن. واتە پێکەوە کارەکان تەواو بکەن. بەڵام تکایە هەژارو کـەم دەرامەتەکانتان بیر نەچێت، چونکە بەخشین دەروازەی فراوانی ڕزقو ڕۆزییە.

هەر بۆ بەیانی پێکەوە ڕۆیشتنو زەوییەکەیان بە کرێ گرتو دەستیان کرد بە چاندنی گەنم، ئیدی هەر بەو شێوەی ڕێبوارەکە پلانی بۆ دانان، کارەکانیان ئەنجامدا!

دوای چەند ساڵێك پیرەمێردی بەساڵاچوو، لەو شارەوە تێپەڕی، پرسیاری ئەو سێ هاوڕێیەی کرد.. بە پرسیار ئەوانی دۆزییەوە، کاتێك ڕۆیشتە لایان بینی وا هەر یەك لەوان بووەتە خاوەنی سەروەتو سامانێکی زۆرو زۆرو حاڵو گوزەرانیان زۆرباشە، هاوکات کەسانێکی خێرخوازنو بەردەوام یارمەتی هەژارو کەم دەرامەتەکان دەدەن.

ئەوانە تەنها یەکیان گرتو پێکەوە کاریان کرد، بوونە خاوەنی کارو توانیان سەروەتێکی باش دەست بخەنو هاوکاری هەژارو کەمدەرامەتەکانیش بکەن.

پوختە:

✍ نابێت مرۆڤ دابنیشێو چاوەڕێ بکات، باردۆخی بگۆڕێت، بەڵکو دەبێت هەوڵ بداتو تێ بکۆشێت، ئەگەر دەرگایەك داخرا بڕوات بە دوای دەرگایەکی دیکەدا.

✍ مرۆڤەکان پێکەوە دەتوانن ژیان تەواو بکەن، پێکەوە دەتوانن کار پەیدا بکەن، جوتیار بەبێ، نانەوا، نانەوا بەبێ وەستا، قوتابی بێ مامۆستا، پزیشك بێ نەخۆش، ناتوانن هیچ بکەن، هەمووان تەواوکەری یەکترین.

✍ ئەگەر یەکبگرینو پێکەوە هەوڵ بدەین، دڵنیابن دەتوانین هەموو کارێکی باش ئەنجام بدەین.

لەیەك تێگەیشتن باشترە



بارام لە قوتابخانە گەڕایەوە بۆ ماڵ، بەڵام بە جیاواز لە ڕۆژانی پێشـــوو، چونکە ڕۆژانی پێشـــوو، هەر لە دوورەوە بانگی دایکی دەکردو دەیگوت: دایە گیان گەڕامەوە، سڵاوتان لێبێت، بە قسەی خۆش‌و ڕووخســـارێکی گەشـــەوە دەهاتەوە ماڵ، بەڵام ئەمڕۆ بە پێچەوانەوە بە ڕووخســـارێکی خەمـــاوی‌و ناوچەوانێکی گرژو تورەوە، بێئەوەی یەك قســـە بکات ڕۆیشـــت بۆ ژوورەکەی خۆی، دایکـــی بارام زۆر لای ســـەیر بوو، کە بارامی بەو شـــێوەیە بینی، چونکە هەرگیز بارامی بەو شێوەیە نەدیتبوو، لەبەرئەوە ڕۆیشت بۆ ژوورەکەی بارام‌و پێی گوت: کوڕی شـــیرینم، شتێك ڕوویداوە؟ خۆ تۆ مۆڵەتت خواست کە دوای دەوامی قوتابخانە بڕۆیت لەگەڵ هاوڕێکانت یاری تۆپی پێ بکەیت، وتت کە یاریتان هەیە؟

بارام وتی: ڕۆیشتم یاریمان کرد، بەڵام.. دایکی: بەڵام چی کوڕم..

بارام قسەکانی بۆ تەواو نەکرا، دەستی کردە گریان، دواتر وتی: لە یارییەکەدا دەمەقاڵە دروســـت بوو، هەر دوو هاوڕێ: شاهۆو هەرێم بوو بە شـــەڕیان، شـــاهۆ پاڵێکی نا بە هەرێمەوە، هەرێم ســـەری بەردیوارەکە کەوت‌و سەری شکا، خوێن بە جەستەیدا هاتەخوارەوە، پاشان هەرێممان بردەوە بۆ ماڵەوە، باوکی بەپەلە بردی بۆ نەخۆشخانە.

دایکی وتی: (لاحول ولاقوة الا بالله)، بەڵام ئێستا پێویست نییە تۆ بگریت، بەڵکو پێویستە بڕۆیت لە تەندروستی هەرێم بپرسیت‌و لە باردۆخی ئاگاداربیت، پاشان هەوڵ بدەن، ڕێکیان بخەنەوەو ئاشتیان بکەنەوە لەگەڵ شاهۆ..

بارام کەمێك ئارام بووەوەو بڕیاری دا بڕوات بۆ ماڵی هەرێم‌و هەواڵی بپرسێت..

پاشان دایکی وتی: بارام تۆ ڕات چییە سەبارەت بەوەی ڕوویدا لە نێوان هاوڕێکانتدا؟

بارام وتی: دایە گیان زۆر نیگەران بووم بەو ڕووداوە، چونکە نابێت ئێمە یەکتری ئازار بدەین، چونکە ئێمە هاوڕێی یەکین، ئەگەر لە شتێکیشدا بیروڕامان جیاواز بوو، پێویستە بە گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوە چارەسەری ناکۆکی‌و جیاوازی نێوانمان بکەین، نەم بە شەڕو لێدان.

دایکی وتی: ئافەرین کوڕی خۆم، شەڕو ئاژاوەو لێدان، چارەسەری هیچ گرفت‌و کێشەیەك ناکات، بەڵام بە لەیەك تێگەیشتن‌و ڕاگۆڕینەوەو گفتوگۆکردن‌و برایەتی‌و خۆشەویستی، دەتوانین چارەسەری هەموو کێشەو گرفتێك بکەین.

پوختە:

✍ ئەگەر لەگەڵ هاوڕێیەکمان ناکۆکیمان هەبوو، پێویستە بە ڕاگۆڕینەوەو گفتوگۆ چارەسەری کێشەکانی نێوانمان بکەین، نەك بە شەڕو ئاژاوە.

✍ هەمیشە شـــەڕو لێدان کێشەکان گەورەتر دەکەن، نەك بچوکتر، لەبەرئەوە مرۆڤی ژیر هەرگیز پەنا بۆ شـــەڕو لێدان نابات لەگەڵ هاورێکەی.

✍ هیچ شتێك لە دایكو باوکمان نەشارینەوە، چونکە هەمیشە ئەوان بیرکردنەوەیان لە ئێمـــە فراونترەو دەتوانن ڕێگەچارەی گونجاومان بۆ بدۆزنەوە.

هەرگیز جێت ناهێڵم

خالیدو ســـەردار هاوڕێــی منداڵی بــوون، ڕۆژانەو زۆربەی کاتەکان پێکەوەبوون، جگە لــەوەی هاوپۆلی یەکتر بوونو لە قوتابخانەش لە یەك جودا نەدەبوونەوە، زۆریك لە یادەوەرییەکانی ژیانیان پێکەوە بوو..

ڕۆژێکیــان ســـەردار نەچووبوو بۆ قوتابخانــە، خالدیش هیچ هەواڵێکی لێی نەبوو، نەیدەزانی بۆچی نەهاتووە، ئەو ڕۆژە زۆر پەرۆشی سەردار بوو، ســـەرەتا گومانی برد، کە ڕەنگە نەخۆش بێت، بۆیــە نەهاتۆتەوە، هەر چۆنێك بێــت، ئەو ڕۆژەش دەوام تـــەواو بوو، دوای ئەوەی گەڕایەوە مـــاڵو نانی نیوەڕۆی خوارد، ڕووداوەکـــەی بۆ دایکی گێڕایەوەو داوای لێ کرد، مۆڵەتی بدات؛ تا بڕوات بۆ ماڵی سەردارو هۆکاری نەهاتنەکەی بزانێت.. دایکی مۆڵەتــی پێداو خالیدیــش بەرەو ماڵی ســـەرداری هاوڕێی بەڕێ کەوت، بەڵام ماڵی ســـەردار کەسیان لە ماڵ نەبوو، لەبەرئەوە نەیتوانی هەواڵی ســـەرداری هاوڕێی دەست بخات، بەخەمباری بەرەو ماڵ گەڕایەوە، لە ڕێگەدا کاتێك سەیری ئەملاو لای خۆی دەکرد، بینی ئەوە ســـەردارە، جلوبەرگی فیتەری لەبەردایەو لە دوکانی وەســـتا حەســـانی فیتەر کار دەکات، بەپەلە ڕۆیشت بۆ دوکانەکەی، داوای مۆڵەتی لە وەســـتا حەســـان کرد، کە ڕێگەی بدات کەمێك قسە لەگەڵ سەرداردا بکات.

خالید: سەردار چی ڕووی داوە؟ بۆچی تۆ لێرەیت؟ بۆچی نەهاتبوویت بۆ قوتابخانە؟

سەردار: لە ڕاستیدا قوتابخانە خەرجیی زۆرەو پێویستی بە زۆر کەلوپەل هەبوو؛ تا بیکڕمو بتوانم بخوێنم، تۆش باش دەزانیت لەو کاتەی باوکم مالاوایی لە ژیان کرد، ئێمە خاوەنی هیچ سەروەتو سامانێك نەبووین، کەسی کاسبکاریشمان نییە، ماڵیش پێویستی بە پارەو خەرجی هەیە، منیش ئەم کارەم لێرە دۆزییەوە لای وەستا حەسان کار دەکەم، تا بتوانم خەرجیو پێداویستییەکانی ماڵ بۆ دایکمو خوشکە بچکۆلەکەم دابین بکەم، پاشان ئەگەر توانیم لە ئایندەدا درێژە بە خوێندن دەدەم، بەلام لە ئێستادا تاکە ڕێگەچارە ئەوەیە کە من دەبێت کار بکەم، نەك بخوێنم.

دوای ئەم گفتوگۆیە، خالید بە خەمباری مالاوایی لە سەردار کردو بەرەو ماڵ گەڕایەوە، باوکی پرسیاری لە خالید کردو گوتی: کوڕم ڕۆیشتیت بۆ لای سەردار؟ زانیت هۆکاری نەهاتنەوەی بۆ قوتابخانە چی بووە؟

خالیدیش ڕووداوەکەی بۆ باوکی گێڕایەوە، پاشان گوتی: بابەگیان ئایا تۆ ڕێگەچارەیەك شك نابەیت؛ تا سەردار واز لە قوتابخانە نەهێنێتو درێژە بە خوێندنەکەی بدات؟ بەڕاستی ئەو

له قوتابخانه زۆر زیرەکە، دڵنیام بە پشتیوانیی خودا، پاشەڕۆژێکی ڕوونو گەشی دەبێتو دەتوانێت پلەی باش بەدەست بهێنێت..

باوکی خالید گوتی: بۆچی نا کوڕم، چارەسەری دەکەین، بەڵام لەبەرئەوەی خۆت ســەردار باش دەناسیت، خاوەنی دەروونێکی بەرزو کەســێکی بە ئارامو بە قەناعەتــە، هەرگیز یارمەتی لە ئێمــە قەبوڵ ناکات، ئەگەر ئێســتا پێی بڵێم ئەوەی لای وەســتا حەسان دەســتت دەکەوێت، من پێت دەبەخشــم، بەڵام تۆ بڕۆ بخوێنەو لە قوتابخانە دامەبــڕێ، هەرگیز لێمان قەبوڵ ناکاتو بە قسەشــمان ناکات، بەڵام من دەتوانم کارێکی بۆ بدۆزمەوە کە ڕێگر نەبێت لە خوێندنەکەی.

خالید: چۆنو چ کارێك؟

باوکی خالید: بڕۆ بۆ لای سەردارو پێی بڵێ، با هەموو ڕۆژێك بەیانیان بڕوات بۆ قوتابخانە، دوا نیوەڕوان بێت بۆ دوکانەکەی من کار بکات، بە شەویشــدا سەرقاڵی سەعیکردنو پێداچوونەوەی وانەکانی بێت.

خالید بەم چارەســەرە زۆر خۆشــحاڵ بوو، زۆر سوپاســی باوکی کرد، داوای مۆڵەتی کرد تا بڕوات ئەم هەواڵە خۆشــە بە سەردار بگەیەنێت، کاتێك گەیشتە لای سەردارو ئەم هەواڵەی پێ ڕاگەیاند هەردووکیان زۆر خۆشــحاڵ بوون، باوەشیان کرد

به یەكداو ســـەردار زۆر سوپاسی خالیدو باوكی كرد.. خالیدیش گوتی: هاوڕێی ئەزیزم هەرگیز بە تەنها جێت ناهێڵم!

ئیدی لەو ڕۆژە بەدواوە، سەردار بەیانیان دەڕۆیشتە قوتابخانەو دوانیوەڕوان دەڕۆیشتە دوكانی باوكی خالیدو شەوانیش خەریكی سەعیو پێداچوونەوەی وانەكانی بوو.

پوختە:

✍ هاوڕێی ڕاســـتەقینە هەرگیز بە تەنیا جێت ناهێڵێت، لە هەموو بارودۆخێكدا، چ لە خۆشـــیو چ لە ناخۆشـــیدا، ناهێڵێت تەنیا بیت.

✍ هەر كارێك بەلای تۆوە قورسو ســـەخت بوو، بە هاوكاری دایكو باوكت دەتوانیت ڕێگە چارەیەكی بۆ بدۆزیتەوە، هەروەكو خالیـــد بە ڕاوێـــژی باوكی چارەســـەری بۆ ســـەرداری هاوڕێی دۆزییەوە.

✍ ئەگەر ماسییەكت دا بە هاوڕێكەت، ئەوا ژەمێك خۆراكت داوەتێ، بەڵام ئەگەر فێری ماســـی گرتنت كرد، ئەوا پیشەیەكی فێردەكەیـــتو خواردنی هەموو تەمەنی پێدەبەخشـــیت.. تۆش دەتوانیـــت لەبری ئەوەی بڕێك پارەی كەم بدەیت بە هاوڕێكەت، كارێكی بۆ بدۆزەرەوە.

ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێ وەرگیراوە

١- احكي لي يا امي حكاية.

٢- حكايات قبل النوم.

3_ http://haybinyakzhan.blogspot.com

4_ /http://www.stories_ar.com/2016/02
stories_children_short_stories_atfal_Image.html